ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٨١٣ ▪ سێشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٤٠٠ _ ٢١ی دێسامبری ٢٠٢١

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## مستەفا مەولوودی لە دیمانەیەکی تایبەتدا:

حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردەمانێک دادگای خۆی هەبووە و هەوڵی ئەوەی داوە خەڵک بە ڕێگای قانوون و دادگاوە بەدواداچوون بۆ مافەکانیان بکەن، ئێستا کە بۆخۆی لە وڵاتێکی دیکەیە ناکرێ پابەندی قانوونی ئەو وڵاتە نەبێ.

– ئێمە پەروەندەیەکی حقووقی بە زانیاری و بەڵگەی تەواوەوە ڕادەستی هەرێمی کوردستان دەکەین و ئەو بەرپرسایەتییە ئەخلاقی نەتەوەییە دەکەوێتە ئەستۆی دەزگای دادی هەرێم کە بەبێ ئەوەی ئێزن بدا دەستی دەرەکیی ئەملاوئەولا بێتە نێو دادگاوە، پەروەندەکە بە ئاکام بگەیەنێ.

– ئێمە ڕێز بۆ هەست و ئیحساسی خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدان دادەنێین کە بەشێکی زۆریان پێیان خۆش بوو سزای شۆڕشگێڕانە لەسەر تاوانباران جێبەجێ بکەین. بەڵام دەفتەری سیاسیی حیزب پێی وایە وەگەڕکەوتنی



ئەو پەروەندەیە لە دادگایەکی هەرێمی کوردستان و دادگای وڵاتانی دیکەدا زۆر زیاتر قازانجی بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ.

– حیزبی دێموکرات سیاسەتەکانی، قەرار و بڕیارەکانی دەبێ لەسەر ئەسڵی واقعبینی بێت. هەست و سۆز پیرۆزە، بەڵام مەرج نییە هەموو ئارزووەکانت بۆ بێنێتە دی.

(دەقی ئەو دیمانەیە لە لاپەڕەکانی ٤–٥دا بخوێنەوە)

# پێشمەرگە پارێزەری ئاڵا و شوناسی نەتەوەییمانە




سەروتار

## سازان لەگەڵ ئێران، لەپێناو چیدا و هەتا کەی؟

**عەلی بداغی**

ڕەوتی وتووێژەکانی بووژاندنەوەی بەرجام لەحاڵێکدا چاوەڕوان دەکرا پێش ساڵی نوێی زایینی بگاتە ئاکام، دیسان چەتی تێکەوتەوە لەگەڵ ئەوەشدا پرسیار ئەمەیە لە ئەگەری دیسانەکە سازان و ڕێککەوتنی ئێران و زلهێزەکاندا چی دێتە گیرفانی خەڵکەوە؟ خێروبێری ئەو ڕێککەوتنە پتر بۆ خەڵکە یان دەسەڵات؟

ئەم پرسیارە لەوە ڕا دێ کە لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا پێچەوانەی وڵاتە گەلی و دێموکراتیکەکان بەرژەوەندییەکانی خەڵک و دەسەڵات یەک نین. خەڵکی ئێران لەجێدا لەپێناو ماف و ئازادی و خۆشبژێویی پتر تەقڵی شۆڕش بوون و بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی خوێنیان دا، بەڵام ڕێبەرانی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو هەر زۆر زوو پشتیان لە هەموو وادە و بەڵێنەکانی پێش شۆڕش کرد. خەڵک ژیان و ماف و ئازادی و ئارامیی دوای شۆڕشیان دەویست، بەڵام ئەوان شەڕیان بەسەر کوردستاندا سەپاند و بۆ ماوەی هەشت ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراقیان درێژ کردەوە، تەنیا بۆوەی لەسۆنگەی پێشترییەتی شەڕەوە بناغەی دەسەڵاتەکەیان قایم و نەیاران و ڕەخنەگرانی دەسەڵاتەکەیان بەبێدەنگی دەمکوت و قەڵتوبڕ بکەن.

خەڵک دوای قۆناغی شەڕیش بە هەموو زیانە گیانی و ئابوورییە زەبەلاحەکانیەوە کاتێک ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## کەمترین پشک لە بودجەی ١٤٠١ بۆ کوردستانە

هەروەک چاوەڕوان دەکرا کوردستان کەمترین پشکی لە بودجەی ١٤٠١دا پێ بڕا.

بەپێی ڕەدیفی بودجەی ساڵی نوێ پارێزگاکانی تاران، یەزد و بووشێهر زۆرترین پشکیان لە بودجەی ١٤٠١دا بەرکەوتووە و چوار پارێزگاکەی کوردستان وێڕای لوڕستان، بەلووچستان، گوڵستان، قەزوین و ئەردەبیڵ کەمترین پشکیان پێ بڕاوە.

بەگوێرەی ئەو دابەشکارییە سەرانەی بودجەی هەر تاکێک لە ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی لە پارێزگاکانی ورمێ، سنە، کرماشان، ئیلام، لوڕستان و خوراسانی باکوور کەمتر لە ٢٠٠ هەزار تمەنە؛ کەچی ئەو سەرانەیە بۆ هەر تاکێک لە پارێزگاکانی تاران، یەزد و بووشێهر سەرووی یەک میلیۆن تمەنە. سەرنجڕاکێش ئەوەش کە پشکی دەزگای تەبلیغاتیی ڕێژیم لە بودجەی ساڵی نوێ دووقات زیادی کردووە و بەشە بودجەی ئاشکرای سپای پاسدارانیش لە بودجەی ساڵی نوێدا دوو هێندە و نیوی ساڵی پارە، لە حاڵێکدا سەرەڕای ئاوسانی ئابووری مووچە و حەقدەستی کارمەند و کرێکاران لەنێوان سەتا ١٠ هەتا سەتا ٣٠ زیادی کردووە.

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان ڕێژیم لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا زیاتر ١٤١٢ میلیارد دۆلاری تەنیا داهاتی نەوت بووە، کەچی لەسایەی دەسەڵاتی ڕێژیمەوە وڵات نوقمی هەژاری و قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە. بێبەشکردنی کوردستان لە بەشە بودجەی شیاوی خۆی بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی سیاسەتی ئەو ڕێژیمە بووە، بۆ نموونە ساڵی ١٣٩٢ نوێنەرانی پارێزگای سنە بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە پشکی کەمی ئەو پارێزگایە لە بودجەی وڵاتدا دەستیان لە کار کێشایەوە.

## کوشتوبڕی ١٧٤ کۆڵبەر و گرتنی ٤٤٦ کەس

لە ماوەی سێ مانگی پاییزدا ٤٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بوونەتە قوربانیی سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی. لەو ٤٠ کۆڵبەرە ١٢ کەسیان کوژراون و ٢٨ کۆڵبەریش بریندار بوون. لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا ١٣٤ کۆڵبەر و کاسبکار درابوونە بەر دەستڕێژ و بەوپێیە ژمارەی ئەو کۆڵبەرانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە کەوتوونەتە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم ١٧٤ کەس بووە کە ٤٩ کەسیان کوژراون و ١٢٥ کۆڵبەر و کاسبکاریش بریندار بوون. هەر لەو ماوەیەدا ٩ کەسی ئاسایی لە نێوشار یان لە زینداندا بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، یان لەژێر ئەشکەنجە و یان دەنا بەهۆی پێڕانەگەیشتنی پزیشکی گیانیان لەدەست داوە.

هەر لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا لانیکەم ١٥٣ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی ڕێژیم گیراون. ژمارەیەک لەوان دوای لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان تا کاتی دادگاییکرانیان بە دانانی بارمتە ئازاد کراون و ٣٥ کەس لەوان حوکمی ٢ مانگ تا ٤٥ ساڵ (سەرجەم ١٥٢٩ مانگ– ١٢٧ ساڵ و ٥ مانگ) زیندانیان بەسەردا سەپاوە. ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا ٢٩٣ کەسیان گرتبوو کە ٥٧ کەس لەوان دادگایی و سزای زیندانیان بەسەردا سەپاندبوون. بەو پێیە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا گیراون ٤٤٦ کەس بووە کە ٩٢ لەوان حوکمی زیندانیان بۆ دەرکراوە.


ئاڵا وەک سیمبول و ناسنامەی نەتەوە
٣


مافی مرۆڤ، دادگای تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی
٦


فرەزمانی لە هیچ کوێ ناتوانێ هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتی وڵات بێ
٩


دیپلۆماسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
١٠


پێشمەرگە شکۆی گەل
١١

درێژەی سەروتار

# سازان لەگەڵ ئێران لەپێناو چیدا و هەتا کەی؟

... پێکدژیی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و دەسەڵاتیان دی، کەوتنە هەوڵی گۆڕانکاری و، بۆ ئەوەش نیزیکترین پرد و ڕەوتی بۆ بەدواداچوونی داخوازەکانیان هەڵبژارد کە ڕیفۆرم بوو، بەڵام ڕەوتی چاکسازیی حکوومەتی ئەوەندە بڕشتەی نەبوو بتوانێ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بە قازانجی خەڵک بکا. دوو دەیە پاش پشتبەستنی خەڵک بە ڕەوتی ئیسلاحات و تەمابەردان و هیوابڕاویی خەڵک، ئەمجارە شەقامەکان بوونە دەنگ و نوێنگەی ویست و ئیرادەی خەڵک، بەڵام چ لە بەفرانباری ٩٦ و چ لە خەزەڵوەری ٩٨ و چ لە ناڕەزایەتییەکانی دیکەی سەرشەقام لە سۆنگەی کێشەی ئاو و بژێوەوە، بینیمان کە وەڵامی دەسەڵات هەر سەرکوت و کوشتوبڕ بووە.

کۆماری ئیسلامی بە هەموو زمانێک و بە هەموو شێوەیەک پێت دەڵێ کە بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا ئامادەیە هەموو پاشەکشە و نەرمشێکی قارەمانانە! لە بەرامبەر هێزە بیانییەکاندا بکا، بەڵام لە بەرامبەر خەڵکدا حاشا و کەللا. ڕێبەرانی ڕێژیم مافی حوکمەت و دەسەڵات تەنیا بە بازنەی تەسکی خۆیان و دەوروبەریان ڕەوا دەبینن، سامانی گشتیی وڵاتیش بە ملکوماشی خۆیانی دەزانن و لە ڕوانگەی ئەوانە خەڵک لە دەرەوەی ئەو هێڵەوەن و ماف و ئازادییەکانی خەڵک لای ئەوان پووڵێکی قەڵب ناهێنێ. لە ئێستاشدا کە کۆماری ئیسلامی خۆی بە قوربانیی سزا ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی دەزانێ، پێویستە بگوترێ کە لە بنەڕەتڕا ئەوە کۆماری ئیسلامییە گەمارۆی خستۆتە سەر خەڵکی ئێران و ئەوانی لە خاک و ئاو، سەرچاوە سروشتییەکانی سەرزوی و ژێرزەوی و ماف و ئازادییەکانیان بێبەش کردووە.

ماف، ئازادی، ئەمنییەت و ئابووری بەشێکی سەرەکی و ژیانەکی لە ژیانی هەر کەسێکن، بەڵام دەسەڵات باش دەزانێ لە هەرکام لەو بەستێن و بوارانەدا چەندی لە بەرژەوەندیی خەڵک پاشەکشە بکا، بەو ڕادەیە و پاشان پتریش لە سەرچاوەکانی هێز و توانای خۆی کەم دەبێتەوە، بۆیە دانوستانەکانی ڤییەن سەر بگرن و بەرجام بگاتەوە ئەنجام و نەگاتە ئەنجام، هیچ لە ڕەوشی خەڵک و کۆمەڵگە ناگۆڕێ. حکوومەت لە هەر پێگە و بارودۆخێکدا خەڵک و کۆمەڵگەی تەنیا بۆوە دەوێ وەک قەڵغانێک لەهەمبەر مەترسییە بیانییەکان بەکاریان بێنێ. ئەوان سامانی گشتیی خەڵک و وڵاتیان بۆ گیرفانی خۆیان و دامودەزگای تیرۆر و ئەتوم و مووشەک و سەرکوت دەوێ. هەر ئێستاش کە سەیری بودجەیساڵی نوێ دەکەی، مووچە و مزی کرێکاران و فەرمانبەران و مامۆستا و پەرستارەکان سەرەڕای ئاوسانی نیزیک بە سەتا ٥٠ کەمترین زیادکردنیان بەخۆوە بینیوە، کەچی بودجەی سپای پاسداران و دەزگا ئەمنییەتی و تەبلیغاتییەکانی ڕێژیم دوو هێندە و چەند هێندە زیادیان کردووە.

ئاشکرایە کە ئابلۆقە و سزا ئابوورییەکان دەستی کۆماری ئیسلامییان بۆ زۆر پلان و پیلان کورت کردووە، بەڵام ڕێژیمی دژی گەلی ئەوەی نەکردووە بە بارگرانییەکی سەیر بۆ خۆی؛ بەڵکوو زۆرترین قورسایی ئەو گوشارەی خستۆتە سەر شانی خەڵک. لە سەختترین ڕۆژەکانی قەیران و ئابلۆقەکاندا یارمەتیدانی کۆماری ئیسلامی بە میلیشیاکانی ناوچە کەمی نەکرد. هەژاری گۆڕخەوی و زبڵگەڕی لە ئێراندا پەرە پێدا، بەڵام ئەوان دەیان میلیارد دۆلار سامانی گشتیی وڵاتیان لە سووریە بەفیڕۆ دا. بۆیە جارێ ئەوەندە ئاسان نییە دانوستانەکان بگەنە ئاکام، بەڵام ئەگەر بگاتە ئەو قۆناغەش هیچ لە بەرژەوەندیی خەڵک ناگۆڕێ، ئەویش چەند هۆی سەرەکیی هەیە:

یەکەم ئەوەی خەڵک ئەزموونی پێشووتری بەرجامی هەیە کە سزاکانی سەر ئێران هەڵگیران و بە فڕۆکە دۆلاریان بۆ تاران دەگواستەوە، کەچی نە بێکاری کەمی کرد، نە نرخی شمەک و کاڵا دابەزی، نە وەبەرهێنان زیادی کرد، نە سفرەی خەڵک دەوڵەمەندتر بوو، نە کرانەوەیەکی سیاسی و گۆڕانێکیش بە سەر دۆخی ماف و ئازادییەکانی خەڵکدا هات. بۆ؟ چونکی هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەجێی خۆیان بوون و بەرجام تەنیا و تەنیا دەستی ڕێژیمی بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی مووشەکی و قەیرانخوڵقێنییەکانی لە ناوچەدا کراوەتر کرد. ئێستاش لە ئەگەری سازان و ڕێککەوتنێکی دیکەدا دۆخەکە تەنیا لە بەرژەوەندیی کورتمەودای ڕێژیم دەبێ. بۆیە کورتمەودا چونکی لە بنەڕەتڕا کێشەکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی لەبن نایەن. چونکی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بێقڕە دانیشێ و بەشێک لە نەزمی سەقامگیری کۆمەڵگەی جیهانی بێ، لەبەر ئەوەی دەزانێ توانای خوگونجاندن لەگەڵ ئەم ڕەوشەی نییە. بۆیەشە هەوڵ دەدا لە پەناوە وەک حکوومەتێکی سەرەڕۆ بە کەلکوەرگرتن لە پێکدژیی بەرژەوەندیی زلهێزەکان درێژە بە هەبوونی خۆی بدا و هەوڵ بدا بە دەستخستنی بۆمبی ئەتومی و چەکی کۆمەڵکوژی بەهێزتر پارێزبەندیی زیاتر بۆ خۆی دەستەبەر بکا. ئەوەش وا دەکا بەرگژەکانی دیکەی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی وەک کێشەکانی درۆنەکان، قەیرانی مووشەکی، کێشە ئەمنییەتی و ناسەقامگیریی ناوچەکە و لە نێوخۆی وڵاتیش پرسی مافی مرۆڤ و کێشەکانی خەڵک و دەسەڵات لە نێوانیاندا هەڵەسوون بێننەوە و تەمەنی ئەو ڕێککەوتنانە کورت و کەمماوە بنوێنن.

بەڵام ئاخۆ مووشەک و چەکی ئەتومییش –کە دەستڕاگەیشتنی ئێران پێی مەحاڵ دێتە بەرچاو– دەتوانن ئەو پارێزبەندییە بۆ کۆماری ئیسلامی دروست بکەن؟ ئەزموونە مێژووییەکان دەڵێن نا. یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشووش مووشەک و چەکی ئەتومیی زۆری هەبوو، دوای ئەمریکا کۆکوپۆشتەترین سوپای سەربازیی جیهانیشی هەبوو، بەڵام ڕووخا. ڕووخا چونکی هێڵی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ خەڵک جیا کردبۆوە، چونکی گەندەڵی سەرتاپای پێکهاتەی سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتی داگرتبوو، چونکی زۆربەی زۆری داهات و سامانی وڵات نەک بۆ خۆشبژێویی خەڵک بەڵکوو بۆ تەڕاتێن و دژایەتیی وڵاتانی دی تەرخان دەکرا. بەڵام زۆرترین سەرکوتی ستالینییش نەیتوانێ وڵاتێکی سەقامگیر و جێکەوتوو دروست بکا، هەروەک دۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی.

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان



**خەڵکی تێکۆشەر و وڵاتپارێزی کوردستان!**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**
**پێشمەرگە ئازا و قارەمانەکانی کوردستان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

لەمڕۆدا ڕێز لە یاد و بیرەوەریی ڕۆژێکی گرینگی مێژووی پڕ سەروەریی گەلەکەمان دەگرین کە بۆتە پێناسی نەتەوەییمان لە خەباتی ئازادیخوازانە و خوێناویی خەڵکی خۆڕاگری کوردستاندا.

٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (بەرامبەر بە ١٦ی دسامبری ١٩٤٥ی زایینی) سەرەتای مێژوویەکی گەش و پڕشنگدارە لە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی و گەشەی بیری سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. لەو سەردەمدا بە هۆی هاتنەناوەوەی هێزە هاوپەیمانەکان بۆ ئێران، کەشێکی لەبار هاتە ئاراوە کە نیشتمانپەروەرانی کورد خەباتی نەتەوایەتی پەرە پێ بدەن و بە دەستپێشخەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئاڵای کوردستان لە مەهاباد هەڵبکەن و بە یەکێک لە ئاواتە لە مێژینەکانی خۆیان بگەن.

ئەمڕۆ ٧٦ ساڵ بەسەر ئەم هەنگاوە مێژووییەدا ڕادەبرێ. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا خەباتی مافخوازانەی گەلەکەمان بە چەندین قۆناغی دژوار و خوێناویدا تێپەڕ بووە و ئەو کاروانە نەپساوەیە بە ئازایەتی و فیداکاریی ڕۆڵە بە بیروباوەڕەکانی گەل هەروا بەردەوامە. پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان، ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بەڕەسمی لەسەر خەباتگێڕی چەکداری کورد دانرا و لەو کاتەوە ئەم ناوە واتە "پێشمەرگە" بۆتە هێمای ئازایەتی و بەرگری لە کەرامەت و شوناسی نەتەوەییمان لە ژێر ئاڵای پیرۆزی کوردستاندا، ئاڵا و پێشمەرگە بوونە دووانەیەکی لەیەکجیانەکراو و جێگای شانازیی گەلەکەمانن. هەر بەو هۆیەوە بوو کە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤ی زایینی) حیزبی دێموکرات بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و فیداکاریی پێشمەرگە، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی بە ناوی ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کرد. لەو ساڵەوە تائێستا هەموو ساڵێک بۆ ڕێزگرتن لە شکۆی ئاڵا و لە خۆبوردوویی پێشمەرگە ئەم ڕۆژە دەکرێتە جێژن.

بەم شێوەیە ٢٦ی سەرماوەز هاوکات ڕۆژی ڕێزگرتن لە ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستانە. ئەگەر سەردەمانێک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یادی ئەم هێمایانە دەکرایەوە بە خۆشییەوە ئێستا لە کوردستان بە گشتی و لە باشووری کوردستان بەڕەسمی ڕێز لە ئاڵا و پێشمەرگە دەگیرێ و ٢٦ی سەرماوەز بەڕەسمی کراوەتە ڕۆژی ئاڵا. بەم بۆنەوە لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی ئازیزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی، پێشمەرگە گیانلەسەردەستەکانی کوردستان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان دەکەین و شانازی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەکەین کە داهێنەری ئاڵا و ناوی پیرۆزی پێشمەرگەیە.

**بەشدارانی بەڕێزی کۆڕی ڕێز گرتن لە ڕۆژی پێشمەرگە!**

ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان لە هەلومەرجێکدا ڕێز دەگرین کە، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ناوچەکە بە دۆخێکی ئاڵۆز و پڕ کێشەدا تێپەڕ دەبێ، سەرەڕای پەتای کۆڕۆنا و ئاسەوارەکانی کە کاری کردۆتە سەر هەموو جومگەکانی ژیان لە ئاستەکانی ئابووری، بازرگانی و لەشساغی و ... لە دنیادا، شەڕی بەرژەوەندییەکان لە ئاستی سیاسی، ئابووری، نەتەوەیی و مەزهەبی و کولتووری لە ئارادایە، بە واتایەکی دیکە شەڕی دوو بەرەی ئاشتی و تیرۆر، کۆنەپەرستی و پێشکەوتن، دیکتاتۆری و ئازادیخوازی، هەروەها دوگماتیزم و فرەچەشنی بۆتە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایش و هێمنیی ناوچەکە.

لە دۆخێکی ئاوادا ڕێژیمی کۆنەپەرست و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر ناوی پاراستنی پیرۆزییەکانی ئیسلامدا خەریکی پیلانگێڕی و توندوتیژیی مەزهەبی و ئاژاوەگێڕییە لە وڵاتانی حەوزەی خەلیجی فارس بە تایبەتی لە عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن و ...... بەئاشکرا پشتیوانی لە تاقم و گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان دەکا و بەو هۆیەوە نەخشی سەرەکی لە ناسەقامگیریی ناوچەکەدا دەگێڕێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە وڵات تووشی قەیرانێکی قووڵی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵک لە دژی ڕێژیم پەرە دەستێنێ، بێ بایەخبوونی ڕیاڵی ئێرانی، گرانیی سەرسووڕهێنەر، بێکاری، فەسادی ئیداری و ماڵی، بەرتیلخواردن، ئیعتیاد، لێکترازانە کۆمەڵایەتییەکان دۆخی نالەباری کۆڕۆنا و بێکیفایەتیی بەرپرسان لەو بوارەدا و زۆر شتی دیکە، ژیان و گوزەرانی زیاتر لە ٥٠ لە سەدی خەڵکیان هێناوەتە ژێر خەتی هەژاری.

فەزای نێوخۆی وڵات بەتەواوی سەربازییە و گوشار و هەڕەشەی زۆر زیاتر لە ڕابردوو خراوەتە سەر تێکۆشەرانی سیاسی، چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزان، کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبییەکان و ئەنجومەنە فەرهەنگییەکان و ساڵانە بە سەدان کەس لەو چالاکانە، دەگیرێن و زیندانی دەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن و پێش بە تێکۆشانیان دەگیرێ.

بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران زۆ خەراپترە. سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگە ساڵانە بە سەدان کەس کە بۆ پەیداکردنی بژێوی خاووخێزانیان ناچارن لە سنوورەکان کۆڵبەری بکەن، بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ ڕێوشوێنێکی ئینسانی بە تەقەی هێزە ئینتزامیەکان دەکوژرێن و بریندار دەکرێن، و هێزەکانی ڕێژیم لە هیچ کردەوەیەکی دژی مرۆڤانە سڵ ناکەنەوە.

**وەفادارانی ئاڵا و پێشمەرگە لە کوردستان!**

لە هەلومەرجێکدا کە دۆخی وڵات، لە هەموو بارێکەوە لەو پەڕی خراپی و شپرزەییدایە، خەڵک پێویستیان بە یارمەتی و هاوکاریی حکوومەت بەتایبەتی پێداویستییە دەرمانییە سەرەتاییەکان هەیە، سوپای پاسداران دەستی بە سەر زۆربەی جومگەکانی ئابووری و سەرچاوەکانی داهاتدا گرتووە و ساڵانە بە دەیان ملیارد دۆلار دەکاتە هەزینەی پیلانگێڕییەکانی لە ناوچەدا و خەریکی بەرهەمهێنانی ئۆرانیۆم بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و پەرەپێدانی سیستەمی مووشەکی و پەهبادەکانە.

ئێستا کە دەورێکی دیکە لە دانوستانەکانی وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیم بۆ پێشگیری لە تێپەڕاندنی ڕێژەی دیاریکراوی پیتاندنی ئۆرانیۆم و گەڕانەوەی چاوەدێریی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی دەستی پێ کردۆتەوە، ڕێژیم کە بە ڕاوەستانی کۆبوونەوەکانی بەرجام توانیویەتی ڕێژەی پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ٢٠ لە سەدەوە بگەیەنێتە ٦٠ لە سەد، لە چەند خولی دانیشتنی ئەم دواییانەدا بە بیانووی جۆراوجۆر هەوڵی وەدەستهێنانی کاتی زیاتر دەدا. بۆیە وتووێژەکان هیچ پێشکەوتنێکیان بە خۆوە نەدیوە، ئەوەش دەرفەت دەداتە ڕێژیم کە ئۆرانیۆم زیاتر بەرهەم بێنێ. بەڵام وڵاتانی بەشدار لەو پرۆسەیەدا سوورن لەسەر ئەوەی کە نابێ ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕا بگا، لە ئاکامی سەرنەکەوتنی دانوستانەکاندا چاوەڕوانی دانانی گەمارۆی زیاتر لەسەر ئێران دەکرێ و ئەوەش دەبێتە هۆی بارگرانییەکی زیاتر بۆ خەڵک و هەر ئەوانن کە تووشی گیروگرفت و کێشەی زیاتر دەبنەوە و باجەکەش هەر دەبێ ئەوان بیدەن.

بارستایی ئەو هەموو بوحران و کێشە و گرفتانە و هەڵسوکەوتی نابەرپرسانەی کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ چارەسەرکردنیان، دەرهاویشتەی زۆری لێ کەوتۆتەوە و ڕۆژ نییە لە چەندین شار و ناوچەی جۆراوجۆری ئێران خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی ڕوو نەدا، بەڵام لە جیاتی وەڵامی داخوازەکانی خەڵک، هێزە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵاتپارێز پەلاماریان دەدەن و دەیاندەنە بەر دەستڕێژ و دەیانکوژن و برینداریان دەکەن و بەکۆمەڵ ڕاپێچی سیاچاڵەکانیان دەکەن. بەڵام هیچ کام لەوانە نەیتوانیوە پێش بە دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان بگرێ، بەڵکوو ئەو بەگژداچوونەوانە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرە دەستێنن و وەزعەکە ئاڵۆزتر دەبێ. لە هەلومەرجێکی ئاوادا هێزە سیاسییە ئێرانی و کوردستانییەکانی دژبەری ڕێژیم و چالاکانی سیاسی و ئۆپوزیسیۆنی نێوخۆ بە پشتیوانیی کۆمەڵانی ناڕازیی خەڵک، بەرپرسایەتیی مێژوویان دەکەوێتە سەرشان لە ڕێبەریکردنی ئەو ناڕەزایەتییانە و بە فیرۆنەدانی ئەو پوتانسیەلە زۆرەی لەنێو جەماوەردا هەیە، تەنیا ڕێگای دەربازبوون لەو دۆخە، بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و یەکگرتوویە بە بەرنامەیەکی گشتگیر و پلاتفۆڕمێکی هاوبەشەوە کە باوەڕی بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ و پلۆرالیزم و مافە نەتەوایەتییەکان و فیدڕالیزم لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا هەبێ و ببێتە جێگرەوەیەکی بەهێز و جێگای باوەڕ و ئیعتمادی زۆرینەی خەڵک لەدژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا.

**خوشک و برایانی خۆشەویست!**

ڕێژیم پاش ئەوەی پەلاماری کوردستانی دا، لەگەڵ بەربەرەکانیی خەڵک و خۆڕاگریی پێشمەرگە بەرەوڕوو بوو. پێشمەرگە بۆ دیفاع لە مان و مەوجودییەتی گەلەکەی بڕیاری دا بەرپەرچی پەلامارەکانی ڕێژیم بداتەوە، هێزە دژیگەلییەکان لە هیچ جینایەتێک دەستیان نەپاراست و ماهییەتی دژی ئینسانی و شەڕفرۆشییەکانی زیاتر ئاشکرا بوو. ئەوە زیاتر لە ٤٢ ساڵە کوردستان بۆتە سەنگەری خۆڕاگری لە بەرامبەر سیاسەتی چەوت و دوژمنانەی کۆماری ئیسلامی، بەڵام خەبات و تێکۆشان لە ڕەهەندی جۆراوجۆردا بەردوام لە ئارادایە، لە کاتێکدا دمڕاستەکانی ڕێژیم لە ئاست چارەسەری کێشە و داخوازە ڕەواکانی خەڵک دەستەوەستان و داماون، سەرەڕای هەوڵدان بۆ سەرکوت و کپکردنی ئەو شەپۆلە بەرینە لە ڕق و تووڕەیی خەڵک و دژبەرانی، لەم دواییانەدا هێرشێکی بەرینی میدیایی بە دروستکردنی چەند فیلمی بێبنەما و دوور لە ڕاستی بۆ ناشیرینکردنی خەباتی هێزە سیاسییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات دەست پێ کردوە و هەڕەشەی لێدان و زەربە وەشاندنیان لێ دەکا. بەڵام بیروڕای گشتی و خەڵکی کوردستان زۆر باش دەزانن کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان چەندە سیمایەکی سیاسی، نەتەوەیی و مرۆڤدۆستانەی لە خۆی نیشان داوە. لەگەرمەی شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی کە کوردستانیان، شەلاڵی خوێن دەکرد و خەڵکی بێدیفاعیان کۆمەڵکوژ دەکرد، ڕەفتاری کورد و هێزە سیاسییەکانی جۆرێکی دیکە بوو. بەسەدان و بگرە هەزاران جاش و پاسدار و ئەرتەشی لە مەیدانەکانی شەڕدا بە دیل گیراون و بەپێی پەیماننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ ڕەفتاری زۆر ئینسانی و شیاویان لەگەڵ کراوە و زۆر جاریش هەر پاش تەواوبوونی شەڕەکە ئازاد کراون. بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەم جۆرە کارانە ناتوانێ ڕووی ڕەش و جینایەتکارانەی خۆی بشارێتەوە و ئەو تاوانانەی کە بۆ خۆی جێبەجێی کردوون بداتە پاڵ هێزە ڕەسەن و شۆڕشگێڕەکانی کوردستان کە هەڵقوڵاوی هەناوی خەڵکن.

لەم بۆنە پیرۆزەدا بەڵێن دەدەین چۆن هەتا ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاڵا هەڵگری دیفاع لە ماف و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بووە و چۆن هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە پاڵپشتیی گەلەکەی، قەڵغانی بەرگری لە کەرامەتی نەتەوەکەی بووە، هەتا گەیشتن بە ئاوات و هیواکانی خەڵکی کوردستان لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام دەبن و هیچ هەڕەشە و گوشارێکی کۆماری ئیسلامی نەک هەر ناتوانێ لەو ڕیساڵەتە مێژووییە کە لەسەر شانی حیزب و هێزی پێشمەرگەیە ساردیان بکاتەوە، بەڵکوو بە باوەڕ و ئیمانێکی بەهێز و زیاتر لە جاران لە پێناو وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان تێدەکۆشن و ئامادەن گیانیان بەخت بکەن.

سڵاو لە خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان کە هەردەم پشتیوانی ڕاستەقینەی خەباتی پێشمەرگە بوون.

سڵاو لە ئاڵا و پێشمەرگە، دوو پێناسەی نەتەوەیی کورد و کوردستان.

سڵاو لە خۆڕاگری و ئازایەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە هێمای فیداکاری و بەرگرین.

سڵاو لە زیندانیانی سیاسی و کەمئەندامانی سەنگەر.

بەرز و پیرۆز بێ ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٦ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# ئاڵا وەک سیمبول و ناسنامەی نەتەوە



عومەر باڵەکی

لەو کاتەوە کە مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی نیشتەجێ بووە و بەپێی هەلومەرجی ژیان کۆمەڵگەی بچووک بچووکی پێک هێناوە و لە ئاکامدا نەتەوەی جۆراوجۆر بە بەرژەوەندیی جیاواز سەریان هەڵداوە؛ هەر کام لەو نەتەوانە بۆ سەلماندنی بوون و شوناسی تایبەت بە خۆی و هەروەها ناساندن و نیشاندانی خۆی پێویستی بە کۆمەڵێک هێما هەبووە. بوونی هێماکان لەنێو نەتەوەکاندا بۆ ئەوە بووە لەو ڕێگایەوە هەر نەتەوە و پێکهاتەیەک خۆی لە نەتەوەکانی دیکە جیا بکاتەوە و تاکەکانی نەتەوەکەی خۆی لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی دەسکەوت وپیرۆزییەکانی پشت بە پشت بمێننەوە و نەوەکانی داهاتووش بتوانن کەڵکی لێ وەرگرن. بۆیەشە نەتەوەکان بەدوای هێما و سیمبولسازیدا بوون و هەولیان داوە سیمبولەکانیان هۆکار بن بۆ یەکگرتن و سەلماندنی شوناسی نەتەوەییان. یەکێک لەو هێما و سیمبولانە بۆ هەر نەتەوەیەک کە بەدوای پاراستنی پێناس و هەوێتیی خۆیدا بێ، بیجگە لە زمانی ئاخاوتنی دەتوانی ئاڵا بێت. بە واتایەکی دی ئاڵا یەکێک لەو هۆکارانەیە کە دەتوانێ نەتەوەیەک لە دوری خۆی کۆ بکاتەوە و لەنێو نەتەوەکانی دیکە و کۆڕ و کۆمەڵەی جیهانی و ناوچەیدا وەک هێمای نەتەوەیی بۆ خۆ دەرخستن کەڵکی لێ وەربگرێ.

ئاڵای هەر وڵاتێک جەوهەر و نێوەرۆکی سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتەش دەستنیشان دەکا و پێناسەیەکی ڕاستەوخۆیە لە ناساندنی مێژوو، جوغرافیا و ژینگەی ئەو وڵاتە، بە واتایەکی دی ئاڵا ناسێنەری شارستانییەت و باوەڕەکانی خەڵکی ئەو وڵاتەیە. لە سەردەمی کۆن و ئێستاشدا بەرزکردنەوە و بەرزڕاگرتنی ئاڵا نیشانەی بەهێزبوونی ئەو وڵات و کۆمەڵگەیە بووە و لە هەر سەرکەوتنێکدا ئاڵای گەلی سەرکەوتوو بەرز کراوەتەوە و چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگە بە نیشانەی ڕێزدانان لە بەرامبەریدا ڕاوەستاون. لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی خێرای پیشەسازییە و بەهۆی پێشکەوتنی ئامرازەکانی پێوەندیگرتن هەتا ڕادەیەک سنووری وڵاتان قەیدوبەندی لەسەر نەماوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاڵا ڕۆڵ و نەخشی بنەڕەتیی خۆی هەر ماوە، بۆ وێنە: هەڵدانی لە سەربانی ئیداراتی دەوڵەتی، بەکارهێنانی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە ڕێوڕەسمی نیزامی و بەرزکردنەوەی لە بۆنە هونەری و وەرزشییەکان و... هتد.

لە هەموو وڵاتانی دنیا خەڵکی هەر وڵاتێک ڕێزی تایبەتی بۆ ئاڵای وڵات و نەتەوەکەیان دادەنێن بە جۆرێک کە لای هێندێک وڵات خەڵک ئاڵاکەیان لە بەر دەرگای ماڵەکەی خۆیان هەڵدەدەن، لە شوێنە گشتییەکان هەڵیاندەواسن، لەسەر کەرەسەکانی خوێندنگەی منداڵان دەینەخشێنن و یا لەکاتی جێژن و شادی و سەرکەوتنە وەرزشییەکاندا لەسەر ڕوخساری کچ و کوڕەکانیان دەیڕەنگێنن کە ئەو کارانە دەبنە هۆی بردنە سەری غرووری نەتەوەیی و نیشاندانی هاوپێوندیی نەتەوەیی و لە هەمان کاتدا دروستبوونی کولتووری ڕێزگرتن لە ئاڵا و هێما نەتەوەییەکان.

بەو کورتە پێشەکییە هەتا ڕادەیەک گرینگی ڕۆڵ و نەخشی ئاڵامان بۆ دەردەکەوێ لە پێناسەکردنی شوناسی نەتەوەیماندا. بە خۆشییەوە نەتەوەی کوردیش خاوەنی ئاڵای خۆیەتی و ئەم ئاڵایە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بۆتە جێگای پەسندی زۆرینەی گەلی کورد و، لەسەر تاک تاکی کورد و هەموو پێکهاتەکانی کوردستانە کە ڕێز لەو ئاڵایە بگرن کە لە ئێستادا بە ئاڵای کوردستان دەناسرێ. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بگوترێ کە لە هەموو سەردەمە مێژووییەکاندا کوردیش وەک زۆربەی نەتەوەکان ویستوویەتی دەسەڵاتی سەربەخۆی سیاسیی و ئیداریی لەسەر خاکی خۆی هەبێ و لانیکەم لە مێژووی سەدساڵی ڕابردوودا بە چەندین جووڵانەوەی گەورە و بچووک لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان سەریان هەڵداوە، وەک ڕاپەڕینی بەتلیس، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشی ئارارات لە باکووری کوردستان، ڕاپەڕینی شێخ مەحموود لە باشووری کوردستان، ڕاپەڕینی سمکۆی شکاک و کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە هەموویان خاوەنی ئاڵا بوون و ئاڵاکەیان دەرخەری بیروباوەڕەکانیان بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ یا دامەزراندنی هەرێمێک بوون کە ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردی تێدا پارێزراو بێ.

ئەو ئاڵایەی کە ئێستا بە ئاڵای کوردستان ناسراوە، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان لە ساڵی ١٩٢٠م لە لایەن جەمعییەتی تەعالی و تەرەقی لە باکووری کوردستان بەکار هاتووە و پێناسی ئەندامەکانیان بەو ئاڵایە نەخشێندراوە. ئەو ئاڵایە کە خۆرێک لەسەر نێوەڕاستی ڕەنگە سپییەکەی قەراری گرتووە لەلایەن شۆڕشگێرانی، ڕاپەڕینی ئارارات وەک ئاڵای کوردستان بەکار هاتووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستانیشدا کە لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، ئەو ئاڵایە لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا وەک ئاڵای کوردستان وەرگیرا، بەڵام بەو جیاوازییە کە لەجیاتی خۆرەکەی نێوەڕاستی ئاڵاکە لە لۆگۆ یا هێمای حیزبی دێموکراتی کوردستان کەڵک وەرگیراوە و بەڕەسمی لە کۆبوونەوەیەکی نزیک بە دە هەزار کەسی لە سەربانی هەیئەت ڕەئیسەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هەڵدراوە. لە درێژەدا دوای نزیک بە تێپەربوونی ٥٤ ساڵ بەسەر ڕۆژی هەڵدانی ئاڵا لە شاری مەهاباد، لە ڕێکەوتی (١٩٩٩/١١/١١) هەر ئەو ئاڵایە لە لایەن پارلمانی هەریمی کوردستانی عیراقەوە وەک ئاڵای هەرێمی کوردستان پەسند کرایەوە، بەو جیاوازییە کە لۆگۆی نێوەڕاستی ئاڵاکە بە خۆرێک کە ٢١ تیشکی لێ دەبێتەوە نەخشێندراوە و دە ساڵ دواتر واتا (٢٠٠٩ز) ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزیش کە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا لە کۆماری کوردستانە، هەر لەلایەن پارلمانی هەرێمی کوردستانی عیراقەوە وەک ڕۆژی ئاڵا پەسند کرایەوە.




وەک دەبینین ئاڵای کوردستان لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بەپێی بەڵگە مێژووییەکان لە سێ پارچەی کوردستان لەلایەن حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەڕێوەبەری جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لەو سێ بەشەی کوردستان وەک یەکێک لە هیما و شوناسی نەتەوەیی کاری پێ کراوە و پیرۆزیی خۆی وەرگرتووە. بەڵام بەداخەوە هیندێک جاریش دەبینین کە لەلایەن کۆمەڵێک خەڵکەوە بە ناوی ناڕەزایەتیدەربرین لە دەسەڵاتدارانی پارچەیەک لە کوردستان و یا ناڕەزایەتی لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان ئاڵا دەکەوێتە بەر بێڕێزی و وەک هێمای حیزب یا دەسەڵات هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ؛ لە حاڵێکدا لە هیچ وڵاتێک نەیار و ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵات و حوکمڕانی ئیزن بە خۆیان نادەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان بێڕێزی بە ئاڵای وڵاتی خۆیان بکەن. تەنانەت لە هەموو خۆپێشاندانەکان بەدژی دەسەڵات ئاڵای وڵاتەکەیان هەڵدەگرن و لەگەڵ خۆیان دەیبەنە سەر شەقامەکان و بە دەستەوەی دەگرن و ئەو پەیامە دەدەن بە دەسەڵات و هێزە ئەمنییەتی و ئینتزامییەکانی وڵاتەیان کە ئەوانیش بەشێکن لە خەڵکی ئەو وڵاتە کە خاوەنی ئەو ئاڵایەیە. واتا وەک هاووڵاتی لەژێر سێبەری ئاڵای وڵاتدا ناڕەزایەتیی خۆیان نیشانی دەسەڵات دەدەن.

هەروەک پێشتر گوترا ئاڵای هەر وڵاتێک بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە پیرۆزیی خۆی هەیە و لە هەموو بۆنە نەتەوایەتیەکان و سەرکەوتنەکان بیجگە لە مەیدانی شەر لە مەیدانی جۆراجۆری وەرزشی و هونەری و کولتووریدا لە لایەن کەس یا کەسانی سەرکەوتوو بەرز دەکرێتەوە و بە خوێندنەوەی سرووودی نەتەوایەتی ئەو سەرکەوتنە وەک سەرکەوتنی نەتەوایەتی ڕێزی لێ دەگیرێ و شانازیی پێوە دەکرێ. وەک گوتیشمان جاروبار و لێرەولەوێ لە کوردستان لە هەڵبەزینەوە و ناڕەزایەتییەکاندا بە بیانووی جۆراوجۆر بێڕێزی بە ئاڵای کوردستان دەکرێ و بە کوتەپەڕۆیەک ناوی دەبرێ، خافڵ لەوەن کە هەر شتێک چ بە عورف و چ بە قانوون لەنێو کۆمەڵگەدا جێگا و پێگەی دیاری بکرێ پیرۆزیی خۆی وەردەگرێ و لەسەر تاک تاکی ئەو کۆمەڵگەیە واجبە کە ڕێزی بۆ دابنێن. ئەوە ڕاستە کە ئەو کەرەسەی ئاڵای پێی دروست دەکرێ خۆی پەڕۆیە بەڵام ئەوکاتەی پارلمانی وڵات بڕیار لەسەر دەدا لە حاڵەتی کوتەپەڕۆ دێتە دەر و دەبێ بە ئاڵای وڵات؛ واتا دەبێتە هێمای نەتەویی و مادام دەبێتە هێمای نەتەوەیی، ڕێزگرتن لەو هێمایە دەبێتە ئەرکی تاک تاکی کورد. لە بەر ئەو گرینگیە لە زۆربەی وڵاتانی سەربەخۆدا چۆنیەتی دروستکردن و هەڵدانی ئاڵا بە قانوون ڕێکخراوە و تەنانەت بۆ ئەو کەس یا کەسانەی بە هەر شێوەیەک بێحورمەتی بە ئاڵای وڵاتی خۆیان دەکەن، سزای زیندان یا قەرەبووی مادییان لە قانووندا بۆ دەستنیشان کراوە، بۆنموونە لە وڵاتانی وەک یونان ٢ساڵ زیندانی، ئاڵمان ٥ ساڵ زیندانی، ئیسپانیا ٧ مانگ هەتا ساڵێک.... زیندانی کردن و فەڕانسە ٦ هەزار یۆرۆی جریمەی مادی لەبەرچاو گیراوە.

پوختەی مەبەست ئەوە کە ئاڵا هێمای ناساندنی خەڵک و شارستانییەتی وڵاتێکە، بە چەشنێک کە بە چاو لێکردن لە ئاڵای هەر وڵاتێک، هەتا ڕادەیەک دەتوانرێ ئایین و مەزهەب و کولتووری خەڵکی ئەو وڵاتەی لێ بخوێندرێتەوە و لە هەمان کاتدا دەردەکەوێ کە خەڵکی ئەو وڵاتە بەچ شتێکی خۆیان پتر شانازی دەکەن و بۆیان گرینگە. بۆیە بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە ئاڵا حوکمی ناسنامەیەی نەتەوەیی هەیە، و ئەرکی سەر شانی تاک بە تاکی کۆمەڵگەیە ڕێز لە ئاڵا بگرێ.

## ڕاگەیەندراو لەبارەی ڕادەستکردنی دوو سیخوڕ و تاوانباری سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەزگای دادوەریی هەرێمی کوردستان




**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**

ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵای دێموکرات کرایە ئامانجی پەلامارێکی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و، لەو ڕووداوەدا ١٦ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کە شەش کەسیان ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوون، شەهید بوون و دەیان کەسیش بریندار بوون. هەر ئەوکات بنەماڵەی شەهیدان، برینداران و قوربانییانی ئەم جینایەتە سامناکە لە دادگایەکی هەرێمی کوردستاندا سکاڵایان لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران تۆمار کرد و خوازیاری بەدواداچوون و پێڕاگەیشتن بەو تاوانە بوون کە لە خاکی هەرێمی کوردستاندا لەدژی تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەگەرچی بەڕەسمی بەرپرسایەتیی ئەو تاوان و جینایەتە جەنگییەی لە خاکی هەرێمی کوردستان و عێراقدا گرتەئەستۆ و جێی هیچ شک و گومانێکی بۆ هیچ لایەنێک نەهێشتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئۆرگانە بەرپرسیارەکانی خۆی ئەرکدار کرد تا بەوردی بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی سەرگرتنی ئەم پیلانەی کۆماری ئیسلامی بکەن. ئەوە بوو کە کۆمیتەی ئەمنییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ماوەیەک توانی دوو کەس لە مۆرە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی کە توانیبوویان خۆیان بخزێننە نێو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزب، دەسبەسەر بکا.

« کەیوان (سۆران) فەیزی» و «فەراز سەڵەواتی» کە خەڵکی سنەن، دوای دەسبەسەرکران و لە ڕەوتی لێپرسینەوە و بەدواداچووندا دانیان بەوە داناوە کە سیخوڕییان بۆ کۆماری ئیسلامی کردووە و لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی لە سنەوە ئەرکی سیخوڕی، تێرۆر و کاری تێکدەرییان لە ڕیزەکانی حیزبدا پێ سپێردراوە کە چاوساغی و پێدانی زانیاری بۆ مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات، یەک لەو تاوانە گەورە و جینایەتە خاییناەیە بووە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای بەدواداچوون بەو پەروەندەیە و هەڵسەنگاندن و تاوتوێی هەموو لایەنە قانوونی و سیاسییەکانی ئەو بابەتە، گەیشتە ئەو ئەنجامە کە بۆ ڕێزگرتن لە سەروەریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەو تاوانە لە خاکی هەرێمدا کراوە و پێشێلکردنی سەروەری و یاساکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتی عێراق بووە، ئەم تاوانبارانە بۆ بڕیارلەسەردانی کۆتایی ڕادەستی دەزگای دادوەریی هەرێمی کوردستان بکات. حیزبی دێموکراتی کوردستان دەخوازێ ئەم تاوانبارانە لە مەحکەمەیەکی دانپێدانراوی قانوونیدا دادگایی بکرێن و بەپێی ڕێوشوێنە یاساییەکان سزای شیاوی کردەوەکانیان وەربگرن، بۆ ئەوەی دواتر حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدان و قوربانییانی ئەو تاوانە گەورەیە بە دەستئاوەڵایی زیاترەوە ئەو بابەتە وەک پەروەندەیەکی دانپێدانراوی دادگایەکی خاوەنسەڵاحییەت بەدژی کۆماری ئیسلامی لە دادگاکانی تاوانی وڵاتانی دیکەشدا وەگەڕ بخا و خوازیاری دادخوازییەکی نێونەتەوەیی بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشتر و لەکاتێکدا کە ناوچە ئازادکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەڕێوە دەبرد و هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵاتدا چالاکی و جموجۆڵی هەبوو، پەروەندەکانی لەم بابەتە لە بەشی قەزایی حیزبدا و بەپێی یاسای سزادانی گشتی بڕیاری لەسەر دەدان و سزای شیاوی بۆ تاوانی لەم جۆرە لەبەرچاو دەگرت. بەڵام ئێستا بەهۆی ئەوەی تاوانەکە لە خاکی هەرێمی کوردستان خوڵقاوە و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش ڕێز لە سەروەری و یاساکانی هەرێم دەگرێ، ئەم پەروەندەیە بۆ پێڕاگەیشتن و بڕیارلەسەردان ڕادەستی دەسەڵاتی دادوەریی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دەکا.

بێگومان بە ڕادەستکردنی تاوانبارانی ئەم پەروەندەیە بە دەزگای دادوەریی هەرێمی کوردستان بەرپرسایەتییەکی گەورە و مێژوویی دەکەوێتە سەرشانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و دەزگای دادوەریی هەرێم بەتایبەتی. ئێمە دەخوازین و چاوەڕوانین کە دەزگای دادوەریی هەرێمی کوردستان بە سەرنجدان بە باری قورسی تاوانەکە و دانپێدانانی تاوانباران حوکم لەسەر ئەم پەروەندەیە بدا و، وێڕای ئاشکراکردنی نەخشی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تاوانباران بە سزای ئەو جینایەتە سامناکەی بە هاریکاریی ئەوان بەڕێوەچووە بگەیەنێت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٣ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی**

## سپاسنامەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات




ئەمساڵیش وەک ساڵان و بۆنەکانی پێشوو و بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی ئەرکوەخۆگری حیزب لە شار و ناوچەکانی کوردستان بە جۆرێک ڕێزیان لە یادی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و فیداکاریی پێشمەرگەکانی کوردستان گرت کە جێی ڕێز و پێزانینە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە زۆربەی زۆری شار و ناوچەکانی نیشتمان و لە چوارچێوەی کاری تەبلیغیی پێئەسپێردراوی هەرێمە تەشکیلاتییەکانی خۆیاندا، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و درووشمەکانی تایبەت بە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، ڕێزیان لە فیداکارییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێمای بەرزی نەتەوەیی نەتەوەکەیان (ئاڵای کوردستان) گرت.

ئەگەرچی بۆ چەند دەیە دەچێ کە کوردستان لە لایەن دامودەزگا ئەمنیەتی و نیزامی و سیخوڕییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە وەها میلیتاریزە کراوە کە تێکۆشان و چالاکیی نەتەنیا بۆ تێکۆشەرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات بەڵکوو بۆ چالاکانی بوارەکانی مەدەنیش بەرتەسک کراوەتەوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بە بەڕێوەبردنی ئازایانەی ئەرکەکانیان نەیانهێشتووە باندی مافیا و تێرۆریستی سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنیەتی و سیخوڕییەکانی ڕژیم هیچکات لە کوردستان هەست بە ئاسوودەیی و زاڵبوون بە سەر خاک و خەڵکی نیشتمانەکەماندا بکەن.

ئەوساڵیش بە تایبەتی دوای هاتنە سەرکاری ئیبراهیم ڕەئیسی وەک سەرکۆماری نوێی ڕێژیم کە خۆی یەکێک لە مۆرە بەدناوەکانی کۆماری ئیسلامییە و لە سەرکوتی خەڵک و تێکۆشەرانی سیاسیدا پێشینەیەکی ڕەشی هەیە، دیسان شەپۆلێکی بەربڵاو لە گرتن و زیندانی کردنی خەڵکی کوردستان بۆ چاوترسێنکردنی ڕۆڵە ئازاکانی گەل دەستی پێ کرد، بەڵام چالاکییە بەربڵاوکانی ئەندامان و لایەنگرانی تێکۆشەری حیزب بە بۆنەی ڕۆژی و ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان لە سەرماوەزی ئەمساڵدا سەلماندیان کە هیچ دەسەڵات و هێزێکی سەرکوتکەر ناتوانێ کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی لە تێکۆشان بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی سارد بکاتەوە.

بۆیە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای شانازیکردن بە ئیرادەی لەبڕاننەهاتووی تێکۆشەرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات و پیرۆزبایی ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان، سپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بە ئەندامانی هەڵسووڕ و ئەرکوەخۆگری حیزب دەکات و بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاتریان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

سڵاو لە ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان
سپاس و پێزانین بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە نێوخۆی وڵات

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**٢٨ی سەرماوەزی ١٤٠٠**

## ڕیسواییەکی دیکە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران

کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ مەحکووم کردەوە.

بڕیارنامەی مەحکوومکرانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە دەنگی ٧٨ وڵات پەسند کرا. ئەو بڕیارنامەیە پێشتر و هەر ئەمساڵ لە کۆمیتەی سێهەمی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە کۆی ٧٢دەنگ پەسەند کرابوو.

لە بڕیارنامەکەدا ئاماژە بە زنجیرەیەک تاوان و پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی کراوە، لەوانە: بەردەوامیی ئێعدام بەتایبەت لەسێدارەدانی منداڵان، گرتنی هەڕەمەکی و ئەشکەنجەدانی گیراوەکان بۆ داننانی زۆرەملێ، بێبەشکرانی بەندکراوان لە مافی دادگاییەکی دادپەروەرانە، پێشێلکردنی مافی کەمە نەتەوەیی و ئایینییەکان و... .

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک لەو دەگمەن وڵاتانەیە کە سەبارەت بە پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ ڕێپۆرتەری تایبەتیی لە شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ دیاری کراوە.

# مستەفا مەولوودی: حیزبی دێموکرات سیاسەت و بڕیارەکانی لەسەر ئەسڵی واقعبینی دادەڕێژێ

**دیمانە: جەمیل سەرمەستی**



**ئاماژە: دوای ئەوەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لە ڕادەستکردنی دوو سیخوڕ و تاوانباری سەر بە کۆماری ئیسلامی بە دەزگای دادی هەرێمی کوردستان کرد، ئەم باسە کۆمەڵێک پرس و پرسیاری لە بیروڕای گشتی و سۆسیال مێدیادا وروووژاند.**

**"کوردستان" بەباشی زانی ئەم بابەتە و پرسیارە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بەو بابەتە لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بێنێتە بەرباس.**

**کاک مستەفا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند کە دوو تاوانبارتان کە سیخوڕییان بۆ کۆماری ئیسلامی کردووە و لە هێرشە مووشەکییەکەی خەرمانانی ١٣٩٧دا چاوساغییان بۆ ڕێژیم کردووە، ڕادەستی دەزگای دادی هەرێمی کوردستان کردووە. بۆ ئەو کارەتان کرد؟ حیزب بۆچی بۆ خۆی ئەو تاوانبارانەی سزا نەدا؟**

هەموو ئەو کەسانەی لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شارەزان، دەزانن کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبێکی قانوونمەدارە و باوەڕی بە یاسا و پرەنسیپە ئینسانی، ئەخلاقی و حقووقییەکان هەیە. کە وایە هەر باسێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و حقووقی بێ، پێی باش و دروستە بە ڕێڕەوی خۆیدا یەکلا بێتەوە. زۆرجار لە ڕاگەیاندنەکانی حیزبی دێموکراتەوە دەبیستین کە ئەم حیزبە پابەندە بە مەنشوورە ئینسانییەکانی مافی مرۆڤ، مافی نێودەوڵەتی و سەروەریی یاسا. کە وابوو ئەوە ئەسڵێکی نەگۆڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنانەت ئەوکاتی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەی عورفی و مەیدانی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریی ناوچەکەی هەبوو، هەر ئەوکات زۆر بەپەلە بە بەشداری و هاوبەشیی ئەو مافناس و یاساناسانەی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون، یاسایەکی بۆ کۆنترۆڵی ڕەوشی کۆمەڵایەتیی کوردستان دانا بە ناوی "یاسای سزادانی گشتی". ئەوکاتیش ئەگەر کەسێک خەتایەک یان تاوان و جینایەتێکی کردبێ، حیزبی دێموکرات لە ڕێڕەوی حقووقییەوە لێی پرسیوەتەوە و بەدواداچوونی بۆ کردوە. دادگاکانی حیزبی دێموکرات، دادگاکانی شۆڕش یان دادگاکانی خەڵکی کوردستان بوون و لە مەحکەمەیەکی زۆر شەفاف و دادپەروەرانەدا، حوکمی شیاو و سزای گونجاو لەگەڵ تاوانی بۆ تاوانبار دەرکردوە.

زۆر بەڕوونی لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەدا کە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو دوو سیخوڕەی ڕادەستەی دەزگای دادی هەرێمی کوردستان کرد، وەڵامەکە ڕوونە. لەبەر ئەوەی ئەم جینایەتە لە وڵاتی عێراق و لە هەرێمی کوردستان کراوە و دەزگای دادی هەرێم سەڵاحییەتی ڕاگەیشتن بەو تاوان و جینایەتەی هەیە.

دوویەم، هەر ئەوکات کە جینایەتەکە ڕووی دا، حیزبی دێموکرات کوردستان لە دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا، سکاڵای لەسەر کۆماری ئیسلامی تۆمار کرد، چونکی دەمودەست سوپای پاسداران دانی بەوەدا نا کە ئەم جینایەتەی لە مەرکەزی قەراری حیزبی دێموکراتی کوردستان کە مەرکەزێکی سیاسی، تەشکیلاتییە و ژن و منداڵیشی تێدا بوون کراوە، ئەوان کردوویانە. هەر ئەوکات حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێگای بنەماڵەی شەهیدان و بریندارانی ئەم ڕووداوەوە سکاڵای تۆمار کردوە. جا بەم پێیە ئێمە دەبێ بەڵگەکانی پێویست و پێوەندیدار بەو پەروەندەیە بدەین بەو دادگایە بۆوەی ئەدیللە و بەڵگەی تەواوی بۆ بەتاوانبارناسینی کۆماری ئیسلامی هەبێ. ئەم دوو تاوانبارەش وەک بکەر و عامیلی تاوان و جینایەتەکە بەشێک لە بەڵگەکانن. جا کاتێک ئەوان لە ڕەوتی لێپرسینەوە و بەدواداچووندا بە زمانی خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە دەستیان لە تاوانەکەدا هەبووە، سیخوڕییان کردوە، زانیارییان بۆ ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بەڕێ کردوە، سروشتییە کە حیزب دەبێ ئەو ئەدیللە و بەڵگەیە بدا بە دەزگای دادی هەرێمی کوردستان بۆوەی ئەوان لە مەحکەمەیەکی قانوونیدا بڕیار لەسەر ئەو پەروەندەیە بدەن.

لەدوای ئەوەش، حیزبی دێموکراتی کوردستان مادام سەردەمانێک لە شوێنێک دادگایەکی هەبووە و هەوڵی ئەوەی داوە خەڵک لە ڕێگای قانوون و دادگاوە بەدواداچوون بۆ مافەکانی خۆیان بکەن، ئێستا کە بۆخۆی لە وڵاتێکی دیکەیە دەکرێ پابەندی قانوونی ئەو وڵاتە نەبێ؟ بۆیە ئەم بڕیارەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بۆ ئێستا و لەو بارودۆخەدا بڕیارێکی دروست بوو.

**ئەدی نیگەرانی ئەوە نین کە کۆماری ئیسلامی دەستتێوەردان لە کاروباری ئەو دادگایەدا بکا و پەروەندەکە بە ئاقارێکی دیکەدا بخا؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستان وەزعییەتی سیاسیی ناوچە دەرک دەکا. بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان ئەم هەلومەرجەیان لەبەرچاوە. وەزعی هەرێمی کوردستان بە هەموو پێوانەکان چ ئەو پێوانە ئەرێنی و باشانە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەیەکی حقووقی بۆ ئەم دادگایە، چ بەپێچەوانە ئەو سەرنج و تێبینییانە وەکوو گریمانە کە جەنابت تیشکت خستە سەری، هەموو ئەوانەمان لەبەر چاوە و ناکرێ بەهێند وەریان نەگرین. بەڵام بەخۆشییەوە دەبینین کە هەرێمی کوردستان سەربەخۆییەکی سیاسی و ئیداریی شیاوی هەیە. دەزگای دادی هەرێمی کوردستان دامەزراوەی قانوونیی دانپێدانراوی هەیە، هەر لە دادگای یەکەمەوە و تا دادگای پێداچوونەوە و ئیستیناف و هتد. کەوایە ئێمە پەروەندەیەکی حقووقی بە زانیاری و بەڵگەی تەواوەوە بە شتی ڕوون و دیارەوە ڕادەستی دادگایەک لە هەرێم بکەین، چاوەڕوانییشمان هەیە کە بەبێ ئەوەی ئیزن بدا دەستی دەرەکیی ئەملاوئەولا بێتە نێو دادگاوە، پەروەندەکە بە ئاکام بگەیەنێت. وەک پێشتریش گوتوومانە ئەوە بەرپرسایەتییەکی ئەخلاقی، مێژوویی و نەتەوەیی دەخاتە ئەستۆی دەزگای دادی هەرێم.

لەلایەکی دی، خۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەر ئەو کەیسەمان نیە، کەیسی دیکەشمان هەبووە، وەکوو دادگای شەهید قادر قادری کە بینیمان سێ کەس لەو تاوانبارانەی دەستیان لە تێرۆری شەهید قادر قادری‌دا هەبوو، گیران و دادگاییش کران و حوکمی قورسی قەزایی‌یان بۆ دەرکرا. شەهید قادر قادرییش تێکۆشەری دێموکرات و فەرماندەری دێموکرات بووە و بە ئەمر و دەستووری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لێرە تێرۆر کرا. بەڵام ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دەزگای دادی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم دەسەڵاتەی پێیان دراوە، بەدوویدا چوون، لەوانەیە ئێمە تێبینییەکمان لەسەر ئەم حوکمە هەبێ کە بۆچی بەپێی ماددەیەکی قانوونیی دیکە حوکم نەدراون، بەڵام لێپرسینەوە و بەدواداچوون کرا و پەروەندەکەش وەگەڕ خرا و بڕیاریشی لەسەر درا. بۆیە بە سەرنجدان بە زۆر هۆ و هۆکاری دیکەش حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی وایە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ئەو توانا و زەرفییەتە حقووقییەیان هەیە کە ئەو پەروەندەیەی تێدا وەگەڕ بخرێ و ئاکامی دروستی خۆیشی لێ وەربگیرێ. هەڵبەت ڕوونە کە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات و هەموو لایەنەکانی دیکەی ئەو پەروەندەیە پارێزەر دەگرین و لە ڕووی سیاسی، حقووقی و مێدیاییەوە لەگەڵی دەڕۆینە پێشێ و چاوەڕوانیی ئەوەشمان هەیە کە دادگاکانی هەرێمی کوردستان پەروەندەکە بە ئاقارێکدا بەرن کە حەق بە حەقدار بگا و شانازییەک بۆ سەربەخۆیی دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار بکرێت.

**ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو لایەنەکانی دیکەی ئەو پەروەندەیە وەک بنەماڵەی قوربانییان پارێزەر دەگرین و چ لە ڕووی سیاسی، حقووقی و مێدیاییەوە لەگەڵی دەڕۆینە پێشێ و چاوەڕوانیی ئەوەشمان هەیە کە دادگاکانی هەرێمی کوردستان پەروەندەکە بە ئاقارێکدا بەرن کە حەق بە حەقدار بگا و شانازییەک بۆ سەربەخۆیی دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار بکرێ.**

**کاک مستەفا پرسیاری زۆر کەس ئەوەیە کە ئایا هیچ هەڕەشەیەک لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبوو، یان هیچ گوشارێک لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە لەسەرتان نەبوو کە ئەو تاوانبارانە ڕادەستی حکوومەتی هەرێم بکرێن؟**

بە مەسئوولییەتەوە دەڵێم ئەوەی لە کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی بنەماڵەی ئازیزی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لەگەڵ ئەواندا باسم کردوە، نە ڕاستەوخۆ و نە ناڕاستەوخۆ و بەکینایە و هیچ ئەگەر و ئەممایەک، هیچ فشارێک لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبووە. تەنانەت دەتوانم بڵێم کەم شوێن و لایەن هەر بەوەشیان زانیوە کە ئەو کەسانە لە لای حیزبی دێموکرات ڕاگیراون و حیزبی دێموکرات بۆخۆی لێپرسینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو پەروەندەیە دەکا. بەڵام کە کەیسەکە لە ناوەندی لێکۆڵینەوە و دەزگای ئەمنییەتی ئێمەوە کاری تەواوی لەسەر کرا و بۆ بڕیارلەسەردان هاتە دەفتەری سیاسی، ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو تێبینییە سیاسی و حقووقییەکانی قانوونی دەوڵەتان و قانوونی نێودەوڵەتی و، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو پەروەندەیە ئاکامێکی حقووقیی لێ بکەوێتەوە، بۆ ئەوەی حەق بە حەقدار بدرێ و، بۆ ئەوەی مەسئوولییەتی حقووقی و قانوونیی کارەکە بکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان کە جینایەتەکە لێرە کراوە، حیزبی دێموکرات بڕیاری دا ئەو کەسانە ڕادەستی دادگای هەرێمی کوردستان بکرێن.

**ئێوە چاوەڕوانی بڕیاری دەزگای دادی هەرێم دەبن یان پلانی دیکەشتان هەیە؟**

ئێمە بەڕوونی بەرنامەمان ئەوەیە کە ئەم

کوردستان
ژمارە: ٨١٣
٣٠ی سەرماوەزی ١٤٠٠ _ ٢١ی دێسامبری ٢٠٢١

پەروەندەیە بەنێودەوڵەتی بکەین و بۆ ئەوەش ماتریالی پێویستیمان هەیە. چونکی دەبینین کە وڵاتێکی وەک کۆماری ئیسلامی هاتوە بە سەختترین کەرەسەی ناباوی نیزامی، لە وڵاتێکی دیکەدا جینایەتی وەکوو ١٧ی خەرمانانی خوڵقاندوە. کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا، کەیس و خەتای کەم نییە، بۆیەشە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەیەوێ لە شوێنی دیکەش بەدوویدا بڕوا. ئەو پەروەندەیە ئەگەر لە دادگایەکی حقووقی و ڕەسمیی هەرێمی کوردستاندا حوکمی شیاو و بارتەقای قورسیی جینایەتەکەی لەسەر بدرێ، بەو مانایە کە کۆماری ئیسلامی مەحکووم بە ئەنجامدانی تاوانەکە بکرێ و کەسانی بڕیاردەر بە ئێمە و بیروڕای گشتی بناسێندرێن و جیا لەوەش تاوانبارەکان بە سزای خۆیان بگەیەنن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی ڕێزی تایبەتیی بۆ هەستی پاک و پڕ لە خەمخۆریی بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی کوردستان هەیە، بەڵام حیزب لە عەرزی واقع و، لەگەڵ واقعییات هەڵسوکەوت دەکا. حیزبی دێموکرات سیاسەتەکانی، قەرار و بڕیارەکانی دەبێ لەسەر ئەسڵی واقعبینی بێت. هەست و سۆز پیرۆزە، بەڵام مەرج نییە هەموو ئارزووەکانت بۆ بێنێتە دی.**

بۆیە وەگەڕخستنی ئەو پەروەندەیە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا یارمەتی بە زیندووبوونی قەزیەکە دەکا. سروشتییە کە ئەو ڕەوتە لە هەرێمی کوردستان لەوانەیە ماوەیەک بخایەنێت، بەڵام لە نیهایەتدا، ئەم کەیسە کە لە دادگایەکدا حوکمی قانوونیی خۆی وەرگرت، ئەوکات دەستی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی ئەو پەروەندەیە لە دادگای تاوانی وڵاتانی دیکەشدا وەگەڕ بخا ئاوەڵاتر دەبێ. هەر ئێستا دەبینین لە دادگاییکردنی حەمید نووری لە سوێد و ئەوەش کە لە بریتانیا لەژێر ناوی دادگای گەلیی ئابان بەڕێوە چوو؛ لە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەکۆڵدرێتەوە. ئەم ڕێژیمە لە کوردستان تاوانی زۆری خوڵقاندوە کە هەر کام لەوان و لەم دواییانەشدا مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات هەموویان بۆ ئەوە دەبن لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا بخرێنە گەڕ.

کۆماری ئیسلامی لەو ٤٣ ساڵەدا لە ئاستی ئێراندا جینایەتی زۆری کردوون، بەڵام لە کوردستان، بەنیسبەت هەمووی ئێران زۆر زیاتر. چون هەر لە ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕش و لە شەڕی سێ مانگەوە، کوردستان بە فتوای جیهادی خومەینی هێرشی کرایە سەر و شەڕێکی بەسەردا سەپا کە تا ئێستاش لە شکڵی جۆراوجۆردا درێژەی هەیە. لەو ماوەیەدا ڕێژیم زۆر جینایەتی لە کوردستان خوڵقاندوون کە بێگومان نایەوێ لە هیچ کوێ شتی لەسەر بگوترێ و بەڵگەی لەسەر پێشان بدرێ.

**یانی لەبەر ئەوە بۆخۆتان تاوانبارەکانتان سزا نەدا؟**

ئەمە زۆر گرینگە کە کەسێک دان بە تاوانەکەیدا دەنێ کە من مەئموور و ڕاسپێردراوی کۆماری ئیسلامی بۆ تێرۆر و تەقینەوە و کاری تێکدەری و سیخوڕی بووم، یان ئەمن دەستم لە جینایەتێکدا هەبووە کە دەرحەق بە کۆمەڵێک تێکۆشەری سیاسی و بنەماڵەکانیان کراوە، بێ و لە دادگایەکدا بیڵێ و قەزیە و پرسێک لە دژی کۆماری ئیسلامی دروست بکا. ئێمە ڕێز بۆ هەست و ئیحساسی خەڵکی کوردستان دادەنێین کە بەشێکی زۆریان –وەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش دەردەکەوێ– پێیان خۆش بوو سزای شۆڕشگێڕانەیان لەسەر جێبەجێ بکەین. بەڵام دەفتەری سیاسیی حیزب لەگەڵ ڕێزی بۆ ئەو هەست و ئیحساسە، خوێندنەوەی ئەوە بوو کە وەگەڕکەوتنی لە دادگایەکی هەرێمی کوردستان و دادگای وڵاتانی دیکەدا زۆر زیاتر قازانجی بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ.

**کاک مستەفا بۆ خەڵک ئەوەش پرسیارە کە چۆن دەبێ پێشمەرگەیەک کە دوایە دەردەکەوێ سیخوڕ و نێردراوی ڕێژیمە، بە کات و شوێنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بزانێ!**

من ئەوەی دەیڵێم بۆ بەرگری نیە، بەڵام ڕووداوی لەم بابەتە نە یەکەمجارە لە حیزبدا ڕوو دەدا، نە لام وایە دواجاریش دەبێ، چونکی حیزبی دێموکراتی کوردستان هێزێکی سەرەکی لە خەباتی مافخوازیی کورد لەدژی کۆماری ئیسلامییە و کۆماری ئیسلامییش بەو زەرفییەتە زۆر و ئیمکاناتەی بۆ هەڕەشە و تەماحوەبەرنان لەبەردەستیدا هەن، بێگومان دەست لە دژایەتی و زەبروەشاندن لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد هەڵناگرێ. کاری لە چەشنی سیخوڕی و تێکدەری تەنانەت لەنێو وڵاتانیشدا دەکرێ و ڕۆژ نیە شتێکی لەو بابەتە لە پێوەندیی نێوان دەوڵەتاندا نەبیستین. هەموو ئەوانە پێمان دەڵێ کە ئێمە دەبێ لەسەرهەستتر و دەقیقتر بین لە وەرگرتنی کەسەکان و کار پێئەسپاردنیان ئاگاداری وردی پیلانەکانی ڕێژیم بین.

**کاک مستەفا شتێک کە حیزبی دێموکرات لە هەموو قۆناخەکاندا بەردەوام شانازیی پێوە کردوە، سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان بوو. لەو ماوەیەدا و لە سۆنگەی ڕادەستکردنی ئەو دوو تاوانبارە، ئەو پڕەنسیپە هەندێ پرسیاری لەسەر دروست کرا. لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

بەڕای من ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، دێ بەنیسبەت کەیسێکی حقووقی، باسە حقووقییەکە دەدا بە دەزگایەکی حقووقی و یاسایی ئەوە ڕاست وەزیفەیەکی حقووقی و قانوونییە کە حیزبێکی سیاسی بەپڕەنسیپ، حیزبێکی سیاسیی بەئەزموون و لێزان دەبێ بیکا و حیزبی دێموکرات ئەوەی کردوە. پاشان حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەکوو ٣٠-٤٠ ساڵ لەوەپێش نییە بۆخۆی لە ناوچەیەکدا دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاسای سزادانی گشتیی خۆی هەبێ. وەک عەرزم کردی بۆ ئەوە کاتی خۆی ڕێکارێکی خۆی هەبووە و گرتوویەتە بەر. بەڵام ئێستا لە وڵاتێکی دیکەیە و دەبێ پابەندی قانوونی ئەو وڵاتە بێ. بە ڕەچاوکردنی یاسای ئەو وڵاتەش ئەو حیزبە سەربەخۆیی بڕیاردان و سەربەخۆیی سیاسیی خۆی لە دەست نادا. ئەو باسانەی لەو چەند ڕۆژەدا لە سۆسیال میدیا سەبارەت بە ڕادەستکردنی ئەو دوو تاوانبارە کران لە خۆشەویستیی خەڵک بۆ حیزبەوە سەرچاوە دەگرێ و ئێمە ڕێز لەو هەست و ئیحساسە دەگرین کە پێیان وایە دەبوو ئەو دوو خائینە لەلایەن خۆمانەوە سزا درابان؛ بەڵام ئەو بڕیارەی ئێمە سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانی حیزبی پێ خەوشدار نەبووە. بە درێژایی دەیان ساڵ تێکۆشانی حیزبی دێموکرات فەرهەنگێکی سیاسی لەم حیزبەدا دروست بووە کە کەس ناتوانێ ئەو سەربەخۆییە سیاسییەی لێ وەرگرێ.

**سەربەخۆیی سیاسیی یانی ئەوەی حیزبێکی سیاسی بۆخۆیی دروشمی ستراتیژیکی خۆی بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی، بە لێکدانەوەی خۆی دیاری دەکا. هەروەها حیزبێکی سیاسی بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسیی دۆخێک کە تێیدایە، جۆری خەباتی خۆی دەستنیشان دەکا و نیزامی ڕێکخراوەیی خۆی سازمان دەدا، پێوەندی سیاسی، یاسایی و دەوڵەتی و نێودەوڵەتی خۆی بەو قاعیدە و قانوون و ڕێوشوێنانە کە هەیە دادەڕێژێ. ئەمە سروشتی حیزبی دێموکراتە. بەڵام ئەوەی کە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات بڕیارێکی دیاریکراوی لەپێوەندی لەگەڵ ئەو دوو تاوانبارە داوە، بە هیچ وەسیلەیەک نە پێوەندیی بە سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە هەیە، نە بەوە سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانی حیزبی دێموکرات خەوشدار بووە.**

جا ئەمجار با وردتر بێینە سەر باسی سەربەخۆیی سیاسی. سەربەخۆیی سیاسی یانی چی؟ یانی ئەوەی حیزبێکی سیاسی بۆخۆی دروشمی ستراتیژیکی خۆی بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی، بە لێکدانەوەی خۆی دیاری دەکا. هەروەها حیزبێکی سیاسی بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسیی دۆخێک کە تێیدایە، جۆری خەباتی خۆی دەستنیشان دەکا و نیزامی ڕێکخراوەیی خۆی سازمان دەدا، پێوەندیی سیاسی، یاسایی و دەوڵەتی و نێودەوڵەتی خۆی بەو قاعیدە و قانوون و ڕێوشوێنانە کە هەیە دادەڕێژێ. ئەمە سروشتی حیزبی دێموکراتە. بەڵام ئەوەی کە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات بڕیارێکی دیاریکراوی لەپێوەندی لەگەڵ ئەو دوو تاوانبارەدا داوە، بە هیچ وەسیلەیەک نە پێوەندیی بە سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە هەیە، نە بەوە سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانی حیزبی دێموکرات خەوشدار بووە. لەو پێوەندییەدا ئێمە فەرموودەیەکی دوکتور قاسملوومان هەیە. دوکتور قاسملوو دەڵێ: "ئێمە پێمان خۆشە لەگەڵ هەموو کەس دۆستایەتی بکەین، بەڵام ئەگەر لەنێوان دۆستایەتی و لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی یەکیان هەڵبژێرین، ئەوە بێ سێ‌ودوو سەربەخۆیی سیاسی هەڵدەبژێرین." ئەوە لەجێی خۆی، بەڵام ئەمە چ پێوەندی بەوە داوە کە لە وڵاتێکی قانوونی تۆ بێی و باسێکی حقووقی بەریە بەردەم دەزگایەکی شەرعی و یاسایی ئەو وڵاتە؟ بۆیە ئەمن لاموایە لە ئەگەری پێچەوانەی ئەوەدا لەوانە بوو حیزبی دێموکرات زەرەری کردبا و هەندێ لێکەوتەی بە زیانی حیزب لێ شکابایەوە.

**کاک مستەفا پێداگریی ئێوە لەسەر یاسا و سەروەریی هەرێمی کوردستان لەجێی خۆیدایە. بەڵام لەکاتی مووشەکبارانی حیزبدا ڕێژیم ڕێزی لەو سەروەرییە گرت؟ حکوومەتی هەرێم بۆخۆیان چەندە بە خەم ئەو سەروەرییە و پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتەوە بوون؟**

ڕوون و ئاشکرایە کە ئێمەش مولاحەزەمان لەسەر سیاسەتی هەرێمی کوردستان و مەوقعییەتی هەرێم هەیە، هەر کاتی مووشکبارانەکەش لە لێدوانی مەسئوولینی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت ئەو سیاسەتە مولاحەزە و تێبینیمان هەبووە. بەڵام هەلومەرجی ئەمنییەتی و سیاسی لە عێراق بەمجۆرەیە کە هەرێمی کوردستان بەپێی دەستووری عێراق بەشێکە لەو وڵاتە و واقعییەت ئەوەیە دەستوەردانی وڵاتان و دەوڵەتان بە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆر لە عێراق زۆرە. یانی لە ناوەندی بەغداڕا تا دەگاتە سنوورەکانی، لە هەموو سنوورەکانی ئێران و تورکیە وەزعێکی تایبەت هەیە و ئەمەش کۆمەڵە مولاحەزە و تێبینییەکی هەم بۆ هەرێمی کوردستان و، هەم بۆ هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دروست کردوە. بۆیە مومکینە وەک ئێمە چاوەڕوانی دەکەین، نە وەختی مووشەکبارانەکە و نە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی دیکەشدا، بەرپرسانی هەرێم بەو جۆرە نەهاتبنە سەر خەت یا بەو جۆرە کردەوەی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم نەکردبێ کە واجبە مەحکوومی کەن. ئەوە حەقیقەتێکە و ئێمە خۆی لێ نادزینەوە و دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش سیاسەت و هەڵسوکەوتمان تەنزیم بکەین.

ئەگەر بە ئێمە بوایە دەکرا ئەوان لەو بارەیەوە ڕاستەوخۆ هاتبانە سەر خەت و تەوزیحیان وەرگرتبا، بەدواداچوونیان کردبا، تەنانەت سکاڵایان تۆمار کردبا، ئەوانە هەموو حەق و ڕەوان. بەڵام نەیانکردوە و خودی عێراقیش وەکوو دەوڵەتی مەرکەزی، ئەو مەوقعییەتەی بەوجۆرە نیە و هەرێمی کوردستانیش، بەتەبیعەتی حال لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدایە کە سەرەڕای کۆمەڵە شتێک ڕەنگبێ نەتوانێ بە دڵی خۆی یان بەپێی حوکمی خۆی بڕیار بدا. ئەوە مولاحەزەیەکە کە هەیە و بە ڕای من هەرێمی کوردستان لەبەرچاوی نەگرتوە. خۆ لە جەریانی زۆر کەیسی تێرۆری دەوڵەتی و نێودەوڵەتی کە کۆماری ئیسلامی لێرە کردوویەتی، لە دەرەوەی وڵات کردوونی، کۆماری ئیسلامی تێچوویەکی کەمی داوە. ئەوەی لە ئۆتریش بە نیسبەت تێرۆری دوکتور قاسملوو کرا، ئەوەی لە ژێنێف بەنیسبەت تێرۆری دوکتور کازم ڕەجەوی کرا، لە زۆر وڵاتی دیکە جیا لە پەروەندەی میکۆنووس و تێرۆری دوکتور سەعید، ئەوانی دیکە هەموویان زۆر و کەم مولاحەزاتی سیاسی، حقووقی و بازرگانی و پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئێران ڕەچاو کردوە. لەم بارەیەوە سەرنج و تێبینی زۆرن و ئێمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مولاحەزاتە دێین و حوکمی کۆتایی لەسەر کۆمەڵە کەیسێک دەدەین کە ئالۆزیی خۆی هەیە.

**وەک دواپرسیار، ئەمن وا تێگەیشتم کە کەیسێکی ئێحساسیمان کردووەتە کەیسێکی یاسایی و بەربڵاو، بۆ ئەوەی دەسکەوتی سیاسیی پتری بۆ بزووتنەوەی کورد هەبێ.**

ئەمن لە هەستی خەڵک، لەهەستی پیرۆزی کوڕی شەهیدێک، کچی شەهیدێک، برای شەهیدێک یان دۆستێک تێدەگەم و بە پیرۆزیشی دەزانم. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی ڕێزی بۆ ئەو هەستە هەیە، بەڵام لە عەرزی واقع و، لەگەڵ واقعییات هەڵسوکەوت دەکا. حیزبی دێموکرات سیاسەتەکانی، قەرار و بڕیارەکانی دەبێ لەسەر ئەسڵی واقعبینی بێت. هەست و سۆز پیرۆزە، بەڵام مەرج نیە هەموو ئارزووەکانت بۆ بێنێتە دی.

**سپاس کە کاتت بۆ ئەو دیمانەیە دانا.**

ئێوەش ماندوو نەبن.

# حەیدەر قوربانی ئێعدام کرا




بەندکراوی سیاسیی کورد حەیدەری قربانی خەڵکی شاری کامیاران ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی لە بەندیخانەی ناوەندی شاری سنە دوای ٥ ساڵ مانەوە لەژێر حوکمی ئێعدام لە سێدارە درا.

حەیدەر قوربانی تەمەن ٤٧ ساڵ مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٥هەتاوی لە گەڵ ژن براکەی بە ناوی "مەحموود سادقی" کە هەردووکیان خەڵکی گوندی "بزوەش" سەر بە شاری کامیاران، لەلایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعات دەستبەسەر ڕەوانەی یەکێک لە گرتنگە ئەمنییە کانی کۆماری ئیسلامی ئێران کرابوون حیدەری قوربانی لە گرتنگە لە ژێرتووندترین و بێبەزەییانە ترین ئەشکەنجە دابوو و ڕۆژانە چەندین جار لێکۆڵینەوەی لێ دکرا و لێکۆڵەرەکەی بەردەوام هەرەشەی کوشتنی لێ دەکرد .ئەو هاووڵاتییە دواتر گوازرایەوە بۆ بەندیخانەی ناوەندیی شاری سنە .حەیدەری قوربانی لە ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی ڕەزبەری ١٣٩٨ هەتاوی لەلایەن لقی ١ی دادگای تاوانەکانی شاری سنە بە تۆمەتی هاوکاری کردن و کارئاسانی بۆ کوشتنی چەند ئەندامی سپای پاسداران لە کامیاران دادگایی کرا و بە پێی ئەو حوکمە حەیدەر سزای١١٨ ساڵ و ٦ مانگ بەندکران و لێدانی ٢٠٠ قامچی بە سەردا سەپێندرا.

حکوومەتی ئێران لە یەکێک لە کاناڵەکانی خۆی بە ناوی (پرێس تی وی) کە کاناڵێکی ئینگلیزی زمانە، فیلمێکی لە دانپێدانانی حەیدەر قوربانی بڵاو کردەوە. حەیدەر قوربانی لەژێر ئەشکەنجەی نامرۆڤانە، ناچار بەو دانپێدانانە بووە و ناچار کراوە کوشتنی چەند ئەندامی سپای پاسداران وە ئەستۆی خۆی بگرێ. لەو فیلمە ٢٠ خولەکیەدا، تۆمەتبار لە پێش بنەماڵەی ئەو کوژراوانە کە سەر بە حکوومەتی ئێرانن، دانیشتووە و دان بە کوشتنیان دادەنێ.

حەیدەر قوربانی ماوەی ٢٠ مانگ هیچ چەشنە پێوەندییەکی لە گەڵ بنەماڵەکەیدا نەبووە و چەند مانگ پاش ئەوەیەکە دانپێدانانی زۆرەملێی ناوبراو لەسەر کاناڵ "پرێس تی وی بڵاو بووە بۆ یەکەم جار و ئەویش لە ڕێگای تەلەفوونەوە توانی لەگەڵ بنەماڵەکەی قسە بکا.

وەزارەتی ئیتلاعات لە سناریۆیەکی لەپێشدا دارێژراودا حوکمی سێدارەی بە سەر حەیدەر قوربانی سەپاند، بە شێوەیەک کە بە بڕیاری سەرۆکی دادگا، تەواوی دۆسیەکە بە تەواوی نهێنی ڕاگەیەندرابوو و پارێزەری ناوبراو دەستی پێ ڕانەگەیشتبوو. لەو دادگایەدا حەیدەر قوربانی لە لایەن لقی ١ی دادگای شۆڕشی شاری سنە بە سەرۆکایەتی دادوەر "سەعیدی" بە تۆمەتی "هاوکاری و ئەندامەتی لە حیزبێکی کوردستانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپاندو و ئەو حوکمە ڕێکەوتی ٨ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ هەتاوی لە ناو بەندیخانەی سنە بە فەرمی پێی ڕاگەیەندراوە.

جەوانمەردی، پارێزەری پێشووی ناوبراو ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە بەپێی یاسا ئەوپەڕی سزا بۆ حەیدەری قوربانی بەندکرانە. هەروەها گوتبووی "چۆن ئەتوانم بەرگری لە حەیدەر قوربانی بکەم کاتێک هیچ چەشنە زانیارییەکی وردم لە دۆسیەکەی نییە و ئەو دادگایە بە شێوەی نهێنی بەڕێوە دەچێ بەو هۆیەوە ئەم دادگاییە ڕەوا و جێگای پەسند نییە."

حوکمی سێدارەی حەیدەر قوربانی دوای داوای پێداچوونەوە و نارەزایەتی ناوبراو لەلایەن لقی ٢٧ی دیوانی بەرزی وڵات لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی وەک خۆی پشتڕاست کرایەوە. بنەماڵەی حەیدەر قوربانی لەم بارەوە رایانگەیاندبوو کە "ئێمە بەپێی ماددەی ٤٧٧ داوامان لە دیوانی بەرزی ئێران کردبوو کە سەپاندنی سزای سێدارە بە سەر حەیدەر قوربانی پێچەوانەی شەرع و پێچەوانەی یاسا بووە و ئەوانیش پەروەندەکەیان بە مەبەستی پێداچوونەوە گەڕاندبوویەوە بۆ دادگوستەری شاری سنە. بنەماڵەی ناوبراو ڕۆژی دووشەممە ١٨ی گەلاوێژ١٤٠٠ی هەتاوی چووبوونە دادگوستەری شاری سنە و ئەوانیش پێیان گوتبوون کە داواکارییەکەیان ڕەت کراوەتەوە و سزای لەسێدارە دانی حەیدەر قوربانی بۆ ناوەندی جێبەجێ کردنی سزاکان بەرێ کراوە.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی پێشتر لە بانگەوازێکدا ڕایگەیاندبوو کە بڕیاری جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامی ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە دەبێ دەمودەست ڕابگیرێ. لەو بانگەوازەدا، هاتبوو: "بەرپرسانی ئیتلاعات، دادستانی و دەسەڵاتی دادوەری ئوسوولی دادگاییەکی دادپەروەرانە لە دۆسییەی ئەو زیندانییە سیاسییەیان پێشێل کردووە. دادگا بە پێچەوانەی یاسا پشتی بە "دانپێدانان" لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە، بەبێ ئامادەبوونی پارێزەرەکەی بەستووە و لە کاتێکدا کە حەیدەر قوربانی، قوربانی دانپێدانانی زۆرەملێیە".

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەدا بەڵام دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی سەرماوەزی بەندکراوی سیاسی کورد حەیدەری قوربانیی لە بەندیخانەی ناوەندی شاری سنەدا بە شێوەی نهێنی لە سێدارە دا. ئەو لە حاڵێکدایە کە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی بڕیارنامەی مەحکومکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان پەسەند کرا.

ئێعدامی ئەو زیندانییە سیاسییە کوردە لەحاڵێکدایە کە هەر ئێستا ژمارەیەکی دیکە لە چالاکانی سیاسیی کورد لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا مەترسیی ئێعدامکردنیان لەسەرە، بۆیە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ پێویستە بە جیدی بە دواداچوون بۆ کەیسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران و بە تایبەتی بەندکراوانی سیاسیی کورد بکەن و هەموو گوشارێکی مومکین بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی بۆوەی پێش بە ئێعدامکردنیان بگیردرێ.

# مافی مرۆڤ، دادگای تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی



ڕەحمان سەلیمی

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بە هەموو شێوەکان هەوڵی داوە بۆ پاراستنی ئەو نیزامە سیاسییەی کە لە ڕۆژی هاتنەسەر کارییەوە بەسەر خەڵکیدا سەپاندووە لە هەموو ڕێگایەک کەلک وەرگرێ و لەو پێناوەدا تاوانی زۆر جۆراوجۆری ئەنجام داوە. هەموومان ئەوە دەزانین، بەڵام کێشە سەرەکییەکە ڕەنگە ئەوە بێ لە لاپەرەکانی مێژووی ٤٣ ساڵەی ئەو ڕێژیمەدا تۆزێکی زۆریان لەسەر نیشتووە و پێویستییان بە تۆزتەکاندنێکی باش هەیە. ئەو دادگایانە کە لەو ماوەیەدا بەڕێوە چوون، هەوڵێکی باشن بۆ هەڵدانەوەی بەشێک لەو تاوانانە.

پێویستە نوکتەیەک ڕوون بکەمەوە، کاتێک کە باسی تاوان دەکەین و ئەو تاوانانەی کۆماری ئیسلامی کە لێرە مەبەستمانە، تاوانی گەورەیە واتە تاوانی نێودەوڵەتییە. تاوانی نێودەوڵەتی بەو مانایە تاوانێکە لە ئەساسنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی باس کراوە. سێ تاوان بە تاوانی نێودەوڵەتی دادەندرێن، کە بریتین لە ژینۆساید، تاوانی دژە مرۆیی، تاوانی جەنگ. لەڕاستیدا باسەکەی ئێمە لەسەر ئەو سێ تاوانەیە کە گرینگیکی نێودەوڵەتییان هەیە و ویژدانی مرۆڤایەتی ئازار دەدەن. سیستەمی قەزایی نێودەوڵەتی لە ئێستادا، بە حەساسییەتەوە چاو لەو مەسەلەیە دەکا و کۆمەڵێک ڕێکار و میکانزمی نوێی داناوە بۆ ئەوەی کە پێش بگرێ لە هەڵاتنی ئەو تاوانبارانە و سزادانیان.

باوترین و بەربڵاوترین ڕێگا بۆ بە دواداچوونی تاوان و سزادانی تاوانباران، ئەو دادگایانەیە کە لە وڵاتەکاندان. لە قۆناغی یەکەمدا سەڵاحییەتی دادگا و سەڵاحییەتی ئەو وڵاتانەیە کە تاوانەکەیان تێدا ئەنجام دەدرێ ئەو ئەرکە وەئەستۆ بگرن. بەڵام ئاشکرایە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا هیچ ئومێدێک بەوە نییە کە بتواندرێ لە نێوخۆی ئێراندا تاوانباران بەدواداچوونی قەزاییان بۆ بکرێ.

بۆیە سیستەمی دادخوازیی نێودەوڵەتی، بەرەو ئەوە ڕۆیشتووە کە چۆن دەکرێ ئەو تاوانبارانە بخرێنە بەردەم دادگایەکی بێلایەن کە هەم سەڵاحییەتی مەحکوومکردنی تاوانبارانی هەبێ، و هەم بە جۆرێک گوشار بێنێ بۆ ڕای گشتی و هەروەها بۆ نیزامە سیاسییەکان لە داهاتوودا خۆ ببوێرن یا خۆبپارێزن لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە.

لێرەدا پرسیار جەوهەرییەکە ئەوەیە میکانیزم یان میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوەی تاوانی نێودەوڵەتی کامانەن؟

فەلسەفەی نوێی قەزایی لە جیهاندا و ئەو ئاراستەیەی کە سیستەمی قەزایی لە جیهاندا گرتوویەتیە بەر، ئەوەیە کە تاوانبارانی نێودەوڵەتی نابێ بە هیچ شێوەیەک لە سزادان قوتار بن. یەکێک لە گرینگترین ئەو میکانیزمانە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، کە بەشێک لە وڵاتانی پێشکەوتوو کاری پێ دەکەن، سەڵاحییەت بەخشین بە دادگاکانی نێوخۆی وڵاتانە بۆ ئەوەی کە ئەو تاوانانەی پێشتر لە سەڵاحییەتی دادگای وڵاتەکاندا نەبوون، سەڵاحییەتیان پێ بدرێ بە دواداچوون بۆ ئەو تاوانانە بکەن.

دەزانین دادگای قەزایی وڵاتان، بۆی هەیە لە سێ حاڵەتدا بەرەوڕووی تاوانبار و تاوان ببێتەوە:

- تاوانبار هاووڵاتیی وڵاتەکە بێ.
- تاوانبار لەو وڵاتە تاوانەکە ئەنجام بدا.
- تاوانبار خەڵکی وڵاتەکە نییە و لە وڵاتەکەش تاوانەکە ئەنجام نادا، بەڵام تاوانەکەی ڕاستەوخۆ بەرژەوەندیی وڵاتەکە دەخاتە مەترسییەوە.

ئەوە سێ حاڵەتە سەڵاحییەتی زۆربەی دادگاکانی جیهانە. لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە هێندێک وڵاتانی پێشکەوتوو باسێکی دیکە هاتۆتە گۆڕێ کە بەتایبەت بۆ ئێمە زۆر گرینگە. ئەویش بریتیە لە سەڵاحییەتی جیهانی قەزایی. واتە کاتێک تاوانێک هیچ کام لەو تایبەتمەندییانەی تێدا نەبێ کە ئاماژەیان پێکرا، دادگای نیشتمانی ئەو سەڵاحییەتە بە خۆی دەبەخشێ بەدواداچوونییان بۆ بکا و تاوانباران سزا بدا و بێگومان حوکمەکەش "لازم الاجرایه".

دیارە واقعیەتێک هەیە نابێ لەبیر بکرێ، پێوەندی نێودەوڵەتی یان بەرژەوەندی وڵاتان زۆر جار لەمپەرە لەبەر دەم بەدواداچوونی تاوانبارانی وڵاتانی دیکە. بۆیە مەسەلەی زاڵبوونی بەرژەوەندیی وڵاتان و پێوەندی نێودەوڵەتی بەسەر یاسا نێودەوڵەتییەکاندا، واقعیەتێکە کە تا ڕادەیەکی زۆر لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پشتی پێ دەبەسترێ و دەبێتە هۆی ونبوونی حەقیقەت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاوانباران زۆر جار ڕزگارییان بێ لە سزادان.

دوو پرسی گرینگ لە ماوەی ڕابردوودا هاتۆتە گۆڕێ، هەر دوو بابەت گرینگن بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێران بە گشتی، بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردیش گرینگێکی تایبەتییان هەیە. یەکەمیان مەسەلەی دادگای خەڵکیی قوربانیانی خەزەڵوەر بوو. دادگای خەڵکی یان ئەوەی پێی دەڵێن تریبوونال، هەر لە ناوەکەی ڕا دیارە زیاتر تریبوونە، تریبوونێکە بۆ وروووژاندنی ڕای گشتی، بۆ ئەوەی کە فشار بخەنە سەر وڵاتان، فشار بێنن بۆ ناوەندە دەسەڵاتبەدەستەکان، بۆ ئەوەی تاونباران نەتوانن لە یاسا ڕابکەن. ئەو دادگایە هەرچەند هێندێک پێیان وایە دادگایەکی سیاسییە نەک قەزایی، بەڵام زۆربەی تایبەتمەندییەکانی قەزایی تێدایە.

بەڵام دەزانین حوکمەکانی ئەو دادگایە "لازم الاجـرا" نین، واتە هێزێک نییە کە توانای بەدواداچوون و دەستبەسەرکردنی تاوانبارانی هەبێ. "بێرتراند ڕاسڵ" یەکەم دادگای خەڵکیی سەبارەت بە جینایەتەکانی ئەمریکاییەکان لە شەڕی ڤیەتنام پێکهێنا کە بە ڕاسڵ تریبوونال ناوبانگی دەرکرد. لەو کاتدا سەرەڕای ئەوەی کە ڕاگەیاندن، سۆشیال میدیا، ئەو حەجمە تەبلیغاتییە کە ئێستا لە دنیا دا هەیە نەبوو، بەڵام کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر هاندانی ڕای گشتی نێودەوڵەتی بۆ ئەو جینایەتانەی کە ئەمریکاییەکان لە شەڕی ڤیێتنامدا ئەنجامیان دابوو.

ساڵی ١٣٨٦ دادگایەکی خەڵکی پێکهات بە ناوی ئێران تریبونال. ئەو دادگا خەڵکییە هەوڵی دەدا ئێعدامی بە کۆمەڵی دەهەی ٦٠ بەتایبەت زیندانیانی سیاسی ساڵی ١٣٦٧، بخاتە بەر باس. دیارە بەڕێوەبەرانی ئەو دادگایە سەرەتا هەوڵیان دا، ڕێگایەک ببیننەوە بۆ ئەوەی کە لە دادگایەکی واقعیی‌تر و دادگایەک کە توانای قەزایی هەبێ ئەو مەسەلەیە باس بکەن. ئەوان چاویان لێ کرد دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی کە سەڵاحییەتی ئەوەی هەیە بەدواداچوون بۆ تاوانی هاوشێوە بکا، بریتییە لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی سەڵاحییەتی ئەوەی هەیە، تاوانبارانی نێودەوڵەتی محاکمە بکا و سزایان بدا. بەڵام ئێران ئەندامی ئەو دادگایە نییە، ئەوە یەکێک لە لەمپەرەکان بوو. هەروەها دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تەنیا سەڵاحییەتی بەدواداچوونی ئەو تاوانانەی هەیە، کە دوای ساڵی ٢٠٠٢ واتە دوای دروستبوونی ئەو دادگایە ئەنجام دراون.




واتە کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی ١٣٦٧ ناکەوێتە چوارچێوەی ئەو تاوانانە. دیارە ئەویش هێندێک ئیستسنای تێدایە، لێرەدا ڕەنگە جێگای باسکردنی نەبێ. ئەوان دەیانزانی دادگای خەڵکی توانای دەرکردنی بڕیارێکی نییە کە جێبەجێی بکا، بەڵام هاتن دادگایەکیان ڕێک خست و، دادگاکە کاریگەریی لەسەر بیروڕای گشتی دانا.

لانیکەمی کاریگەرییەکەی ئەوە بوو تا ئەو کات، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی حاشایان لە ئێعدامی زیندانیانی سیاسی ١٣٦٧ دەکرد. بەڵام لەوساوە تەوجیهی دەکەن بەوەی کە شەڕێک ڕووی داوە و موجاهیدین هێرشی کردووە بە پشتیوانیی دەوڵەتی عێراق، ئەوانە تاوانباری شەڕن و زۆر سروشتییە کە ئێعدام کراون. ئەو دانناەی ڕێژیم خۆی پێشکەوتنێکە، ئەوەی کە ناچار بوون ئێعترافی پێ بکەن و ئێستا دەبینین ڕەئیسی نەک حاشای لێ ناکا، بەڵکوو بە شانازییەوە باس لەوە دەکا ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە و پێیوایە دەبێ خەڵاتیش بکرێ.

دەبینین ئێستا لە دادگای حەمید نووری بەشێک لەو بەڵگانەی کە لە ئێران تریبونال پێشکەش کراون، کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. واتە بۆتە جێگای پشت پێبەستنی دادگایەکی ڕەسمی.

کاتێک دادستانی ستۆکهۆڵم، دادگای بە قەناعەت گەیاند حەمید نووری دادگایی بکا، بەپێی سەڵاحییەتی جیهانی قەزایی، کە دەوڵەتی سوئێد داویەتی بە دادگاکانی خۆی، هەڵوێستێکی قەزایی مێژوویی تۆمار کرد. دادگایی کردنی حەمید نووری لە ڕاستیدا، دادگایی کردنی سیستمێکی سیاسییە بە گشتی.

حەمید نووری وەک لە ڕاپۆرتی دادستانی سوئێدیش دا هاتوە، یەکێک لەو کەسانە بووە کە بڕیارەکانی بەشێوەیەکی هەرەمی جێبەجێ کردووە. ئێمە فەتوای خومەینیمان هەیە لەسەر زیندانیانی سیاسی، دواتر دانپێدانانی جێگری خومەینیمان هەیە کە مونتەزری بوو. دواتر ئەو دانپێدانانە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەو دواییانە دا کردوویانە سەبارەت بەو ئێعدامانە. کەواتە بۆتە شتێکی سیستماتیک و بەرنامە داڕێژراو. لەسەر سەرەوی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیدا تاوانێکی گەورە ئەنجام دراوە و هەزاران کەس کوژراون و، وڵاتێکی وەکوو سوئێد بە حەقی خۆی دەزانێ بە دواداچوون بۆ ئەو کەیسە بکا.

دادگایی کردنی حەمید نووری و بەرەوپێش چوونی ئەو ڕەوتە ئەگەر تەنانەت نەبێتە هۆی مەحکوومکردنی خودی حەمید نووری، بە جۆرێک خستنە ژێر پرسیاری کۆماری ئیسلامییە لە هەلومەرجی ئێستادا. ڕای گشتی چ لەنێوخو چ لە دەرەوە، تەنانەت چ لە ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی جیهان بە شێوەیەک هەستیار بووە کە ئاسان نەبێ تاوانبارانی کۆماری ئیسلامی بچنە وڵاتێکی پێشکەوتوو و ئازاد و بە ئاسانی بتوانن بێنەوە دەرێ لێی. ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە تا ئێستا بەدیهاتووە، بەدەر لەوەی حوکمەکەی چی دەبێ و بەکوێ دەگا.

بەڵام لە هەموو ئەو بەرگرییانەدا کە حەمید نووری دەیکا بە پشتبەستن بەو ڕێککەوتنانەی کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەو وڵاتانە هەیبووە و بەو موماشاتەی کە وڵاتە ئوروپاییەکان لەسەر مەسەلەی مافی مرۆڤ لەگەڵ ئێران نواندوویانە (بۆ نموونە لە کەیسی دوکتور قاسملوودا)، بەردەوام دەڵێ "ئەگەر چوومەوە ئێران کێشەم بۆ دروست دەبێ". یانی هەتا ئێستاش باوەڕی بەوە هەیە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی ئێران لەگەڵ سوئێد ئەو دەرفەتە بۆ حەمید نووری دەرخسێنێ کە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ ئێران و ڕزگاریی بێ لە سزادان. بەڵام ئەوەی کە هەتا ئێستا ڕووی داوە فشارێکی گەورەی دروست کردووە تەنانەت بۆ وڵاتی سوئێد، ڕای گشتیی وڵاتی سوئێد، ڕای گشتی نێودەوڵەتی، کە زۆر ئاسان نەبێ ئەو کارە.

زەقبوونەوەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە دادگایەکی نێودەوڵەتی و گەورەکردنەوەی ئەو پرسە لە نێوخۆی ئێراندا، کاریگەریی گەورەی لەسەر ئێران دەبێ. یەکێک لە کاریگەرییە سەرەکییەکانی ئەوەیە کە تێچووی ئەو پێشێلکاریانە زۆر دەباتە سەر، یانی تێچووی پێشێلکارییەکانی داهاتووی کۆماری ئیسلامی زۆر دەباتە سەر و کاریگەریی دوویەمیشی ئەوەیە کە لە پێوەندییەکانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ئەو دەستئاواڵەیەی جارانی نابێ. بێگومان کاریگەری دەخاتە سەر هێندێک ناوەندی بڕیار بە دەست کە سزا بسەپێنن بەسەر ئەو کەسانە و ئەو لایەنانەی کە لەو دادگایانەدا مەحکووم دەکرێن.

بۆ نموونە لە مەسەلەی دادگای خەزەڵوەردا پێشبینی دەکرێ ئەو سەد و چەند کەسەی کە دادگا وەکوو تۆمەتبار ناساندوونی و ئێستا حوکمیان لەسەر نەدراوە، هێندێک لە ناوەندە بڕیار بە دەستەکان بیانخەنە لیستی ڕەشەوە، گەمارۆیان بخەنە سەر و تێچوویان بۆ دروست بکەن. ڕۆڵێکیتر کە ئەو مەسەلەیە هەیەتی زەقبوونەوەی پێشێلکاری مافی مرۆڤە، کە دەتوانێ کاریگەری لەسەر یەک گوتاری لەنێو ئۆپۆزیسۆنی کۆماری ئیسلامی بەگشتی هەبێ. لەوانەیە بزووتنەوەی سیاسیی ئێران بە گشتی لە زۆر بابەتی جۆراوجۆردا، جیاوازییان هەبێ تەنانەت بەیەکەوە دانیشن. بەڵام پێشێلکاری مافی مرۆڤ خاڵێکە، کۆدەنگێکی لەسەر دروست بێ و یارمەتی دەدا بە پێکهێنانی ئاڵترناتیڤی داهاتووی کۆماری ئیسلامی.




**ئێمە دەتوانین چی بکەین!**

ئێمە لە ئێستادا کە پرسێکی ڕەوامان هەیە، ئەو دەرفەتانەی لەبەر دەستی ئێمە دان و هەروەها ئەرکی ئێمە چی دەبێ. ئێمە دەبینین کە ئێستا کۆمەڵێک لە لایەنە سیاسی و سەراسەرییەکان توانیویانە کاریگەری دروست کەن لەسەر ڕەوتی دادگاکان و پێکهێنانی. بەڵام ئێمەی کورد چۆن دەتوانین کەڵک وەرگرین لەو دەرفەتەی دروست بووە. دەرفەتێک کە بە سەرنجدان بەوەی ئێران لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەوە ناسراوە، ڕێژیمێکی پێشێلکاری مافی مرۆڤە و هەر بۆیە دەتوانرێ بە ئاسانی ئەو قەناعەتە بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بهێندرێ کە دادگای وڵاتێکی وەکوو سوئێد دەستی ئاواڵەتر بێ، بۆ بەدواداچوون.

یەکێک لە قوربانیانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیین. لەوانەیە ئەو تاوانە نێودەوڵەتییانە کە کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ئەنجامی داون، زۆر زیاتر بن لە ناوچەکانی دیکە ئێران. ئەگەر بڵێین تەنیا تاوانی دژە مرۆیی و تاوانی جەنگ لە ناوچەکانی دیکە ئێران بەڕێوەچوون، بێگومان لە کوردستان تاوانی ژینۆسایدیش کراوە.

کەواتە ئەرکی ئێمە قورسترە بۆ ئەوەی کە بوونمان هەبێ لەو دادگایانە و خۆمان فەزایک دروست کەین کە تێیدا کەسانێکی دیکە وەکوو حەمید نووری و سەدان کەسی وا سەردانی وڵاتان دەکەن، تەنانەت ئەوەی کە پێوەندی بە دادگای خەڵکییەوە هەیە بتوانین ڕێکی خەین و دەرفەتێک دروست کەین بۆ بەرەو پێشچوونی دۆزەکەمان. یانی پێم‌وایە دەتوانێ بێتە ڕەهەندێکی گرینگ لە خەباتی سیاسی، تەنانەت خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئێمە ئەگەر ئاوڕێکی کورت بدەینەوە بەو تاوانانەی کە کۆماری ئیسلامی ئەنجامی داون.

کەواتە تەواوی تاوانەکانەکانی نێودەوڵەتی لە کوردستان زۆر بە زەقی و بەربەرین بەڕێوەچوون. ڕەنگە زۆریش سەخت نەبێ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی خوارەوی ئەو تاوانانە. ئێمە هەموو کەرەستەکانمان لەبەر دەستدان و دەزانین بۆ نموونە لە قارنێ چی کراوە لە قەڵاتان چی کراوە، هەمو ئەوانە بە داتای وردە و بە کۆکردنەوەی هەموو ئەو زانیاریانە کە لەو ڕووداوانە هەن، تەنانەت بە شایەدیدانی کەسانێک کە یان لە دەرەوەی وڵاتن یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و نەناسراو، وەک ئەوەی کە لە دادگای خەڵکیی خەزەڵوەردا دیتمان شایەدیان دا.

یانی کۆکردنەوە و بەڵگەمەندکردنێک نرخی یاسایی هەبێ لە ئێستادا ئەرکێکی جیددی و هەنووکەیین. بۆیە وەکوو هەنگاوی یەکەم ئێمە دەبێ تێچووی بۆ بدەین و حیسابی لەسەر بکەین. ئەوەش بزانین کە دەتوانێ کاریگەری گەورەی هەبێ لەسەر دۆزەکەمان. هەروەها دەتوانێ کۆدەنگێکی گەورە دروست بکا بۆ ئەو بزووتنەوە سیاسی و نەتەوەییە کە ئێمە لە کوردستان هەمانە. یانی ئەڵقەکانی دەوری حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی بەرتەسک‌تر دەکاتەوە. پرسی مافی مرۆڤ جیا لە مەسەلە سیاسییەکانی دیکە، زۆر باشتر دەتوانێ خەڵک لە دەوری پڕۆژەیەکی سیاسی کۆ بکاتەوە. بۆیە دەتوانێ لە ئاستی سەراسەریدا، لە ئاستی کوردستان‌دا بەرەو یەکگوتارییەکمان بەرێ.

پێویستە ئێمە ئەزموون وەرگرین لەو دادگایانە، لەبەر ئەوەی ڕێچکەیەکی نوێی قەزاییە لە جیهاندا دەستی پێ کردووە، لە سەردەمی تەقینەوی زانیارییەکاندا، وای کرد پرسەکە ببێتە پرسێکی نێودەوڵەتی و ڕای گشتی بە تەواوی بۆ ئامادە کرا. هەروەها تێچووی پێشێلکردنی مافی مرۆڤی بۆ لایەن کۆماری ئیسلامی قورستر کرد.

***


* ئەم بابەتە پوختکراوی باسێک بوو کە لە سمینارێکدا پێشکێش کرا.

چاوخشاندنێک بە کتێبی

# «سەدەیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا: تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی»



قادر وریا




**ئاماژە:**

"سەدەییێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا: تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی"، کتێبێکە لە نووسینی زیندەیاد پڕۆفیسۆر ئەمیر حەسەنپوور، ٢٥٦ لاپەڕە و ساڵی ٢٠١٥ لە لایەن "بنکەی ژین"ەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

نێوەڕۆکی کتێبەکە لەم بابەتانە پێک هاتووە:

– سەرەتا: زمانی کوردی وەک گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و ئیدەئۆلۆژی،
– پێشەکی: تەقەللا بێسوودەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ،
– وتووێژێک لەگەڵ تۆفیق وەهبی
– محەممەد ئەمین زەکی: دوو تەقەللای بێسوود.

**گرنگیی ئەم کتێبە:**

کتێبی "سەدەییێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا..." ئاوڕدانەوەیەکە لە مێژووی زمانی کوردی لە یەک سەدەی ڕابردوودا. هەم ئاماژە بەو دەرفەتانە دەکا کە لە ماوەی سەدەیەکدا بۆ بووژانەوەی زمانی کوردی، پێک هاتن، هەم ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕانە کە دۆخێکی سیاسی و گشتیی نەخوازراو و نالەباریان بۆ زمانی کوردی دروست کردووە. ئەو کێشانەش کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زمانی کوردی بەرەوڕوویان بووەتەوە و بۆچوونەکانی نووسەر لە بارەیانەوە ڕەهەندێکی دیکە لە گرنگیی ئەو کتێبە پێک دێنن.

**زمانی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا:**

مێژوویەک کە پرۆفیسۆر حەسەنپوور ئاوڕی لێ داوەتەوە لە ١٩١٨ەوە دەست پێ دەکا. لەو ساڵەوە "زمانی کوردی تووشی سیاسەتی زمانیی جۆراوجۆر بووە، لە زمانکوژیی (linguicide) تورکیە و ئێران ڕا بگرە هەتا گەشەپێدانی لە یەکیەتیی سۆڤیەت لە ساڵانی٢٠ەوە هەتا ١٩٣٧. لە نێوان ئەو دوو سیاسەتەدا، لە عێراق دەوڵەتی ئینتیداب و پاش ئینتیداب لەگەڵ زمانی کوردی هەڵیان دەکرد، بەڵام ڕێگەیان نەدەدا گەشە بکا و پەرە بستێنێ. فارسی و تورکی و عەرەبی بوون بە زمانی ڕەسمی و دەوڵەتی و کران بە ئامرازی دارشتنی نەتەوە-دەوڵەتی تورک، ئێرانی، عێراقی و سوورییەیی و تواندنەوەی گەلی کورد."(لاپەرەی ٧)

دوای دامەزرانی دەوڵەتی عێراق، زمانی کوردی لە چاپەمەنی و خوێندنی سەرەتایی و کاری ئیدارەییدا کەم و کورت دەکار هات. لە ساڵی ١٩٣١، ڕێژیمی ئینتیداب لە پرۆسەی سەربەخۆکردنی عێراقدا، بۆ ڕازیکردنی کورد و ئاسۆری و تورکمەن، "قانوونی لوغاتی محەللی"ی بە سەر بەغدا داسەپاند و کوردی وەک "زمانێکی محەللی" بە شێوەیەکی قانوونی ناسرا.

**زمانی کوردی لە سەرەتاکانی دامەزرانی دەوڵەتی داتاشراوی عێراقدا:**

پرۆفیسۆر حەسەنپوور لە سەرەتا و پێشەکییە دەولەمەند و تێر و تەسەلەکەی بۆ ئەم کتێبەدا، ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە جیبەجێکردن یا لە ڕاستیدا جێبەجێنەکردنی ئەم بڕیارە و کۆمەڵێک بڕیاری دیکەی پێوەندیدار بە مافەکانی کورد لە وڵاتی عێراقدا باس دەکا. هەم هەوڵەکانی ڕێژیمی شایەتی بۆ بەرتەسککردنەوەی ئەو بەڵێنانە و بەرە بەرە خۆ لێدزینەوەیان شی دەکاتەوە، هەم تیشک دەخاتە سەر تەقەللای ڕۆشنبیرانی کورد بۆ چەسپاندنی ئەو مافانە و دەنگ هەڵبڕینیان دژی پەیمانشکێنییەکانی بەغدا. تۆفیق وەهبی و ئەمین زەکی بەگ دوو لەو ڕۆشنبیرانەن. لە باسکردنی تەقەللاکانی ئەو دوو ڕۆشنبیرەش پشت بە چەند بەڵگەنامەیەک دەبەستێ. یەک لەو دۆکیۆمێنتانە، وتووێژێکی خۆی (ئەمیر حەسەنپوور) لەگەڵ تۆفیق وەهبی لە ٢٨ی تەمووزی ١٩٧٦ لە لەندەنە. حەسەنپوور ئەم وتووێژەی بەو مەبەستە بوو کە لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی زمانی کوردی لە دەوڵەتی تازەدامەزراوی عێراق و تێکۆشانی ئەو بۆ ستانداردکردنی کوردی، زانیاریی لێ وەربگرێ. دووهەم دۆکیۆمێنت ناميلكەیەكە لەژێر ناوی "دوو تەقەللای بێسوود" لە نووسینی ئەمین زەکی بەگ.

"زەکی وەک مێژوونووس ناسراوە. هەڵبەت زەکی خەریکی زمان و ئەدەبی کوردییش دەبوو، و لە مێژووی بەرنامەڕۆنانی (language Planning) زمانی کوردی گەلالە کرد, بەڵام دەوڵەتی ئینتیداب دەنگی کپ کرد. لە زانستی زماندا، بەرنامەڕۆنانیز زمان دەکرێتە دوو بەش: بەرنامەڕۆنانی پلە و پایەی زمان (Status Planning) و بەرنامەڕۆنانی جەستە یان کەرەستەی زمان (Corpus Planning). زەکی لەو دوو عەریزەیەدا کە لە ١٩٣٠ و ١٩٣١دا بۆ مەلیک فەیسەل و مەندووبی سامی نووسی، ڕەخنەی لە "لایحەی لوغاتی محەللی" گرت و پێشانی دا کە ئەو بەڵگەیە پلە و پایەی زمانی کوردی نزم دەکا و دەبێتە "مانعی تەرەقی و تەکامولی زمانی کوردی" و " عەدل و عوود تەئمین ناکا". (لاپەرەی ١٠)

لە ٢٠ی کانوونی دووهەمی ١٩٣٠دا ئەمین زەکی بەگ لەو پێوەندییەدا عەریزەیەک بۆ مەلیک فەیسەل دەنێرێ. لە٢٠ی مایسی ١٩٣١یشدا ڕەخنەکانی خۆی لە عەریزەیەکدا بۆ مەندووبی سامی نارد کە دیارە لایەنە پێوەندیدارەکان بە دەنگیەوە نەهاتن. ساڵی ١٩٣٥ ئەو دوو عەریزانە لە ژێر ناوی "دوو تەقەللای بێسوود" لە بەغدا لە چاپخانەی مەریوانی چاپکران، بەڵام دەوڵەتی بەغدا ڕێگەی بڵاوبوونەوەی نەداوە.

**ڕیفۆرمی زمانی بێ پشتبەستن بە تیۆری و میتۆدی زانستی:**

هەر وەک لە ناوی کتێبەکەیەوە دیارە، حەسەنپوور لە ڕەوتی باسکردنی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی کورد و زمانی کوردی لە عێراق، زۆر پرس و بابەتی گرنگی دیکەی پێوەندیدار بە زمانی کوردی باس دەکا. لە ڕاستیدا "سەدەییێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا" لە مێژووی تێکۆشان بۆ چاککردن، ڕیفۆرمکردن یان ستانداردکردنی زمانی کوردی دەدوێ. بە گوتەی حەسەنپوور "یەکێک لە تایبەتێتییەکانی ئەو خەباتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زمانی کوردی ئەوەیە کە پشتئەستوور بە تیۆری و میتۆدی زانستی و تێبینی مێژوویی نییە." ئەو زمانەوانە کوردە لە گەڵ باسکردنی هەوڵەکانی پێوەندیدار بە چاککردنی ئەلفوبێی کوردی، ستانداردکردنی زمانی کوردی، پەتیگەرایی و دەرهاویشتنی وشە عەرەبییەکان لە زمانی کوردی، هەڵە و بۆچوونە چەوتەکان و ئاکامە زیانبارەکانیان دەستنیشان دەکا.

**دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێ لە مێژووی زمانی کوردیدا:**

"لە ١٩٩١ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا و ئەو کۆت و زنجیرەی دەوڵەتی عێراق و قانوونەکەی لە دەست و پێی زمانی کوردیی بەستبوو، لە بەر یەک ترازاند و زمانەکە ئازادیی سیاسیی وەدەست کەوت، و لە ساڵی ٢٠٠٥دا، دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس، بوو بە زمانێکی ڕەسمیی هاوشانی زمانی عەرەبی لە کۆماری عێراقدا. ئەگەر پێش ١٩٩١ ناکۆکیی سەرەکی لە نێوان زمانی کوردی و دەوڵەتی عێراق (یان کوردی و عەرەبی)دا بوو، لێرەوپاش ناکۆکی دیش بەدی دەکرێ- ئەو جار لە نێوان ئاخیوەرانی کوردی (لەهجەکان و ناوچەکان) و لەنێوان کوردی لە لاییک و ئینگلیسی، تورکی و فارسی و سوریانی لە لایێکی دی. میراتی لەت و کوت بوونی کوردی لە ١٩١٨دا، لە گەڵ ئەوەشدا باری ژئوستراتژیی ناوچە گۆڕاوە، هێشتا لە چارەنووسی زمانەکەدا دەور دەگێڕێ. لە تورکییە و سوورییە، کورمانجی سەری هەڵێناوە، و لە گەڵ ئەوەشدا لە قەفقاز دوای تێکچوونی یەکێتیی سۆڤیەت نوشوستی کردووە، لە ئەوانەیە جێگەی پێشینی خۆی، وەکوو لەهجەی سەرەکیی کوردی بگرێتەوە. بە کورتی ئەوڕۆ دەسەڵاتی زمانی بە شێوەیێکی ئاڵۆزتر دابەش بووە و ناکۆکی نوێ هاتوونەتە گۆڕێ و چارەسەرکردنیان پێویستی بە تیۆری و زانست و سیاسەتی ئاڵۆزتر لە جارانە." (لاپەرەی ٩)

**زمانەوانێکی کورد بە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە:**

زیندەیاد حەسەنپوور لەو زمانەوانە کوردانەیە کە لە بارەی کۆمەڵێک کێشەی پێوەندیدار بە زمانی کوردی ڕوانگەی جیاوازیان هەیە. یەک لەو کێشانە پرسی زمانی ستاندارد لەنێو کورددایە. باسەکانی ئەم کتێبەش، دەرفەت بۆ ئەو زمانەوانە دەخولقێننەوە کە بیروڕای خۆی لەو بارەوە، هەروەها لە بارەی ئەلفوبێ، ڕێنووس، فەرهەنگنووسی، ئەدەبیاتی زارەکی، ئیدئۆلۆژیی زمانی و هتد بێنێتەوە گۆڕێ. ئەو زمانەوانە کوردە لە گەڵ دیاریکردن و سەپاندنی دیالێکتێکی زمانی کوردی وەک زمانی ستانداردا نییە و بڕوای بە بوونی دوو ستاندارد بۆ زمانی کوردی هەیە. ئەم ڕایە جیاوازەشی بووە بە هۆی ئەوە بکەوێتە بەر هێرشی زۆر لەوانەی کورمانجیی نێوەڕاستیان وەک زمانی ستاندارد قبووڵە و، دژایەتیی ڕاو بۆچوونەکانی دەکەن. حەسەنپوور لە "سەدەییێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا..." دەنووسێ:

" من ڕەخنە لە سیاسەت و ئیدەئۆلۆژییێک دەگرم کە کێشەی سەرەکیی زمانی کوردی بە کێشەی (بێگانە و خۆماڵی) دادەنێ و بە دووبەرێتی وەکوو (پاک و ناپاک)، (ئارییایی و سامی) و (کورد و دژکورد) و بە پێوانەی وا چاو لە کۆسپ و گرفتەکانی زمانی کوردی دەکا. ئەوە ئیدەئۆلۆژییە پشتەستوور بە زانست نییە و بگرە بە لای زانستی زمانناسیدا نەڕۆیوە. ئاواتێکی ئەو ئیدەئۆلۆژییە "پاککردنەوە"ی زمانی کوردی لە زمانی "بێگانە"یە و ئەو بێگانەیەش زۆرتر عەرەبییە؛ هەروەها ئارەزوو دەکا بە ڕەسمی کردنی لەهجەیێک هەر چی کوردە بیکا بە نەتەوەیێکی یەک دەست و یەک زمان و یەک لەهجە. بەڵام ئیدەئۆلۆژی زمانیی وا هەیە کە سەرباقی بایەخدانی بە ناکۆکی دەسەڵات و بێدەسەڵاتی، سەرکوتگەریی و سەرکوتکراویی، یان زمانکوژیی و زمان گەشاندنەوە، دژایەتی هیچ زمان و لەهجە و ئەلفوبێ و دەنگ و حەرفێک ناکا، و بۆ بەرابەریی زمانەکان تێدەکۆشێ، و دەیەوێ زمان بگەشێنێتەوە و ئامادە بێ بۆ بەرەنگاربوونی دنیای ئاڵۆزی ئەوڕۆ....بیری زمانێکی ستاندارد خۆی ئیدەئۆلۆژییێکی زمانییە کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا نایەتەوە. لە سەدەی بیستدا، زمانی گەورە و گرینگی وەکوو ئینگلیسی، فارسی، عەرەبی و ئیسپانیایی هەر کامەی چەند ستانداردیان ی پەیدا بووە. لە بارودۆخێکی وادا، بۆچوون و سیاسەت سەبارەت بە بەرنامەڕۆنانی زمانی کوردی، ئەگەر بکرێ بەرنامەی بۆ دابنێی، دەبێ ڕێبازێکی نوێی هەبێ، و وەپێشیان بکەوێتەوە. هەم بارودۆخی مێژوویی گۆڕاوە و هەم زمانەکە و ئاخیوەرانی. لە پێشەکی‌دا باسی ئەوەم کردووە کە کێشەی زمانی کوردی کێشەی ڕەگەز و ناسنامە نییە، و دەردی زمانەکەمان تا کاتێکی باش نەناسرێ دەرمانێکیشی بۆ نابیندرێتەوە." (لاپەرەکانی ٦٤-٦٥)

**پەتکردنی زمانەکەمان بەسە!:**

حەسەنپوور لەگەڵ پەتیگەری، گۆڕینی ئەلفوبێ لە ئەلفوبێی ئارامییەوە بۆ لاتینی و، هەروەها چاککردن و هەنگاونانی نازانستیانەدا نییە و لەم بارەیەوە دەنووسێ:

"داوای من لە ئەوانەی خەریکی چاککردنی زمانی کوردین ئەوەیە:

بەربینگی ئەلفوبێیەکە بەربدەن! پەتیکردن بەسە! پەتکردنی زمانەکەمان بەسە! چیدی زمانەکەمان هەژار و کۆڵەوار مەکەن! دەست لە ئەوێستا و پەهلەوی و ماسی سوراتی و سومێری هەڵبگرن و وەدوای لێکۆڵینەوەی زمانناسییانەی لەهجەکان و زمانی ئەدەبیی کوردی بکەون! ئەگەر بەرژەوەندیی زمانەکەتان دەوێ، تێبکۆشن بۆ چاککردنی ڕێنووس، بۆ ڕێککەوتوویی نۆرمیی، خولقاندن و وەرگێڕانی زانستی نوێباو، دانانی فەرهەنگی جۆراوجۆر (بە تایبەت فەرهەنگی تێروتەسەلی کوردی-کوردی)، دانان و وەرگێڕانی زانستی نوێ بۆ خوێندنی باڵا، لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی ئامار سەبارەت بە زمان و لەهجەکانی و چۆنێتی و چەندێتی دەکارهێنانیان، دانانی ئە تلە سی زمانیی، دۆزینەوە و چاپکردنی هەرچی بەرهەمی دەستنووسە، کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی کەلەپووری زارەکی گشت لەهجەکان، لێکۆڵینەوە سەبارەت بە دەکارهێنانی کوردی لە ئامرازە کۆمەڵییەکان و پێوەندییەکانی کوردی و زمانی دی لە بارودۆخی ئێستەدا، و زۆر بابەتی ئاوا.

ئەوانە ئەرکی گرانن بەڵام بەربینگی ئەلفوبێ گرتن کارێکی هاسان، ساکار، پڕزەرەر و بێفایدەیە. کوردی پێش ئەوەی لەدنیای مۆدێرن‌دا پێ هەڵبگرێ و بتوانێ بەرەنگاری ژیانی مۆدێرن بێ، تووشی زمانکوژیی چوار دەوڵەتان بوو و پشووی لێ بڕا. زمانێکی وا بریندار بە پەتیکردنی دەنگ، حەرف، وشە، و دەستتێوەردان و گۆڕینی ئەلفوبێیەکەی نابووژێتەوە و کۆڵەوارتر دەبێ.(لاپەرەکانی ٦٥-٦٦)

د.ئەمیر هەر لەو کاتەدا ئەو خزمەتانەش کە شیاوی ئاوڕلێدانەوە و بایەخپێدانن، لەبیر ناکا. لە پەراوێزی لاپەڕەی ٦٦دا نووسیوێتی:

"نموونەی ئەرکی گران و گرینگ بەرهەمی سەلاح پایانیانی، فەرهەنگی زارەکیی موکریانە کە بەبێ یارمەتیی هیچ دەزگایەکی دەوڵەتی یان نادەوڵەتی تا ئێستا چوار بەرگی بە ڕێکوپێکی بڵاو کردۆتەوە." دیارە ئەم زانیارییە هی ئەو کاتەیە کە حەسەنپوور ئەم کتێبەی نووسیوە و، ئێستا بە خۆشییەوە ژمارەی بەرگە چاپکراوەکانی ئەو فەرهەنگە گەیشتووەتە ١٦ بەرگ.

**دۆخێک کە نووسەر بۆ ئەمڕۆی زمانی کوردی وێنای کردووە:**

خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆ هەموو ئەوانەی هۆگر و تینووی سەربردەی تاڵ و شیرینی مێژووی زمانی کوردی لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودان پێویستە. چونکە نووسەر وێڕای وەبیرهێنانەوە و شیکردنەوەی گرنگترین دەرفەتەکان و هەڕەشە و کۆسپەکانی ئەو سەدەیە لە بەردەم زمانی کوردی و قامکدانان لە سەر کاریگەرییەکانیان، سەرنجت بۆ لای پرسێکی ئەمڕۆی ئەو زمانە ڕادەکێشێ. حەسەنپوور ئەم پرسە بەم جۆرە وێنا دەکا:

"زمانی کوردی، لە ناوەوە یەخسیری جیهانبینیی ناسیۆنالیستییە، و لە دەرەوە تووشی ناسیۆنالیسمی زمانکوژانەی نەتەوە- دەولەتەکان بووە(تورکییە، ئێران، سوورییە) و دەبێ لە هەمانکاتدا بەرەنگاری "ئیمپریالیسمی زمانی" لە نەزمی زمانیی جیهانی ببێ." (لاپەڕی ١٤٥)

***

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



### ڕازی خۆشەویستیی خاک لە دڵی شەهید «ئەبووبەکر دەرەوی»دا



برایم چووکەڵی

ئێوارێی ١٨ی خەرمانانی ساڵی١٣٧٢ی هەتاوی نزیک بە ١٠٠ پێشمەرگە لە کێلەشینەوە بەرەو قووڵایی ناوچەی شنۆی دڵسۆز شۆڕ بوونەوە. ناوی شەو، شوێنی مانەوە و مەودای پێشمەرگە، بە هەموو هاوڕێیان گوترا.

مانگ ١٤ شەوە دەبوو. سریوە لە هیچ بوونەوەرێک نەدەهات. پێشمەرگە بەرەو جەرگەی دوژمن دەخوشین و بریقەبریقی چرای مۆڵگەکانی سەر ڕێی پێشمەرگە ڕووناکایی دەخستە سەر زەوی. پاش چەند سەعات ڕێگابڕین جار جار بۆ پشوودانێکی چەند دەقەیی ڕادەوەستان. سەعاتی ١ی نیوەشەو پێشمەرگە بە نێو دارە پڕ لە میوەی جۆراوجۆری شنۆ هەنگاوی دەنا، هەرکەسە و خەیاڵێک هەڵیگرتبوو. جارجاریش دەستیان بۆ دار میوەیەک درێژ دەکرد کە ئەگەر بەدستیانەوە بێ گەرووی پێ تەر بکەن.

سەعات ٤ی بەیانی خەڵکی گوندی سەوجە باوەشی بۆ ڕۆڵەکانیان کردبۆوە و هەر تیمەی لە ماڵی خۆی جێگیر بوو. پێشمەرگە خەریکی پشوودان بوو، خافڵ لەوەی کە سیخوڕی خاینبەخۆ هەواڵی هاتنی هێزی پێشمەرگە بۆ گوندی سەوجەی بە ڕێژیم داوە. سەعاتی ٩ی بەیانی ڕێژیم هێرشی کردە سەر ڕۆڵەکانی گەڵ و لە شەڕێکی ١٠ سەعاتەدا پێشمەرگە زەبرێکی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند. خوێنبایی سەرکەوتن لەو شەڕەدا گیانی بەرزی شەهید ئەبووبەکری دەرەوی بوو، کە لە گۆشەی «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەم ژمارەیەدا یادی دەکرێتەوە.

ئەبووبەکر دەرەوی ساڵی ١٣٤٤ لە گوندی کاسەکەرانی ناوچەی پیرانشار لە بنەماڵەیەکی وەرزێری مامناوەندیدا لەدایک بوو. بەرەبەرە کە گەورە بوو و توانی قەڵەم و دەفتەر بەدەستەوە بگرێ ڕەوانەی قوتابخانە کرا، بەڵام بەهۆی کێشەی ژیان نەیتوانی زۆر درێژە بەخوێندن بدا و ڕووی لە کاری وەرزێری و ئاژەڵداری کرد. بەم چەشنە لە تەمەنی منداڵی و لە قۆناغێکدا کە پتر لە هەموو کاتێک حەوجێی بە ئاگاداری و پێڕاگەیشتن بوو، پێی نایە مەیدانی کار و ڕەنج کێشانەوە، تا بتوانێ بەشێوەیەک ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی هەڵسووڕێنێ.

ئەبووبەکر بێئەوەی ڕووگرژ بێ، وەک مێرمنداڵێکی تێگەیشتوو لەگەڵ سەختییەکانی ژیان بەربەرەکانی دەکرد و چارەسەری بۆ دەدۆزینەوە. ئەو کوڕێکی کارلێهاتوو و کارامە بوو. هێمنی و لەسەرەخۆیی ئەبووبەکر ببوو بە هۆی ئەوە لە نێو هاوڕێیانیدا بە کوڕێکی جێگای ڕێز و لەبەردڵان بناسرێ. دوای ئەوەی شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و حیزبی دێموکراتی کوردستان، تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ کرد، لەگەڵ ڕێبازی ئەو حیزبە ئاشنا بوو. ئەبووبەکر لە ساڵەکانی منداڵییەوە وەک زۆربەی منداڵانی ئەو دەڤەرە لەگەڵ یادی پێشەوا قازی و کۆماری کوردستان ئاشنا بوون. کاتێک ئاخوندەکان دەستیان بەسەر چارەنووسی گەلانی ئێران داگرت و وەیشوومەیان خستە وڵات و بە تایبەتی تیری نەگبەتیی خۆیان و ڕێژیمەکەیان هاویشتە کوردستان، ئیدی لێی ڕانەوەستا. لە دوژمن هەستا و ساڵی ١٣٦٣ هات بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات. ئەبووبەکر خوێنگەرم و دڵخۆش بە کار و ئەرکەکانی خۆی، وەک زۆربەی قارەمانەکانی کوردستان بەرەنگاری پەلاماری دڕندانەی هێزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم بۆوە. ئیتر هەر ئەوە بوو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی لە بەر کرد و بەڵێنی فیداکاری و خزمەت بە حیزب و نەتەوەکەی دا، و شێلگیر و وەفادار بە ڕێگای پیرۆزی خۆی هەنگاوی نا و تەنانەت تاوێکیش لە خەبات و تێکۆشان نەوەستا.

ئەبووبەکر زوو گوڵی کرد. بە ئازایەتی و زیرەکیی خۆی لە شەڕەکاندا ناوبانگی دەرکرد. ئەو ماندوویی نەدەناسی و هەرچی بووی هەر وەفا و ئەوینی نەتەوە بەشخوراوەکەی بوو کە چووبووە هەناویەوە و دەم بە دەم ئیرادە و توانای بۆ درێژەپێدانی ئەو ڕێگایە پتەوتر و زیاتر دەکرد. هەر ئەوە بوو هەلی بە دەرفەت زانی و ڕزگاریی چەوساوانی لە بەرنامە و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا دیتەوە و وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و بەئەزموون و لەخۆبوردوو، بەنەزم و دیسیپلین ئەرکی خۆی بەڕێوە دەبرد.

هاوڕێ ئەبووبکر پێشمەرگەیەکی بەوەج و بەبیروباوەڕ بوو، بۆ بەڕێوەبردنی ئەرک و مەئمووریيەتی حیزبی ئەوپەڕی دڵسۆزی و فیداکاریی لەخۆی دەنواند. ئەو ئامادەی هەر چەشنە فیداکاری و گیانبازییەک بوو و لە بەڕێوەبردنی ئەرک و مەئمووریيەتە حیزبییەکاندا جیددی و ڕووسوور بوو. لە شەڕەکانی ناوچەی پیرانشار ئازایەتیی لە خۆی نیشان دا و دوو جار لە شەڕدا بریندار بوو کە پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکەی ئازاتر دەهاتەوە مەیدان و سەنگەری قایمتر لە دوژمن دەگرتەوە. بەهۆی لێهاتووییەکەی سەرەتا وەک فەرماندەری پەڵ و پاشان وەک فەرماندەری لک دیاری کرا. ئەبووبەکر زۆر ئازایانە شانی وەبەر ئەو مەسئولیەتە دا و وەک فەرماندەیەکی لێهاتوو لە بەرەکانی شەر دژی هێزەکانی ڕێژیم دەوەستاوە. ئەوە بوو کە بە فەرماندەیی ئەو چەندین عەمەلیاتی قارەمانانە لە ناوچەی پیرانشار و شنۆ و نەغەدە بەڕێوە چوو و، ناوبراو لە شەڕەکاندا هەمیشە لە سەنگەری پێشەوە ڕینوێنیی هاوسەنگەرانی دەکرد.

ڕۆژی ١٩ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧٢ پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی قەندیل و کێلەشێن لە ئاوایی سەوجە لە ناوچەی شنۆدا مابوونەوە کە هێزێکی کۆکوپۆشتەی کۆماری ئیسلامی پەلاماری دان. لە شەڕی قورسی نێوان پارێزەرانی نیشتمان و داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامیدا جەندەکی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم لە شەرگەدا کەوتبوون. ئەو ڕۆژە ئەبووبەکری دەرەوی بۆ جارێکی دی سەلماندی کە کوڕی ڕۆژی تەنگانەیە و بە هەر هەڵمەتێک دوژمنی وەلەرزە دەهێنا. بەڵام دواجار بەداخەوە کەوتە بەر گوللەی داگیرکەرانی کوردستان و دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت و تیکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدانی کوردستان بوو.

یادی هەرمان.

# سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران پێویستی بە لاسایی‌کردنەوەی ڕەیگان هەیە

**ئورشەلیم پۆست – ئامۆتز ئاسایەل**



و: کەماڵ حەسەنپوور

لودویگ ئەرهارد، ڕاوێژکاری تازە هەڵبژێراوی ئاڵمان، دوای ڕێبەریکردنی موعجیزەی ئابووریی ئەڵمانی ڕۆژئاوا لە پەنجاکانی زایینیدا وەک وەزیری دارایی، بیرۆکەیەکی هەبوو کە بە مێشکی کەسی دیکەدا نەهاتبوو: کڕینی ئاڵمانی خۆرهەڵات.

ئەرهارد کە لە ئابووریزانییەوە ببوو بە سیاسەتوان، تێگەیشتبوو کە ٢٥ میلیارد دۆلار قەرز دراوێکی هێندە زۆرە کە یەکیەتیی سۆڤیەت، لەبەر ئەوە کە ئەوکاتی نەخۆشییە ئابوورییەکانی دەمێک بوو ئاشکرا ببوون، ناتوانێ ڕەتی بکاتەوە. ڕاستە، جێگای گومان بوو کە قەرزەکە بدرێتەوە، بەڵام ئەوە نرخێک بوو کە ئەو ڕێبەرەی ئاڵمان حازر بوو بۆ وەسەر یەک خستنەوەی وڵاتەکەی بیدا. پلانەکە، کە تا ماوەیەکی باش دوای جەنگی سارد بە نهێنی مایەوە (سەدری‌ئەعزەمی پێشووی ئاڵمان بەتەما بوو ئاڵمانی خۆرهەڵات بکڕێتەوە،“ دێر شپیگێل، ٤ی ئۆکتۆبر، ٢٠١١)، پێشنیارەکەی پێشکەشی لیندۆن جانسۆن کرد، بەڵام ناوبراو ڕەتی کردەوە. پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی؟ وڵامەکەی، ئەگەرچی بەتەواوی ڕوون نییە، لەو سەردەمەدا و بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە لە نێوان ئەمریکا، ئورووپا و ئیسڕائیل لە پێوەندی لەگەڵ ئێران دەقەومێ، بۆ لێ فێربوون دەبێ.

جارێکی دیکە ویشکارۆیی بیر دەکاتەوە. ئەوە تەنیا شێوە بیرکردنەوەیەکە کە ئەو دوو لایەنە دەیزانن، بۆیە هیچ بژارەیەکی دیکەیان نییە. بەڵام، ئەمریکا تووشی دووڕییانێک بووە و دەبێ بڕیار بدا. ئامانجی ستراتیژیکیی ئیسڕائیل ڕاستکردنەوەی ڕێژیمی ئێران نییە، بەڵکو پێوەندی لەگەڵ پارس بەو شێوەیە کە ئیسڕائیل لە سەدەی ڕابردووەوە وەبیری دێ و وەک خەڵکی جوولەکە لە سەردەمی کەوناراوە وەبیریان دێ.

لە هەمان کاتدا، ئیسڕائیل ئامانجێکی گشتیی هەیە و ئەویش پارێزگاریی لە خۆی لە لایەن خۆیەوەیە. ئەوە سیاسەتی ئیسڕائیل بەرانبەر ئێران نییە، بەڵکوو سیاسەتی ئیسڕائیل بۆ مانەوەیە. بۆیە لە هیچ ڕوانگەیەکی ئیسڕائیلییەوە ئێرانێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی بۆ لەگەڵدا هەڵکردن نابێ. بۆیە لێرە هیچ کەس دژی هەوڵە بەردەوامەکان بۆ تەگەرە خستنە سەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و پووچەڵکردنەوەی هەوڵەکان بۆ جێگیرکردنی میلیشیای دوژمنکار لە پەنای ئێمە نییە.

لەبەر ئەو هۆیە دووڕییانەکانی پێوەندیدار بە ئەگەری هێرشی ئیسڕائیل لەنێو ئێران ستراتیژیکی نین بەڵکوو تاکتیکین. یەکێک لە گرێپوچکە ستراتێژیکییەکانی هێرشێکی ئیسڕائیلی ئەوەیە کە




لە ڕوانگەی تەکنیکییەوە، ئەمریکاییەکان دەیانگوت ڕوسییەکان پلانەکە قبووڵ ناکەن. بەڵام لە نێوەرۆکدا، ئەوەی بەڕاستی لەو بەشەدا دەقەوما جیاوازیی پێشترییەتیدانە ستراتێژیکییەکان لەنێوان واشینگتۆن و بۆن بوون. ئەرهارد بیری لە نەتەوەی خۆی دەکردەوە. ئەو دەیهەویست وڵاتەکەی یەک بگرێتەوە. جانسۆن بیری لە هەموو جیهان دەکردەوە. ئەو دەیهەویست نسکۆی ئابووریی کۆمۆنیزم، کە هێشتا نەگەیبوو، بگات، بۆیە دانی دراو یارمەتیی بەو پرسە نەدەکرد.

وا دیارە باسی ئەو پلانە بۆ باقی وڵاتانی ئورووپا نەکراوە، بەڵام چوارچێوەی بیرۆکەکە دواتر ئاشکرا بوو، کاتێک ڕێبەرێکی دیکەی ئاڵمانی، ویلی برانت، بیرۆکەی سیاسەتی خۆرهەڵاتی داهێنا، ڕوانگەیەک کە نە نەتەوەیی بوو و نە جیهانی، بەڵکو ویشکارۆیی.

لە ڕوانگەی لایەنگرانی سیاسەتی خۆرهەڵاتی، گرینگترین شت ئەوە نەبوو کە خۆرهەڵاتی ئورووپا بگۆڕن، بەڵکوو پێش بە جەنگ بگرن. بۆیە کەسێک کە لە پەنای دیواری بەرلین ویستا و داوای ڕووخاندنی دیوارەکەی کرد ئورووپایی نەبوو بەڵکوو ئەمریکایی بوو، ڕۆناڵد ڕەیگان.

ئێستا وەک سەردەمی ئەرهارد، ئیسڕائیل نەتەوەیی بیر دەکاتەوە، لە کاتێکدا کە ئورووپا نابێ ببێتە هۆی سەرشۆڕیی خەڵکی بێتاوانی ئێران، وەک لە وتارێکی پێشوودا ئاماژەی پێکراوە (”ئێران بۆمباران مەکە،“ ٤ی نۆڤەمبەر، ٢٠١١).

کەوابوو، ئەوە بیری ڕێنوێنیکەری نەتەوەیی ئیسڕائیل لە پێوەندی لەگەڵ ستراتێژی بەرانبەر بە ئێرانە. ستراتێژی ئورووپا بەرانبەر بە ئێران شتێکی ساکارە. بروکسێل نایهەوێ بەهێزتر لەوە کە بەرەوڕووی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆوە، دژی ڕابردووی ڕەوشتیی ئێران بوەستێتەوە. ئەوەی لە بروکسێل بیری لێ دەکەنەوە ئەوە نییە کە بۆ دادپەروەریی بجەنگێن، بەڵکو چۆن بتوانن جەنگ بۆ دادپەروەری لە ئورووپا دوور بکەنەوە.

پێمان خۆش بێ یان ناخۆش، پرەنسیپە ڕێکخەرەکانی یەکیەتیی ئورووپا ویشکارۆیین و لەو دەلاقە باریکەوە، مرۆڤ دەبێ ددانی پیادا بنێ کە کاریگەر بووە. دیپلۆماسی ئورووپا بەڕاستی لە خزمەت دیدی دووری دامەزرێنەرانیەتی، کە لەوەدا کورت کراوەتەوە کە ”ئاشتی لە سەردەمی ئێمەدا و لە ویشکاری ئێمە.“

دۆخی ئەمریکا بە تەواوی جیاوازە. ئەمریکا تووشی دووڕیانێک بووە. ئەو دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر میراتی چارلز لیندبەرگ، فڕۆکەوانە ئەفسووناوییەکە کە تەنانەت لە ئەگەری هێرشی نازیسمیش‌دا داوای تەریککەوتنەوەی دەکرد و، دەتوانێ ڕوو لە میراتی ڕۆناڵد ڕەیگان بکا، کە دژی قامچیی کۆمۆنیزم وێستا و نەتەنیا بە شێوەی دیپلۆماتیک و ئابووری بەرەوڕووی بۆوە، بەڵکوو بە شێوەی ڕەوشتیش.

دوو ساڵ دوای جەنگی جیهانیی دووهەم و سێ مانگ پێش هێرش بۆ سەر پرڵ هاربور، لیندبەرگ لە دێمۆین، ئایۆوا، قسەی کردن و لە وتارە بەناوبانگەکەیدا لەمەڕ بێلایەنی گوتی: ”ئێمە ناتوانێن ڕێگا بە حەزە سرووشتییەکان و پێشداوەرییەکانی خەڵکی دیکە بدەین تا وڵاتی خۆمان بەرەو لەنێوچوون ببەین.“

هەر وەک چۆن ئەو زۆر زوو تێگەیشت، هێزەکانی کە دەبوونە هۆی لەنێوچوونی وڵاتەکەی لەنێو ئەمریکادا نەبوون، بەڵکوو لە دەرەوەی و وێرانییەکانی کە هاندەریان بوون بە شێوەی سرووستی بێسنوور بوون و بۆیە پێویستییان بە ڕوبەروو بوونەوەیک هەبوو کە هێز و ڕەوشتیان تێکەڵ کرد، تێکەڵاوییەک کە تەنیا ئەمریکا خاوەنی بوو.

ئێستا هەمان شت لە پێوەندی لەگەڵ ئێران لەئارادایە، کە تاوانی سەرەکیی مەلاکانی، قامچیی ئەتۆمیی نییە بەڵکوو کردنەوەی دەرگای توندوتیژیی ئایینییە کە هەزاران کەسی لە نیویۆرک، بۆینۆس ئایرەس و بالی تا ڤۆلگۆگراد، پاریس و مادرید کوشتووە.

ئەگەرچی زۆر جار ئەو توندوتیژییانە بە دەست خەڵکی دیکەوە جێبەجێ کراون، هێرشی تێرۆریزمی ئیسلامی دژی شارستانیەت هاندەرەکەیان بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی ئێران لە لایەن ئایەتوڵڵاکان و سزا نەدرانیان بە هۆی توندوتیژییەکانیان لە شوێنی دیکە بووە. ئەو جەنگە بە سەرهەڵدانی ئایەتوڵڵاکان دەستی پێ کرد و کۆتایی نایە تا ئەوان لەنێو نەچن.

ئەوە بەو مانایەیە کە ئاخاوتن لەگەڵیان لەبارەی بەرنامەی ئەتۆمییەکەیان وەک ئاخاوتن لەگەڵ هیتلەرە لەبارەی سودەتەنلەند. ئەوە ئامانجەکە ناپێکێ. لەجیاتان، دەبێ گفتوگۆ لەسەر سووککردنی ئابلۆقەکان بە داوای ئازادکردنی سەرجەم زیندانییە سیاسییەکان، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد و ددانپێدانان بە مافی بوونی ئیسڕائیل، وەک چۆن ئێستا زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی دەیکەن، دەست پێ بکات.

بەڵێ، مەلاکان ئەو داوایە بە تەواوی ڕەت دەکەنەوە، وەک چۆن سۆڤییەت کاتێک ڕەیگان هاواری کرد ”بەڕێز گۆرباچۆف، ئەو دیوارە بڕووخێنە،“ ڕەتی کردەوە، بەڵام وەک چۆن خەڵکی بلۆکی خۆرهەڵات لە کاتی خۆیدا ئیلهامیان وەرگرت، خەڵکی ئێرانیش ئیلهام وەر دەگرن.

وەک پێداهەڵگوتن بە ڕەیگان، هێلموت کۆل، ئەو سەدری‌ئەعزەمەی کە ئاڵمانی یەک خستەوە، لە کاتێکدا کە شان بە شانی ئەو ڕاوەستابوو و قسەی دەکرد، گوتی ڕەیگان ”بەختێک بوو بۆ دنیا، بە تایبەتی بۆ ئورووپا.“ هەموو ڕاست و باشبێژیی بوو، بێجگە لەوە کە ئەوەی ڕەیگان نوێنەرایەتیی دەکرد بەخت نەبوو. ئەوە بیروباوەڕ بوو. ئەوە ئەو شتە بوو کە یەکێتی سۆڤییەتی بەچۆکدا هێنا و ئەو شتەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران شکست دەدا.

# دیبەیتی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و ماڵی ڕۆشنبیرانی کۆیە

ڕۆژی چوارشەممە، ١٧ی سەرماوەز یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و ماڵی ڕۆشنبیرانی کۆیە دیبەیتێکی هاوبەشیان لە ژێر ناوی ”ژنی کورد لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا“ بەڕێوە برد.

لەو دیبەیتەدا پرۆفیسۆر دکتۆر جەواد فەقێ عەلی، مامۆستای زانکۆ باسێکی لەسەر ”کوشتن بەناوی شەرەفەوە“ پێشکەش کرد و بەڵگەی بۆ ئەوە هێنایەوە کە ژن کوشتن لە ئیسلامدا نییە و دواتر تیشکی خستە سەر ڕۆڵی بنەماڵە، پەروەردە و حیزبەکان لەسەر چەندی‌وچۆنیی توندوتیژی دژ بە ژنان.

لە بڕگەیەکی دیکەی دیبەیتەکەدا شەونم هەمزەیی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب باسێکی بە ناونیشانی ”ئابووریی سەربەخۆی ژن تا چەندە هۆکارە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی“ پێشکێش کرد و لە باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوە کە لایەنی ئابووری چەندە گرنگە بۆ لەسەرپێ بوونی ژن و قبووڵنەکردنی توندوتیژی نێو خێزان.

تەوەری سێهەمی دیبەیتەکە باسێک بوو لەسەر ”یاسای سزادانی عێراقی“ کە لەلایەن خاتوو نەرمین عەبدوڵڕەزاق، مامۆستای زانکۆ لە بەشی یاساوە پێشکەش کرا.



بەڕێزیان ئاماژەی بە گرنگیی یاسا دا و گوتی یاسا لەسەر بنەمای یەکسانی و جیانەکردنی ڕەگەزی دامەزراوە، پاشان بە وردی باسی لە تاوانەکانی و ئەشکەنجەدانی ژنان کرد و هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی لەمبارەیەوە بۆ ئامادەبوان ڕوون کردەوە.

لە بڕگەی کۆتایی دیبەیتەکەدا بەشدارانی دیبەیتەکە بە سەرنج و تێبینییەکانیان کۆبوونەوەکەیان دەوڵەمەند کرد.

# بۆچی فرەزمانی ناتوانێ هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتی نیشتمانی بێت؟



شۆڕش شاباز

بەم دواییانە کۆمیسیۆنی فێرکردن و توێژینەکانی مەجلیس لە پێوەندی لەگەڵ گەڵاڵەی خوێندن بە زمانە "ناوچەیی" و "قەومی"یەکان پەسندکراوێکی ڕاگەیاند. جارێ هەر لەجێدا ئەو کۆمیسیۆنە لە گەڵاڵەکەدا تەنیا باس لە فێرکردنی فێرکردنی زمانە "ناوچەیی" و "قەومی"یەکانی بە سەرنجدان بە هەر ناوچەیەک لە چوارچێوەی دوو واحیدی دڵخوازانە (ئەویش دوو سەعات لە حەوتوودا) لە دوو پۆلی حەوتەم و دەیەم دەکا و تازە بە تازە جێبەجێکردنەکەشی خراوەتە ساڵی ١٤٠٢-١٤٠٣، ئەوەش کە ئەو گەڵاڵەیە کردەنییە و ئەوەندەکەش جێبەجێ دەکرێ یان نا ڕوون نییە و لە ئەگەری مانەوەی ڕێژیمدا دەبێ چاوەڕوان بین و بیبینین.

هاتنەبەرباس و پەسندکردنی ئەو گەڵاڵەیە بەو هەموو کەموکوڕییە و ڕەخنە بنەڕەتییانەی لەسەریەتی، بێگومان بۆ ناچاریی دەسەڵات لە سۆنگە گوشاری نەتەوە نافارسەکان و پێداگریيان لەسەر مافە سیاسی، نەتەوەیی، مەدەنی و کولتوورییەکانیان دەگەڕێتەوە، کە لە نێویاندا کورد ڕچەشکێن و پێشەنگە. بەڵام سووچێکی دیکەی ئەو باسەش بۆ پێداگریی ڕێژیم لەسەر سیاسەتی پەراوێزخستن و بایەخنەدان بە زمانە جۆراوجۆرەکان لە جوغرافیای سیاسیی ئێراندا دەگەڕێتەوە. قسە ئەوەیە نەتەوەیەک کە زمانەکەی لە سۆنگەی دەسەڵاتی فەرهەنگی و سیاسیی زاڵ بەسەر وڵاتدا مەترسیی لەنێوچوونی لەسەر بێ، نایە مل بۆ دابەزاندنی مافە زمانییەکانی بۆ خوێندنێکی دڵخوازانە ئەویش لە دوو پۆلی خوێندندا و بەولاوەتر تەنیا دوو سەعات لە حەوتوودا ڕاکێشێ. بۆیە نەتەوە نافارسەکانی ئێران قەت بەوەندە ڕازی نین و نابن و مافخوازیی ئەوان لە ئاستێکی زۆر بەرزتردایە.

پێداگریی نەتەوەکان لەسەر زمان و کولتووری نەتەوەیی خۆیان بێهۆ نییە، ئەوە ستراکتۆری زمان و کولتوورە کە شوناسی تایبەت و جیاواز بە هەر گرووپ و کۆمەڵێک دەبەخشێ و یەک لە توخمە سەرەکییەکانی شوناسی هەر نەتەوەیەکە. کاتێکیش وەها ڕوانگەیەک لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ زمان و بۆ توخمە سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوە نافارسەکانەوە هەبێ، سرووشتییە کە بەرگژەی زۆری لەبەردەمدا دروست دەبێ. ئەویش لە کاتێکدا کە خوێندن بە زمانی دایک لە داخوازە سیاسی و مەدەنییەکانی نەتەوەکانی ئێران (بەتایبەت کوردەکان) لە چوار دەیەی ڕابردوودا بووە و ئەو پەسندکراوە شڕ و پڕ پینەیە ناتوانێ وەڵامدانەوە بەو ویست و داخوازە ڕەوا و بنەڕتییە بێت.

ناوبردنی نەتەوەکان بە "قەوم" و زمانەکەیان بە زمانی "ناوچەیی" لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەوە ئەگەر لەلایەک بچووککردنەوەی شوناسی نەتەوەیی و زمانیی نافارسەکانە، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە ئەو نەتەوانە لەپێناو دەستەبەری مافە نەتەوەیی و زمانییەکانیان کۆڵیان نەداوە و دەستیان بەر نەداوەتەوە. خۆ هەر ئێستاش کەم نین ئەو کەسانەی لەپێناو خزمەتکردنی زمانەکەیان و هەوڵدان بۆ فێرکردنی فێرخوازان -بەتایبەت لە کوردستان-، پەروەندەی ئەمنیەتییان بۆ دروست کردوون و ڕاپێچی گرتووخانەیان کردوون. تازە ئەوە تەنیا ڕەهەندێکی باسەکەیە و داخوازە سیاسی و بنەڕەتییەکانی کورد و نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەی ئێران زۆر پتر لە مافی زمانیین.

ڕێژیمە ناوەندگەراکان چ سەردەمی پاشایەتیی پەهلەوی و چ لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە چاوی تەواو ئەمنیەتی و لە ئێستادا ئەمنیەتی-ئیدئۆلۆژیکییەوە سەیری پرسی نەتەوەکان و مافەکانی ئەوانیان کردووە. بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو بەرگژەیەش هەردووک یەک سیاسەتیان دەکار کردووە کە خۆی لە سڕینەوە و حاشاکردن لە شوناسە سەربەخۆکان و پەراوێزخستنیاندا دیتۆتەوە. بە تایبەت کە کۆماری ئیسلامی هەم بە شێوەی ڕەقئامێری و هەم نەرمئامێری پلان و بەرنامەی سیستماتیکی لەسەر جێەجێ کردوون. ئەو پلان و پیلانگەلە لەسەر بناغەی بەکەمگرتن و دابەزاندن لە بەها و بایەخە ڕەسەنەکانی شوناسە جۆراوجۆرەکان و تواندنەوەیان لە شوناسی فارسدا دامەزراوە و لە بواری جۆراوجۆری پەروەردە و فێرکردن و ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەریی وڵاتدا خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەگژداچوونەوەی پرسی زمان و کولتووری نەتەوەکان لەلایەن ڕێژیمی سیاسیی ناوەندگەرای تاران لەحاڵێکدایە کە داخوازە نەتەوەیی و زمانییەکان لە چوارچێوەی مافی سیاسی و بنەڕەتیدا دێنەگۆڕێ و لە کوردستان بزووتنەوەیەکی سیاسی هەیە کە نیزیک بە ٨ دەیەیە خاوەندارەتیی دەکا. ئێستاش کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لەلایەک بە دابەزاندنی ئاستە سیاسییەکەی ئەو مافە و، لەلایەکی دیکەوە بە گرتنەدەستەتی جڵەوی ئەو داوا کولتووری و زمانییە سیاسەتە بنەڕەتییەکانی خۆی بباتە پێشێ، پێویست بەوە دەکا بە تێڕوانینێکی دیکەوە لەو بڕیارەی ڕێژیم بڕوانین.

کاتێک بە کۆمەڵە دەستەواژەیەکی ئاستدابەزێندراوی وەک زمانی ناوچەیی و زمانی قەومی باس لە سەرەکیترین شوناسی نەتەوەیەک دەکرێ، ڕێک لەو جێیەوە دەتوانین پلان و پیلانەکانی دەسەڵاتی ناوەندگەرا بۆ دیزەبەدەرخۆنەکردنی ویست و داخوازە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلانی نافارس دەستنیشان بکەین. پلان و پیلانێک کە لەلایەک شوناس و هەوێتیی نەتەوەکان بە کەم دەگرێ و لەلایەکی دیکەوە سیستماتیک دەیەوێ ئاستی مافخوازی و داوا سیاسی و مەدەنییەکانی ئەو نەتەوانە دابەزێنێ و لەپەناشەوە لە هەوڵەکانی بۆ تواندنەوەی کولتووری و سیاسییان لە نەتەوەی سەردەستدا بەردەوام بێت.

لایەنێکی گەپچاری ئەو باسانەی لە پەراوێزی خوێندنی زمانە "قەومی" و "ناوچەیی"یەکان دروست بوون، قسەکانی بریکاری کۆمیسیۆنی پەروەردەی مەجلیسە کە ڕایگەیاندووە وڵات هیندەی یاسا و پەسندکراو لەو بارەیەوە هەیە کە ئەمەیان هیچ پێویست نەبووە! سەیر نییە کە بەڕێزیان وا دەڵێ، چونکی لە بنەڕەتدا نایهەوێ باسێکی ئەوتۆ بەو هەموو کەموکوڕییەش لەسەر زار و زمان بێت، ئەگینا دەزانێ کە جیا لە ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتی وڵات کە پاش چوار دەیە لەژێر خەڵوارێک تەپوتۆزدا کەس ئاوڕی لێ نەداوەتەوە، کەمترین بڕیار و پەسندکراو لەبارەی بایەخدان بە پەروەردە بە زمانی دایک و زمانی نەتەوەکان لەو وڵاتەدا بوونی نەبووە.

باس لە یاسا سروشتییەکانیش لە ئێران لە بنەڕەتڕا هەر دەرفەتیان نەدراوەتێ، پێچەوانە لە بری ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی یاسا سروشتییەکان نەتەوە و جۆراوجۆرییەکانی وڵات پێگەیەکی یەکسان و بەرانبەریان لە پێکهاتە و قەوارەی سیاسیی وڵاتدا هەبێ، ڕوحی قانوونەکانی وڵات پڕە لە هەڵاواردن و وەلانانی نەتەوە نافارسەکان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە.

مەسەلەکە ڕوونە: دەسەڵاتی ناوەندی کە لەسەر دوو کۆڵەکەی فارسیزم و شیعیزم دامەزراوە نەک هیچ باوەڕێکی بە سروشتی بوونی مافە نەتەوەیی و کولتوورییەکانی پێکهاتە جیاوازەکانی ئێران نییە، بەڵکوو ئەمە فرەیی بە مەترسییەک بۆ سەر خۆیانی دەزانن و بۆیەشە بەئاشکرا و بەپیلانگێڕیش شمشێریان لەدژی لە ڕوو بەستووە. سەیر ئەوەشە ئەوانەش کە لە ناوەندە زانستییەکاندا جڵەوی پرسی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانیان بە دەستە، خوێندنەوەی نازانستی و غەیرە مێتۆدیکیان بۆ پرسی مافە زمانییەکان هەیە و سیاسەتی شوێنیستیی دەسەڵات بە نیسبەت فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەکانی دیکە تیوریزە دەکەن.

ڕەهەندێکی دیکەی ئەم باسە پاڕادۆکسی گوتار و کرداری دەسەڵاتە کە لەلایەکەوە بە ناچار دان بە بوونی زمان و شوناسی نەتەوەکانی دی (جا با نەتەوەکە بە قەوم و زمانەکەشی بە ناوچەیی ناو بێنێ) دادەنێ کە لەجێدا نیشانەی بوونی بەهێزی ئەو نەتەوانەیە؛ لەلایەکی دیکە هەر ئەو نەتەوانە بەهۆی سیاسەتی شوێنسیتیی حکوومەتی ناوەندییەوە توانای دەستەبەری مافەکانیان نەبووە. هەربۆیەشە ڕەوتە سیاسییە بەهێزەکانی نەتەوەکانی ئێران، یەک لەوان جووڵانەوەی سیاسیی کورد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دینامیزم و بزوێنەرێتی و بەرگری و ویستیاریی مافە زمانی و کولتوورییەکانی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاندووە؛ لەسەر دەستەبەری ئەو مافانەیان پێداگرن.

ئێرانی ئێستا و سیاسەتی یەک نەتەوە و یەک زمان ناتوانێ ساباتێک بۆ کۆکردنەوەی فرەیی و جۆراوجۆرییەکانی ئەم جوغرافیا سیاسییە بێ. حکوومەتی ناوەندی یان دەبێ پاشەکشە لەو سیاسەت و خوێندنەوەیە بکا و ئێران ببێتە وڵاتێک بۆ هەمووان، یان ئەشێ خۆی بۆ لێکەوتەکانی ئەو هەڵاواردن و پەراوێزخستنانەی نەتەوەکانی دی ئامادە بکا. ئەوەی هەڕەشەی لەسەر مانەوەی ئێران و جوغرافیای سیاسیی ئێستاکە دروست کردووە فرەزمانی و فرەنەتەوەیی نییە، بەڵکوو سیاسەتی حکوومەتی ناوەندگرا بۆ تواندنەوەی ئەو جۆراوجۆرییانە لە نەتەوە و زمانی نەتەوەی سەردەستدایە کە سەرەڕای یەک سەدە پلان و پیلان نەیتوانیوە تێیدا سەرکەوتن وەدەست بێنێ.

# بەچالنج کێشانی کۆماری ئیسلامی لە بواری مافی مرۆڤدا

ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەراوێزی بەڕێوەچوونی دادگای خەڵکیی خەزەڵوەر (ئابان) و دادگاییکردنی جەلاد حەمید نووری سیمینارێکی بۆ ڕەحمان سەلیمی، یاساناس و ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە برد.

لە سەرەتای سیمینارەکەدا سەلاح خزرپوور، بەرپرسی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی لە چۆنیەتیی کاریگەری و شوێندانانی ئەم دادگایانە و لێکەوتەکانی بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد و ڕەخنەی لە غایببوونی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لەو دادگایانەدا کرد و ئەوەی بە کەمایەسییەکی گەورە زانی.

لە بڕگەی دیکەی سیمینارەکەدا ڕەحمان سەلیمی باسەکەی بە ئاماژەیەک بە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا دەرحەق بە گەلانی ئێران لە نێوخۆ و لە دەرەوەی وڵات کرد و تیشکی خستە سەر ئەوەی سزانەدرانی کۆماری ئیسلامی لە سۆنگەی ئەم جینایەتانەوە بووەتە هۆی بەردوامیی ئەو سیاسەتەی لە ئێستاشدا.

سەلیمی لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی بەو بەربەست و ڕێکارە یاساییانە کرد کە بۆ پەلکێشکردنی تاوانباران بۆ بەردەم دادگایەکی ڕاستەقینە و بێلایەن دەبن بە کۆسپ و لەنێو ئەواندا ئاماژەی بە بەرژەوەندی و پێوەندیی وڵاتان لەگەڵ یەکتری کرد.



ڕەحمان سەلیمی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی جیاوازی لەنێوان دادگای خەڵکی و ئەو دادگایانەدا کرد کە سەلاحییەتی جیهانییان هەیە و تیشکی خستە سەر ئەوە کە دادگا خەڵکییەکان زۆرتر سیاسین تا قەزایی و ئەو حوکمانەی کە لەو دادگایانە دەردەچن سیمبولیکن و جێبەجێ ناکرێن، بەڵام حوکمی ئەو دادگایانەی کە سەلاحییەتی جیهانییان هەیە جێبەجێ دەکرێن وەک دادگاییکردنی جەلاد حەمید نووری کە هەر بڕیارێک لەو دادگایە دەربچێ، جێبەجێ دەکرێ و تێچووی سیاسیی زۆری بۆ کۆماری ئیسلامی دەبێ.

بەڕێزیان لە درێژەدا باسی لە گرینگی ئەو دادگایانە کرد و خەڵک و هێزە سیاسییەکان و دیاسپۆرای ئەرکدار کرد بەرامبەر بە دیکۆمێنتکردنی ئەو جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی کە بەرامبەر بە گەلانی ئێران کردوونی و دەیانکا.

لە بەشی کۆتایی سیمینارەکەدا بەشداربووان سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان لەسەر تەوەری باسەکان هێنایە گۆڕێ.

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# دیپلۆمات-قاچاخچی

## (بەرکولێک لە فەرهەنگی وشەی سەیروسەمەرە)

هەر "هین"ێک بە درێژایی مێژوو گۆڕانی بەسەردا دێ و چەندین "وانێک"ی دیکەی لێدەبەنەوە. زۆرجار هەرامەیەک وەک ماکی سەرەکیی بابەتێک یان مانایەک ناو دەردەکا و دواتر "وانێک" و "هەرامە" و "هین"ی دیکەی لێ دەبنەوە.

زانستی پزیشکی ڕەنگە بۆ ئەم بابەتەی ئێمە نموونەیەکی باش بێت. جاری جاران کاتێک دەیانگوت "پزیشک"، مەبەست لە کەسێک بوو بە لێوردبوونەوە و دەواودەرمان نەخۆش چارەسەر بکا. ئەوکات زانستی پزیشکی وەک ئێستا پەرەی نەسەندبوو و لەژێر کاریگەریی زانستدا چەندان لق و پۆپی دیکەی لێ نەکەوتبۆوە. بەڵام ئێستا لە سایەی گەشەسەندن و پەرەسەندن و قووڵبوونەوەی ئەم زانستەوە، وشەی "پزیشک" بەتەنیا مانای نەماوە و ئەم زانستە ئەزموونیە بەسەر چەندین بەشی جیاوازدا دابەش بووە. پزیشکان پاش ئەوەی بەشێوەی گشتی زانستی پزیشکی لەبەر دەکەن، دواتر بە شێوەی جیا جیا دەڕۆنە سەر وانێک و هین و هەرامە و شتی دیکە. بۆ وێنە پزیشکی چاو کە کاری چاودەرهێنان و شتی لەم بابەتە دەکا، لێزەری ڕەنگاوڕەنگ و چاویلکەی سەیرو سەمەرە دروست دەکا، پێی دەگوترێ "پزیشکی چاو". پزیشکێک کە خەریکی هێسک و پرووسک و شتی وایە، پێی دەگوترێ "پزیشکی ئیسقان"، پزیشکێک کە خەریکی نەخۆشییەکانی دەمار و عەقڵە پێی دەگوترێ "پزیشکی دەروونناس"، پزیشکێک کە خەریکی نێو هەناو و بەشی نێوەوەی مرۆڤە، پێی دەگوترێ "پزیشکی هەناو"، خۆ پزیشکی جڕوجانەوەری دیکەش هەن و ئەوانیش دامپزیشک یان پزیشکی بەیتەرییان پێ دەگوترێ.

لە وڵاتی ئێران ئەم دابەشینی پیشە و شتانە تەنیا پزیشکی ناگرێتەوە و بە هەموو ئاقار و بەش و وانێک و هەرامە و هین و شتەکاندا ڕۆچووە. بۆ وێنە جۆرێک دابەشکردنی سەیروسەمەرەش لە بواری دیپلۆماسیدا هاتۆتە بەرهەم. جاری جاران و ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە وڵاتانی دیکە و تەنانەت لە وڵاتانی زۆر دیکەش واتە لە وڵاتانی دیکەی دیکەی دیکەشدا وەک ئێران نییە. دیپلۆماسی تەنیا بۆ ڕێککەوتن و دانوستان و گفتگۆ کردن و ڕێکخستنی کاروباری سیاسیی وڵات لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دوور و نیزیکە فڕی بەسەر وردەهەرامەی دیکەوە نییە، بەڵام لەم ئێرانە وا نییە.

دیپلۆماسی لە ئێران زۆر تایبەتە و لە ئێران ئەم بەشەش وەک زۆر بەشی دیکەی ئەم وڵاتە لە هی وڵاتان پێشکەوتووترە. دیپلۆماتکارانی ئێرانی ئەوەندە دەستوپێ سپیلکە نین وەک دیپلۆماتکارانی وڵاتانی دیکە تەنیا لە بواری سیاسییەوە لە مەجلیس و کۆڕ و کۆبوونەواندا دابنیشن و قسەی زل زل بکەن. دیپلۆماتکارانی ئێرانی پیاوی کردەوەن، کردەوە! ئەوان لە مەیدانی کردەوەدا زۆر کاریگەرن. پێویستە لەمەش تێبگەن ئەم ئاکارەی دیپلۆماتکارانی ئێرانی هی ئەمڕۆ و دوێکە نییە و نزیکەی نیو سەدەیە خەریکن پەرەی پێ دەدن و ڕۆژبەڕۆژ هین و هەرامە و وانێک و شتی نوێی پێوە زیاد دەکەن.

بۆ ئەوەی زیاتر بچینە نێو قووڵایی بابەتەکەوە و ئەم هینە بۆ بەردەنگان زیاتر شی بکەینەوە ئاماژە بە چەند ناوێکی نوێی دیپلۆماتکاران دەکەین کە بە خۆشییەوە ئەم پاشناوانەی بە وشەی "دیپلۆمات"ـەوە لکاون، تەنیا بۆ دیپلۆماتکاری ئێرانی باون و خەڵکی وڵاتانی دیکە لێیان بێبەرین و زۆر زەحمەتە بتوانن پێیان بگەن. لێرەدا سووکێک ئاماژە بە چەند پاشناوی باوی "دیپلۆمات" دەکەین:

١- دیپلۆمات-تیرۆریست: ئەو دیپلۆماتەیە دەتوانێ وێڕای کاری دیپلۆماتیک چەکی پێشکەوتوو لە نێو جانتاکەیدا بۆ سەرانسەر جیهان بگوازێتەوە و لە باڵیۆزخانە و کۆنسۆلخانەی وڵاتەکەی لە وڵاتانی دیکە بیداتە دەست دۆستانی ئێرانی و لوبنانی و فەلەستینی و عێراقی و جزایر و هەر شوێنێکی جیهان و تێیان بگەیەنێ چۆن زڕینگە لە بناگوێی نەیاران بهێنن. دیپلۆمات- تیرۆریست ئەگەر پێویست بێ، ڕاستەوخۆ چەکەکەی بە بناگوێی نەیاراندا دەتەقێنێ. دیپلۆمات-تیرۆریست لە ئاوێتەکردنی گفتگۆی سازەندە و تەقەکردن بە چەکی بێدەنگ کارامە و لێهاتووە.

٢- دیپلۆمات-سیخوڕ: ئەو دیپلۆماتەیە بە هەرشێوەیەک سیخوڕی دەکا و تۆڕی سیخوڕی لەو وڵاتانە دروست دەکا کە لەوێ وەک دیپلۆماتکار دانی پێدانراوە.

٣- "دیپلۆمات-دز": ئەو دیپلۆماتەیە زیاتر لە دوای دزییە و هێندێک جار لە کاتی پاڵتۆ دزیندا کاتێک خەریکە لە دەرگای فرۆشگا دەردەکەوێ "ئاژیر"ی فرۆشگاکە دەزیقێنێ و ئەویش بە داوای لێبوردنەوە پاڵتۆکە لە شوێنی خۆی دادەنێتەوە و وەک نە "با"ی پێداهاتبێ و نە "باران" قیت و قنج لە فرۆشگاکە دەردەکەوێتە دەرەوە، دواتر دەبێتە پسپۆڕی لێکدانەوەی کاروباری نێودەوڵەتی.

٤- دیلپۆمات-قاچاخچی: ئەمەیان بۆ کۆماری ئیسلامی زۆر بەوەجە. تریاک و مەوادی موخەدیر دەخاتە نێو جانتاکەی و بەرەو "کشورهای دوست و برادر"ی دەبا. دوور لە گەمارۆکانی ئەمریکا بە جانتا شەدەی دۆلار بۆ نێو ئێران دەگوازێتەوە. کەلوپەلی پێویستی بەرنامە نهێنییەکانیش هەر لەنێو جانتاکەیدا دێنێت و دەبات.

لێرەدا باسکردن لە سێ خاڵی گرنگی دیکەش زۆر پێویستە:

١- "پارێزبەندی" یان "مصونیت دیپلماتیک" کە تەنیا دیپلۆماتکارانی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو کارێکی (بیلامانێ) نارەوا کەڵکی لێوەردەگرن.

٢- ئەمەیان پسپۆڕی دیپلۆماتکارانی ئێرانییە. لە کاتێکدا باسمان لە دەستەواژەی "دیپلۆمات-تیرۆریست" و "دیپلۆمات-سیخوڕ" و "دیپلۆمات-دز" و "دیپلۆمات-قاچاخچی" کرد، بەڵام دیپلۆماتکارانی ئێران بە هۆی لێهاتووییان، هەرکامیان بە تەنیا لە یەک کاتدا دەتوانن هەموو ئەم ئەرکانە بەڕێوە ببەن و هەر دیپلۆماتکارێکی ئێرانی هاوکات دەتوانێ هەموو ئەمانە بێت.

٣- دیپلۆماتکار زۆر لە پزیشک بەهۆشترە. چونکە پزیشکان تەنیا دەتوانن فێری بوارێک یان دوو بوار بن، بەڵام دیپلۆمات یەکجێ هەموو بوارەکان فێر دەبێ.

# بزووتنەوەی کورد ڕەخنە و شیکاری



یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد ڕۆژی سێشەممە، ٢٣ی سەرماوەز، سیمینارێکی لەژێر ناوی "ڕەخنە، بەراورد و شیکاریی بزووتنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و خۆرهەڵاتی کوردستان" بۆ شاڕۆخ حەسەنزادە، بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە برد.

لەو سمینارەدا شاڕۆخ حەسەنزادە سەرەتا باسێکی لەسەر چەمکی "ئۆریەنتالیزم"(ڕۆژهەڵات ناسی" بە ڕوانینی "ئێدوارد سەعید" کرد و دواتر بە شرۆڤەیەک لەسەر جووڵانەوە سەرانسەرییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئێران لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا و بەراوردکردنی بە جووڵانەوەی سیاسیی کورد درێژە پێدا. بەڕێزیان وێڕای ئاماژەدان بە هۆکارە بنەڕەتییەکانی جووڵانەوە سەرانسەرییەکان، بەتایبەت جووڵانەوەی سەوز و جووڵانەوەکانی ساڵەکانی ١٣٩٦ و ١٣٩٨ی هەتاوی و هەروەها جیاوازیی داخوازییەکانی ناوەند و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گوتی: ئەوەی کە لە جووڵانەوەی سەوز کرا بەدژی گەندەڵی لە دەنگدانەکانی ئەوکاتی ڕێژیم بوو و خەڵک بە دروشمی "کوا دەنگەکەی من" ڕژانە سەر شەقامەکان، بەڵام بارودۆخی کوردستان جیاوازتر بوو کە دیارە ئەویش خەسارناسیی خۆی گەرەکە. دۆخی خۆرهەڵاتی کوردستان جیاوازترە بەو مانایە کە، لە کوردستان دەمێکە بزووتنەوەیەکی سیاسی خاوەنداریەتی لە شەقام دەکا و زیاتر خۆی لە وێژمانی "شاخ"دا دەبینێتەوە هەتا "شەقام". ئەگەرچی لەم نێوەدا، ساڵانێکیشە وێژمانیی خەباتی مەدەنی و جەماوەری بۆتە بابەتێکی گرنگ و لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە هەستی پێ کراوە، بەڵام لەبەر نەبوونی پلان و ستراتیژی و خوێندنەوەی ورد بۆ ئەم شێوازە لە چالاکییە، کەمتر بایەخی پێ دراوە و کاری پێ کراوە کە من پێم وایە دەکرێ لەم ماتەوزە چالاکە (وێڕای باقی شێوازەکانی دیکەی خەبات) باشترین کەڵک بە قازانجی ڕزگاری و ئازادی لێ وەربگیردرێ (هەتا ئێستاشی دەگەڵ دابێ بزووتنەوەی سیاسیی کورد زیاتر هەوڵی داوە پێوەندی دەگەڵ تاک ببەستێ نەک شەقام، بەو واتایە کە، زیاتر دەگەڵ چالاکی مەدەنی‌دایە نەک چالاکیی مەدەنی، یان تەنانەت بایەخنەدان بە سیستەمی عەشیرەیی لە باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی نیشتمان، چوونکە رایەڵکەی عەشیرەتەکان دەتوانن سەرچاوەیەکی بەهێز بن بۆ گۆڕانکاری لە بەشداریی چالاک و تەنانەت بەشداری لە هاسان بەڕێوەچوونی دەستەڵات).

شاڕوخ حەسەنزادە لە درێژەی باسەکەیدا هاتە سەر تاوتوێی دیسکۆرسی خەباتی مەدەنی و

خەسارناسیی سەرنەکەوتنی خەباتی جەماوەری دژی کۆماری ئیسلامیی هەتا ئێستا و گوتی

هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران دەکرێ لە نەبوونی ئاڵتێرناتیڤ و بڵاوکردنەوەی ترس لە کۆمەڵگەدا ببینین:

نەبوونی ئاڵتێرناتیڤ و نەبوونی سەرکردایەتییەکی بەهێز، نەبوونی پێشەوایەک، نەبوونی ئایدۆلۆژیایەک بەشێوەی ڕابردوو و؛ هەروەها ترس لە شەڕی نێوخۆیی و ماڵوێرانکەر، ترس لە بە سووریە بوون، ترس لە گرتن، ترس لە ئاوارەیی، ترسی لەدەستدان، ترس لە هەڵوەشانەوەی ئێران، ترسی لە لەدەستدانی هەوێتیی ئێرانی و ترس لە بەدەستەڵات گەیشتن و دامەزراندنی سیستەمێک کە لەمەی ئێستا خراپتر بێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەئامانج نەگەیشتنی پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکان دەزانیت.

کۆڕگێڕ تیشکی خستە سەر ئەوە کە دەستەڵاتە نادێموکراتیکەکان بە گەشە و پەرەدان بە دەروون ناسی "ترس" جۆرێک بیرۆکەی بەستراو دەخەنە نەست و ڕەوانی کۆمەڵگەی ناڕازیی و درێژە بە حکومەتی خۆیان دەدەن، بزووتنەوەکانی ئەم دواییانەی وڵاتانی عەرەبی بە وەلانان و سەرکەوتن بەسەر ئەو ترسە مێژووییە بوو کە ڕاپەڕین.

شاروخ حەسەنزادە ئەم ئاکامگیرییەی لە باسەکە کرد کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد تووشی دوو جۆر سێندرۆم بووە، یەکەم "سێندرۆمی قەڵا" و دووهەمیش "سێندرۆمی بەهار" کە ئەمەیان کۆمەڵگا تووشی بووە و هەرکام لەم دوو سێندرۆمانەی شی کردەوە، لە کۆتایی دا ئەو پێی وایە کە، لە هەر ناوچە و وڵاتێک خۆپێشاندان و جموجۆڵی مەدەنی و سیاسی و تێکۆشانی فرەڕەهەند لە دژی دەسەڵات هەبێ کۆمەڵگەیەکی زیندوو هەستی پێ دەکرێ. هەر نارەزایەتی دەربڕینێک هەرجۆرە خۆپێشاندان و مانگرتنێک، هەنگاوێکە بە ئاراستەی پێشکەوتنی ئاوەزی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە. هەتا کۆمەڵگە سیاسیتر بێ و زیاتر چاودێریی دەسەڵات بکا و زیاتر گوشار بخاتە سەر دەسەڵات و بەردەوام لەسەر هێل بێ، پێشکەوتنەکانیش خێراترن و هیوا بە گۆڕانکاری زیاترە. بە کردەوە ئەو پێناسەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبینرێ و هەست بەوە دەکرێ وزەی ڕاپەڕین و ڕابوون هەروەها ماتەوزەی سەرهەڵدان بوونی هەیە بەڵام ئەو هۆکارانەی باسمان کرد بوونەتە لەمپەڕ و قەڵغان بۆ پاسیڤ بوون و لە دەرەوەی کۆمەڵگەدا مانەوە.

دوابەشی سیمینارەکەش بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و سەرنجی بەشداران تەرخان کرابوو.

# دیپلۆماسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان


**دیمانە: «کوردستان»**

**ئاماژە: لەو ڕۆژانەدا کتێبی "دیپلۆماسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لە نووسینی ژیوار ڕەسوولی چاپ و بڵاو بۆوە.**

**عەزیز مامڵێ کە پێشەکیی بۆ ئەم کتێبە نووسیوە، دەڵێ: نەوەی ئێستا جیلێکی توێژەر و لێکۆڵەرە، کتێبی بەرچاوتان لە لاپەڕەکانی نێوخۆیدا وەدووی جوابی کۆمەڵێک پرسیار کەوتووە، مەبەستی نووسەر لە ئامادەکردنی ئەو کتێبە بەرپرچدانەوە بەو باس و خواستانەیە کە کۆڕ و کۆمەڵی کوردەواری و بەتایبەت گەنجەکانی وریا و بەشدار لە ژیانی سیاسی و مەدەنیدا، لە چوارچێوەی پرسی سەرەکیی بابەتی کتێبەکە کە بریتییە لە "دیپلۆماسی" دەیهێننە گۆڕێ. نووسەر، مێژووی سەردەمی ١٩١٧ هەتا ٢٠١٧-ی خەبات و هەوڵەکانی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی نەتەوەی کوردی لە پێش چاوی خوێنەران داناوە، هیممەت و زەحمەتێکی بەرچاوی خستۆتە سەر ملی خۆی بۆ بەبەڵگەکردنی لێدوانەکانی و بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان، کتێبێکی ئەوتۆ لە ڕاستیدا و بەکردەوە ئەشێ بە چالاکییەکی ورد و ڕژد و توێژینەوەیەکی هەڵسووڕانانە ئامادە بێت بۆ دەرخستنی ڕاستی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ئۆبژێکتیو و بەبێ دەستێوردان، بەبێ گرژەملی و بەبێ لایەنداری و لایەنگری.**

**بەڕێزیان هەروەها لە کۆتاییدا دەڵێ: خوێندنەوەی ئەو کتێبە هاسانکاری دەکا بۆ چاوخشاندن بە ڕووداوەکان، وەرگرتنی ئەزموونەکان و ڕوونکردنەوەی ئەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ چەشنە ڕێکار و ستراتیژییەک سامانە بکرێ بۆ داهاتوو. یەک شت سوورە ئەویش ئەوەیە کە دێمۆکراتیزاسیۆن لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی وەک ئێران بە بەشداری و چالاکی تەواوی نەتەوەکان دەستەبەر دەبێ. لە کوردستانیش بە لەبەرچاوگرتنی هەموو نوێنەرانی لایەنە جیاوازەکان، تەنیا لەو حاڵەتەدایە کە ئەسڵی پلۆرالیزمی سیاسی و ئێران و کوردستان وەدی دێ.**

**"کوردستان" بۆ پتر باسکردن لە نێوەرۆکی ئەم کتێبە وتووێژێکی لەگەڵ ژیوار ڕەسوولی، نووسەری "دیپلۆماسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" کردووە.**




**چی وای کرد کە کتێبێک لەسەر دیپلۆماسی ئەویش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنووسیت، ئەو بیرۆکەیە لەکوێوە هات؟**

لەڕاستیدا باسکردن لە دیپلۆماسی بۆ نەتەوەیەکی خاوەن پرسێکی سیاسی کە لەپێناویدا خەبات دەکا، یەکجار زۆر گرنگە. دەزانین هیچ نەتەوە و وڵاتێک بەتەنیا ناتوانێ هەڵسوکەوت بکا و، چاوەڕێی سەرکەوتن یان تەنانەت مانەوە بێت. بۆ نموونە تەنانەت کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکوو وڵاتێک کە لە هەموو نۆرمێکی نێودەوڵەتیش لای داوە، بەڵام بەردەوام بەدوای هاوبەشکردنی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرەیەکی جیهانیدا دەگەڕێ. بۆ ئەو کارەش کار لەسەر دۆزینەوەی دوژمنی هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی وەکوو چین یان ڕووسیە و هەندێک وڵاتی ئەمریکای لاتین دەکا. لەوەش سەرنجڕاکێشتر کۆرەی باکوورە کە لەلایەن زۆرترین وڵاتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پەراوێزخراوە، دراوسێکانی وەکوو ژاپۆن و کۆرەی باشوور گەورەترین دوژمنەکانی ئەو وڵاتەن، بەڵام ئەگەرچی بەتەواوەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتی داخراوە، کەچی لە ڕووی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی هەوڵی پەیدا کردنی پارتنەر دەدا؛ چونکە باش دەزانێ کە ناتوانێ بەتەنیا بەردەوام بێت.

جا ئەوە بۆ ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر زۆر ڕوونتر و بەرچاوتریشە، ئێمە خاوەن نزیکەی یەک سەدە خەباتی بەردەوامی سیاسی و سەربازی لەدژی داگیرکەرانین، خاوەن یەکەم حیزبی مۆدێرنی سیاسی و یەکەم کۆماری کوردستانین، لەگەڵ ئەوەش کاتی ئەوە هاتووە لە خۆمان بپرسین کە ئایا شتێک بە ناوی دیپلۆماسیمان هەبووە یان نا؟ ئەگەر هەمانبووە چ تایبەتمەندییەکی هەبووە، ئەگەریش لاوازبووە، هۆکارەکانی باس بکەین. ئەو کتێبەش تەنیا سەرەداوی وەڵامی دەیان پرسیارن کە دەبێ لە داهاتوودا توێژەران و ناوەندە ئاکادیمییەکان بەدوای وەڵامەکانیدا بگەڕێن.

**بەپێی زانستی سیاسی یان ئەزموونی ڕابردووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دیپلۆماسی لەنێوان دوو وڵاتی خاوەن سەروەری دەکرێ، پێناسەکان لە دیپلۆماسیش هەر ئەوەمان پێ دەڵێ. بەو پێیە دیپلۆماسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەکرێ پێناسە بکرێ؟**

ئەوە ڕاستە کە دیپلۆماسیی کلاسیک لەسەر بنەمای پەیوەندیی دوو وڵاتی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەکرێ، بەڵام لەلایەک پرسیار ئەوەیە کە چونکە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان کورد بەگشتی خاوەن ئاڵا و سەروەریی سیاسیی خۆی نییە، نابێ بیر لە دیپلۆماسی‌کردن بکاتەوە؟ یان ئایا بزووتنەوە بەبێ دۆزینەوەی پشتیوانی دەرەکی دەتوانێ بە ئاکام بگا یان لەسەر پێی خۆی بمێنێتەوە؟ وەڵامەکەی زۆر سادەیە، نەخێر. لەگەڵ ئەوەش دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە جۆرێکی دیکە لە دیپلۆماسی هاتووەتە ئاراوە کە بە دیپلۆماسی بێدەوڵەتەکان دەناسرێ. جا ئەوە کۆمپانیا گەورە نێودەوڵەتییەکان و براندە جیهانییەکان دەگرێتەوە کە وڵاتان یان خودی ئەو کۆمپانیایانە لە ڕێگەی دیپلۆماسی پشتیوان بۆ خۆیان دەدۆزنەوە. جگە لەوانەش ئێستا دیپلۆماسیی شەقام، دیپلۆماسیی گشتی، دیپلۆماسیی کولتووری و تەنانەت دیپلۆماسیی زانستیش قسەیان لەسەر دەکرێ کە نەتەوەیەکی وەکوو ئێمە دەتوانێ بۆ خۆناساندن بەکاریان بهێنێ.

**پرسیارێک کە دێتەپێش ئەوەیە کە جیاوازییەک لەنێوان دیپلۆماسی و لۆبیکردن هەیە، نەدەکرا جەنابت کتێبەکەت لەسەر بنەمای لۆبیکردن دانابا، بۆ ئەوەی تووشی ناکۆکیی نێوان پێناسەی دیپلۆماسی و گونجاندن لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبیتەوە؟**

پرسیارێکی گرنگە، چونکە هەندێک لەو خوێنەرە جیدی و شارەزایانەی کە کتێبەکەیان خوێندووەتەوە، هەمان پرسیاریان لێم کردووە، کە ئەوەی باسی دەکەیت، دەکرێ وەکوو لۆبیکردن سەیر بکرێ نەک دیپلۆماسی‌کردن. لەڕاستیدا پێموایە جیاکردنەوەی لۆبیکردن لە دیپلۆماسی‌کردن هەڵەیە، لۆبیکردن پەیوەندییەکی تەواوی بە دیپلۆماسییەوە هەیە، واتا هەبوون یان نەبوونی لۆبی دەرەنجامی هەبوون یان نەبوونی دیپلۆماسییەکی سەرکەوتووە. هەر لایەن و وڵاتێک بۆ ئەوەی لۆبی یان پشتیوانێک بدۆزێتەوە، دەبێ سەرەتا خۆی بەو لایەنە بناسێنێ، گفتوگۆی لەگەڵدا بکا، مەترسییە هاوبەشەکانی بۆ وێنا بکا و بەرژەوەندیی هاوبەشیش بدۆزێتەوە.

**دەکرێ بەکورتی بفەرمووی لە کتێبەکەتدا چەند قۆناغت بۆ دیپلۆماسی‌کردن یان تێڕوانینی نوخبەی سیاسی کوردی بۆ زلهێزەکان و وڵاتان دیاری کردووە؟**

دیارە نامەوێ بەر لە خوێندنەوەی کتێبەکە لەلایەن خوێنەران ناوەرۆکی کتێبەکە بەدەستەوە بدەم، بەڵام پێویستە ئەوە بوترێ کە لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا دوو ڕووداو هەبوون کە دەکرێ توێژەر بە خەسارناسی‌کردنیان قسە لەسەر سەرکەوتووبوون یان نەبوونی دیپلۆماسی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکاتەوە. سەرەتا هەبوونی دوو جەمسەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە سەردەمی شەڕی ساردە، کە هەتا کۆماری کوردستان لە مەهابادیش دەکەوێتە ئەو قۆناغەوە، دواتر بەردەوامیی ئەو شەڕە ڕێک هاوکاتە لەگەڵ بەردەوامیی بزاڤی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لێرەدا هەوڵم داوە کە سەرەتا ڕوونی بکەمەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆنی لەو دوو جەمسەرییە ڕوانیوە، دواتر ڕای خۆشم لەسەر ئەوەی کە ئایا جۆری تێڕوانینەکەی درووست بووە یان هەڵە باس کردووە. قۆناغی دووەمیش شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ١٩٧٩-یە، لەوێش دەکرێ هەڵسەنگاندنێکی جووڵەی دیپلۆماسیانەی نوخبەی سیاسی کورد بکەین. چوونکە لەڕاستیدا باشترین ژینگە بۆ دیپلۆماسی‌کردنی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەکوو کورد کاتە نائاساییەکانە، کاتێکە کە داگیرکەران لەلایەک و هاوپەیمان و نەیارە کۆنەکانی ئەو داگیرکەرە کەوتوونەتە پوزیشەنێکی دیکەوە. لەو دۆخەدایە کە نوخبەی سیاسی کورد دەتوانێ لە کێشمەکێشی نێوان ئەو دوو لایەنە خۆی بناسێنێ.

**لەو کتێبەدا ئێوە ڕەخنەتان لەوە گرتووە کە نوخبەی سیاسیی کورد نەیتوانیوە کەڵک لە شەڕی ساردی نێوان دوو جەمسەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات وەربگرێ، پرسیار ئەوەیە کە کورد ئەو ئامرازانەی لەبەردەستدا هەبوو کە بتوانێ لە پێکدادانی دوو زلهێزدا ڕۆڵ بگێڕێ؟**

دیارە دەبێ خوێنەران کتێبەکە بخوێننەوە، ئینجا باشتر لە مەبەستەکەم تێ بگەن، لەگەڵ ئەوەش بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەی جەنابتم دابێتەوە، دەبێ ئاوڕێک لە پاوەری کورد و هاوکات مامەڵەی جەمسەرەکان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان بدەینەوە. لەڕاستیدا ڕێژیمی پەهلەوی سەنگەری بەهێزی ڕۆژئاواییەکان بۆ ڕێگریکردن لە کۆمۆنیزم بوو، بەو مانایەی کە ئەمریکا ڕەواییەکی زۆری بە شا دابوو، یارمەتییەکی زۆریشی دەکرد، تەنیا بۆ ئەوەی ڕێگری لە دەسەڵاتی سۆڤییەت و کۆمۆنیزم بکا، کەواتا ئاساییە یەکەم پرسیاری خوێنەران ئەوە بێ کە ڕێژیمێک کە یارمەتیی ڕۆژئاوای لەپشتە، کەواتا دژبەرانی ئەو ڕێژیمە دەبێ خۆیان لە بەرەی ڕۆژهەڵات واتا سۆڤییەت و کۆمۆنیزمدا بدۆزنەوە. بەڵام ئەو وەڵامە زۆر سادە و ساویلکانەیە. چوونکە هیچ کات حکوومەتی پەهلەوی و بەتایبەت محەمەد ڕەزاشا پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت نەپچراندووە، بەتایبەت لە سەرەتای پەنجاکانی هەتاوی دەیان ڕێککەوتنی سیاسی و ئابووری و بگرە سەربازیشیان هەبووە. ڕاستە ڕێژیمی ئێران ڕووی لە ئەمریکا بوو، بەڵام هەرگیزیش پشتی لە سۆڤییەت نەکردووە، کە ئێمە پێمان‌وابێ دەتوانین لەو کێشمەکێشەدا کەڵک وەردەگرین. هەربۆیە بە ڕای من دەبووا نوخبەی سیاسیی کورد و بەدیاریکراوی حیزبی دیموکرات وەکوو ڕۆڵگێری سەرەکیی ئەوکات لانیکەم بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاندبا، بێلایەنی بەو مانایەی کە بەو ڕادەیە پێناسەی خۆی لەسەر بنەمای دژایەتی‌کردنی ئیمپریالیزم و بەدیاریکراوی ئەمریکا نەکردبا.

**پرسی دیپلۆماسی و لۆبیکردن بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر گرینگە، لەسەر بنەمای ئەو بەدواداچوون و خوێندنەوانەی بۆ ئەو کتێبە کردووتە، پێت‌وایە حیزبەکان و بەگشتی ڕای گشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ چ هەنگاوێک بۆ دیپلۆماسییەکی سەرکەوتووانە باوێن؟**

دیارە هەر وەکوو لە پێشەکیی و پاشەکیی کتێبەکەدا باسم کردووە، کۆی نێوەرۆکی کتێبەکە بۆ ئەوەیە کە لەگەڵ خەسارناسی‌کردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکارێکی کردەییش پێشنیار بکەین. هەر وەکوو باسمان کرد کورد تەنانەت لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانیش کە دیفاکتۆیەکی سیاسیشیان هەیە، ناتوانن بە میکانیزم و ئامرازەکانی دیپلۆماسی زانستی و کلاسیک بە ئامانجەکانیان بگەن. بەو مانایەی کە هەرێمی کوردستان نە ئابوورییەکی هێندە بەهێزی هەیە کە بتوانێ کاریگەری لەسەر وڵاتان دابنێ، نە چەکوچۆڵێکی هێندە پێشکەوتووی هەیە کە هاوسەنگییەک ڕابگرێ، هاوکات خاوەن دەنگێکی فەرمیش لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە کە بتوانێ دیپلۆماسی بەو دەنگەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بکا، جا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆخەکە خراپتریشە. نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت دەبێ بیر لە شێوازی دیکەی دیپلۆماسی‌کردن بکاتەوە، لە هەموویان گرینگتر دیپلۆماسی گشتییە. سادەترین پێناسەی دیپلۆماسیی گشتی ئەوەیە کە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی وڵاتانی خاوەن بڕیار دابنێ بۆ ئەوەی بڕیاردەرانی وڵاتەکانیان پشتیوانی لە پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن، ئەو شێوە دیپلۆماسییەش میکانیزم و شێوازی جیاوازی هەیە کە لە کتێبەکەدا باسم کردووە.

**زۆر سپاس کە کاتت بۆ ئەو دیمانەیە دانا.**

سپاس بۆ ئێوە کە بایەختان بەو مژارە دا و ئاوڕتان لەو کتێبە دایەوە.

# شکۆی گەل

ڕەسووڵ سوڵتانی



چیا مات و کەسەربار بوو
تەمی خەمی لێ دیار بوو

لە دوورەوە وەک تارمایی
دەبووە خێوی تاریکایی

دەتگوت پڕی جانەوەرە
لێی بچیتە پێشێ خەتەرە

ڕەوەز وەکوو ڕەشە دێوان
سامناکتریان دەکرد کێوان

بنار بەو لێڕەوارەوە
دربەند بەو چۆم و دارەوە

تیژ تیژ دەهات و ڕادەبرد
شێری لەترسان کڕ دەکرد

لە دوورەوە کە دەتڕوانی
هیچ نەتدەی جیلوەی جوانی

هەتا بوو بە پەنای مێران
بوو بە پەنا و لانی شێران

تا پێشمەرگەی گەییە داوێن
جا بە ئاوازی بلاوێن

ڕەنگێکی دیکەی هاتە بەر
پڕ بوو لە چیرۆکی سەنگەر

دەستی نیگارکێشی لاوان
تەمی لادا لەسەر چاوان

بە باوەڕ و پێداگری
هات پەیکەرەی خۆڕاگری

لە ناخی ئەو گابەردانە
هێنایە دەر، زۆر مەردانە

چیا سینگی هێنا پێشێ
وەکوو تابلۆی نیگارکێشێ

خۆی ڕادەنا و دەیگوت بە گوڕ
وەرنە ئامێزم کیژ و کوڕ

لەکوێ گوللە پارێز بێنێ
گابەرد ورەی لێ دەستێنێ

لە نێوچاوانی هەر بەردێ
پێمە چیرۆکی نەبەردێ

سینگی داوێن چەندی چڕە
لە باسی پێشمەرگە پڕە

کەمتیار و قەل و چەقەڵ
ڕێویی گزیکەر و دەغەڵ

هەر چرای چیا دادەگیرسێن
زەندەقیان دەچێ، دەترسێن

شکۆی گەل و نەتەوەیەک
هیوای گشت توێژ و نەوەیەک

هێمای گەشی خۆڕاگری
خۆڕاگرتر لە ئاگری

بێ منەت و بێ سکاڵا
پشتیوانی گەل و ئاڵا

چیا بۆ ناو، بۆ سەروەری
سینگی دەگا بە سەنگەری

ئەو هیوای دوارۆژی ڕوونە
هەتاوی بێ ئاوا بوونە

میللەت چاوی هیوای لێیە
لە پێشمەرگە زیاتر کێیە

تاقە سەرمایەی ژیانی
لەسەر دەستیەتی گیانی

بە گیان لە دوژمن ڕادەسێ
منەت ناکا لەسەر کەسێ

دەمرێ لە پێناو ئازادی
سەر کز ناکا بۆ بێدادی

لە کوێ هەبێ زۆری زۆردار
ئەو هێزی خۆی دەخاتە کار

لە کوێ خەڵک بکرێ برسی
ژیان بکەوێتە مەترسی

لە کوێ زوڵم خۆی ڕادەنێ
ئەو دێ سەری خۆی دادەنێ

تا نەمێنێ ئاسەواری
زوڵم و زۆر و نالەباری

تا ئەو ڕۆژەی ژیان هەیە
گەل خاوەنی پێشمەرگەیە

تا وا بەهەست بن کیژ و کوڕ
بێنە مەیدان بە تین و گوڕ

چەکی خەبات بکەنە شان
گیان دابنێن بۆ نیشتمان

خەون و خەباتی بندەستان
بۆ ڕزگارکردنی کوردستان

بە هێزی هیچ چەک و دەستێ
لە تێکۆشان ڕاناوەستێ

***

چیت بۆ بڵێم هێمای وڵات
ڕۆڵەی بەوەجی دێموکرات

هەرچەندی سەر دێنم و دەبەم
چیی وشەی جوان کۆوە دەکەم

چیی لە ناوت ڕادەمێنم
لە قامووسان وشە دێنم

بۆ وەسفێکی شیاوی تۆ بێ
شیاوی مێژوو و ناوی تۆ بێ

شیعرێکی پڕ بە باڵات بێ
بارتەقای ناو و ئاڵات بێ

شێعر چەندی خۆ دەنوێنێ
لە ئاستی تۆ دادەمێنێ

بۆیە قەڵەم شەرمەزارە
هەستم کول و کۆڵەوارە

هێشتا وەسفم کورت و دوورە
بە گەورەییت لێم ببوورە

خەجاڵەتیم بێ هۆ نییە
شێعرم لە ئاستی تۆ نییە

هەر ئەوەندەم پێ کراوە
ناوت بخەمە نێو هۆنراوە

تاکوو شێعرم بنەخشێنم
لەنێو خەڵک خۆ بنوێنم

جا کێ دەخوازێ بمێنێ
لە نێو سەران سەر هەڵێنێ

مەزن بژی و قەدر گران
بچێتە ڕیزی نەمران

داهاتوو لێی ببێ ڕازی
بۆ گەل ببێ بە شانازی

سەر دانوێنێ شاخ لەبەری
خەڵک بخۆن سوێند بە سەری

با لەملاولەولا نەڕوانێ
گیانی لەسەر دەستی دانێ

با بێ بپۆشێ ئەم بەرگە
لێرە ببێ بە پێشمەرگە

# ئاوایە ڕێگەی نیشتمان

دەرکەوە! کازیوە بە! ئەو خاکە تەنیایە
کوا شنەت لەو بەرزییە؟ ڕۆژ ڕۆژی ئاڵایە

با سەمای پیرۆزی هیوایەک بنووسرێ، چون
ڕاشەکانی ڕۆژەکانمان وەک سەما وایە

هەر لەسەر ئاور دەچێنین ناوی ڕۆژی نوێ
بۆتە نەورۆز کێڵگەمان، هی ئێمە ئاوایە

شێت بووە وەرزێک، بەفر دەدوێ و بەهاریشە
پڕ لە دوارۆژی شەقام، شێتێکی زانایە

هەر سەری هەڵدەگرێ واژەم، تا سنووری خوێن
ناسرەوێ بێدەنگ لە شەو، بەو نەزمە ڕانایە

کێشی ئاڵایە، لە بەحری جوانی نووسراوە
چاوی یارێکی کە بسکی، پەرچەمی بایە

ڕۆژی من بە! شێعری جوانیی نیشتمان، ئەوڕۆ
تا سبەینێی مەشغەڵان هەر خەونێ مەودایە

(ڕابوون ڕۆژهەڵاتی)

# لە سەنگەرێکی نوێدا بەربەرەکانیی وێژمانی دەست پێ دەکەینەوە

ڕێکخراوەی مەدەنیی کافە کتێبی ئەندێشە دوای ئەوەی لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە داخرا، بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک ڕاگەیاند کە دەزگا ئیتلاعاتییەکان بە شێوەیەکی نایاسایی، ستەمکارانە و بەر لە بڕیاری دادگا، بڕیاری داخستنی یەکجاریی کافە کتێبی ئەندێشەی پیرانشاریان داوە. لەو بەیاننامەیەدا هاتووە کە ئەوان بە ئیرادەی پتەو و لە سەنگەرێکی نوێدا بەربەرەکانیی وێژمانی دەست پێ دەکەنەوە.

**دەقی بەیاننامەکە بەو چەشنەیە:**

هاونیشتمانییانی خۆشەویست، چالاکانی سیاسی و مەدەنی، ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

وەک ئاگادارن، هێزەکانی وەزارەتی ئیتلاعات لە کۆتاییی مانگی ڕابردوودا، بە هێرشکردنە سەر ناوەندی مەدەنیی کافەکتێبی ئەندێشەی پیرانشار و دەستبەسەرکردنی سێ کەس لە هەڵسووڕاوانی ئەم ناوەندە، ڕۆژی ٢٢ی سەرماوەز بە شێوەیەکی نایاسایی ڕێگرییان لە درێژەدانی چالاکییەکانی ناوەندەکەمان کرد و دایانخست.

بیرۆکەی دامەزرانی ناوەندی مەدەنیی کافەکتێبی ئەندێشە لە دەرەنجامی ئاوڕدانەوەیەکی کریتیک و ڕەخنەگرانە لە بنەما تیۆرییەکان، فۆرماسیۆن و پێکهاتە و هەروەتر خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەزموونی ڕێکخراوە مەدەنییە سەرکەوتووەکانی کوردستان، لە ساڵی ١٣٩٥ لەدایک بوو.

ناوەندی ئەندێشە، لە سەرەتای دامەزرانییەوە وێڕای ئەوەی کە تێکۆشا بە گەڵاڵەکردن و جێبەجێکردنی کۆمەڵێک پڕۆژەی هزری و کردەکی، ببێتە سەکۆیەکی ڕووناکبیری بۆ بیرمەندان، ئاکادێمیسییەن و توێژەرانی کوردستان ، هاوکات، لە جێدا هەوڵی دا لە ڕێگەی بەربڵاوکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ شەقام، وەک ڕێکخراوەیەکی خەڵکی و جەماوەری دەوەر بگێڕێ.

ناوەندی مەدەنیی ئەندێشە، وەک ڕێکخراوەیەکی ناحکوومەتی و سەربەخۆ، لە بواری وێژمانی و دیسکۆرسیڤەوە، خۆی نەتەوەیی و دێموکڕاسیخواز پێناسە کرد و لە توێی چالاکییەکانیدا سەرەڕای داکۆکیکردن و دەروەستبوون بە داڵ و ماکە ناسینەرەکانی ناسنامە و گوتاری نەتەوەیی، هەوڵی دا بەستێنێکی گونجاو بۆ چالاکانی جووڵانەوەی ژنان، ژینگەپارێزی و هتد... پێک بێنێ. هەرچەند مخابن ناوەندی ئەندێشە، لە ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی گوشار و بەربەستە ئەمنی و ئیدارییەکانی دەوڵەت، تەنیا توانی بەشێک لەو بەرنامەیە جێبەجێ بکا کە لە نەخشەڕێگای ڕێکخراوەدا گونجێندرابوو.

**هاووڵاتیانی خۆشەویست!**

دوای هێرشی هۆڤانەی هێزەکانی وەزارەتی ئیتلاعات بۆ سەر ڕێکخراوەکەمان و دەستبەسەرکرانی سێ کەس لە بەڕێوەبەران، بەداخەوە دەبێ پێتان ڕابگەیەنین کە دەزگا ئەمنییەکان بە شێوەیەکی نایاسایی، ستەمکارانە و "بەر لە بڕیاری دادگا"، بڕیاری داخستنی یێکجاریی کافەکتێبی ئەندێشەی پیرانشاریان دەرکرد.

ئێمە وەک ڕێکخراوەی مەدەنیی کافەکتێبی ئەندێشە، هێرشی هێزەکانی وەزارەتی ئیتلاعات بۆ سەر ڕێکخراوەکەمان و هەروەتر دەکارکردنی توندوتیژی، لێدان، هەڵکێشانی چەک، هەڕەشەی گیانی و ئازاری دەروونیی سێ کەس لە بەڕێوەبەرانمان بە ناوەکانی "خەبات خەتیاڵ، جەهانگیر ساغەرنیا و میلاد هاتێف"، بە توندترین شێوە مەحکووم دەکەین و بڕیاری داخرانی ناوەندی کافەکتێبی ئەندێشە بە بڕیارێکی ئەمنی و لە "دەرەوەی یاسا" دەزانین. ئێمە تەواوی ئەو تۆمەتە بێبنەمایانە ڕەت دەکەینەوە کە بە نارەوا خراونەتە پاڵ هاوڕێیانمان و دژایەتیی هەر چەشنە بڕیارێکی داسەپاو دەکەین. ئێمە دۆزی ناوەندی ئەندێشە بە دۆزی هەموو چالاکانی ئازادیخوازی کوردستان دەزانین و لەو قۆناغەدا درووشمی "خاتو زارا محەمەدی"، مامۆستای خۆڕاگر و دەروەستی زمانی کوردی دووپات دەکەینەوە و ڕایدەگەیەنین: ئەگەر هەوڵدان بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتی و تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و مەدەنییەکانمان تاوانە، بێشک ئەوە بە تاوانێکی پیرۆز دەزانین!

شایەنی باسە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی داخرانی کافە و دەستبەسەرکرانی هاوڕێیانمان، شەپۆلێکی بەرینی پاڵپشتیکردن لە لایەن چالاکان و ڕێکخراوەکانی سەرانسەری کوردستان لە ڕاگەیێنە گشتییەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا وەڕێ کەوت. ئێمە وەک ڕێکخراوەی مەدەنیی کافەکتێبی ئەندێشە، ئەوپەڕی سپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکەین کە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بە شێوازی جۆراوجۆر لە ناوەندی ئەندێشە بەخاوەن دەرکەوتن و پاڵپشتییان لێ کردین. لە ڕاستیدا ئەم پاڵپشتییە دەری خست کە ڕێکخراوەی مەدەنیی ئەندێشە ئەگەرچی بە تەمەن ساوا بوو بەڵام بەخۆشییەوە پەیامە شوناسخوازانە و نەتەوەییەکەی لەو ماوە کەمەی چالاکییەکانیدا لە هەموو ناوچەکانی وڵات بیسرا و وەرگیرا و چالاکان ڕێکخراوەیان بە هیی خۆیان زانی.

پێ سەربەرزین کە سنووری ڕێکخراوەکەمان لە جغزی شارێکدا نەماوە و جێپەنجەی چالاکییەکانی لە دێلوڕان و لەکستانەوە تا چالدێران! دیارە.

داخست بەڵام هەرگیز بەو هێرشانە ناتوانن بیری ئازادیخوازی لە ناخماندا بکوژن و ئێستاکە تێکۆشەرانی کورد لە هەر سووچێکی ئەم نیشتمانەدا بێشکەی بیری ئازاد و ئازادیخوازی ڕادەژێنن!

لە کۆتاییدا، دڵنیایی دەدەین بە خەڵکی کوردستان کە ناحەزانی نەتەوەکەمان هەرگیز ناتوانن بە داخستنی ناوەندی ئەندێشە و سزادانی چالاکان، ئەم کاروانە مافخوازە بوەستێنن و بێگومان بە پاڵپشتیی خەڵکەکەمان و بە ئیرادەوە لە وێستگەیەکی نوێی خەباتدا و لە سەنگەرێکی نوێدا بەربەرەکانیی وێژمانی دەست پێ دەکەینەوە.

**ڕێکخراوەی مەدەنیی کافەکتێبی ئەندێشە (پیرانشار)**
**٢٥ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی**



KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:813 21 December 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

# بەرزڕاگیرانی ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب






به بەشداری سەدان کەس لە پێشمەرگە و کادرەکانی حیزب، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بە مەبەستی بەرزڕاگرتنی ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کورستان، لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سرووودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و پەخشانێک لە وەسفی «پێشمەرگە» دەستی پێ کرد و دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب لەپێوەندی لەگەڵ ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگە، لەلایەن بەڕێز «حەسەن قادرزادە»، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیسیۆنی پێشمەرگەوە پێشکەش کرا، کە دەقی پەیامەکە هەر لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا داندراوە.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا شێعری «شکۆی گەل» لە پەسنی پێشمەرگەدا لەلایەن شاعیر و نووسەر ڕەسووڵ سوڵتانی خوێندرایەوە و چەپکە گۆرانییەک لەلایەن هونەرمەند «نازی عەزیزی» پێشکەش بە بەشداربووان کرا. لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕێز لە کۆمەڵێک پێشمەرگەی بەڕابردووی حیزب گیرا کە پتر لە ٢٠، ٢٥، ٣٠، ٣٥، ٤٠ ساڵ لە تەمەنیان لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا تێپەر کردووە.







## بەر لە ماڵاوایی

# یەڵدای خواوەندی خۆر



کەریم فەرخەپوور




لە درێژترین شەوی ساڵدا کە خۆر و مانگ بە یەک دەگەن، هەر ئەو شەوەش یەڵدا لەدایک دەبێ، لەو شەوە باڵابەرزە ئەنگوستەچاوەی ئەوکاتەوە تا هەنووکە خۆرێک لە ئاسمانی یەڵدا هەر وا گەز گەز باڵا دەکا.

ئەو کاتانەی کە خۆر تین و گوڕی دەخاتە گەڕ دژی تاریکی و خواوەندی شەڕ، کاتێ هەتاو چاوی پڕ تیرێژی هەڵدەهێنێ و کۆتایی بە شەوگاری درێژترین شەوی ساڵ دێنێ، خەڵک لەبەر ئاگردانی ئەشکەوت و خانوە قوڕینەکانی ئەو سەردەم و کۆشک و تەلاری خانەدانان چاوەڕێی دیداری تیرێژ و گزینگی خۆری بەیانین. ئەو شەوە ئاشق و مەعشووق بە یەک دەگەن، لە دێر زەمانەوە لەنێو کورددا ئەم شەوە بە گێڕانەوەی حیکایەت و چیرۆکە کۆنەکان کە ئازایەتی و قارەمانەتیی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە، تێپەڕ دەکەن. دوای هەر نسکۆیەک تێهەڵچوونەوە و بەرگریکردن سەرمەشقی خەبات و خۆڕاگری شابەیتی ئەو داستانانە بوون، زۆر جاران قارەمانانی ئەو چیرۆکانە کچانی شەنگەباڵا و لاوانی مێرخاس و قارەمانانی نەتەوەکەمان بوون کە لە شۆخ و شەنگی و ئازایەتی و جوامێریدا نموونەیان دەگمەن بووە. چیرۆکەکانی وەک: مەم و زین، شیرین و فەرهاد، قەڵای دمدم و خانی لەپ زێڕین و دوازدەسوارەی مەریوان و زۆر بەسەرهات و سەربردەی تر وێردی سەر زار و زمانان بوون. هەگبەی هۆزان و هۆنراوە، لایەلایە و گۆرانی و لاوک و هۆرە و بەستە و حەیران ڕازێنەرەوەی شەوچەلەی درێژترین شەوی ساڵ بوون، لەو کاتەدا بووکی سپی پۆشی بەفر خۆی دەکا بە هەموو ماڵێکا و کۆتایی بە شەوەزەنگ و تاریکی دێنێ و هێدی هێدی خۆر وەک زاوا زێڕینە لە کەل سەر دەردێنی. بووکی سپیپۆش و خۆری زێڕین ئاوێتەی یەک دەبن و خەزانی زەرد و کلووی بەفر دەبنە ملوانکە و گەردانەی گەردنی یەڵدا و، سپێدە ئەو ڕۆژە خەڵک تۆوی هیوا دەچێنن و دوور دەڕوانن هەتا بووکەخان کراسێکی گوڵ گوڵی سەوز دەپۆشێ و سروشت جوانی بە گوڵان دەبەخشێ و هیوای دڵان وەدی دێنێ.

گەلێک زۆرن داستان و ئەفسانە، لە ئایینی مەسیحییەتدا دەڵێن لەم شەوەدا مەسیح لەدایک دەبێ، لە ئایینی میترائیدا میترای خواوەندی خۆر دێتە سەر دنیا و مەرگی ئەهریمەنیش هەر لەو شەوەدا ڕوودەدا. لە ئایینی زەردەشتدا زەرتوشت لەدایک دەبێ و ئاگر دەبێتە سیمبولی خواوەندی سروشت و جوانی. ئەمانە بەشێکیان هەر حیکایەت و ئەفسانە بوون و لە ڕۆژەژمێری مێژوودا وەک حەقیقەت تۆمار نەکراون.

بەڵام نۆ دەیە بەر لە ئێستا لە دەڤەری زەرتوشت، لە ڕۆژەژمێری ئێمەدا، لە داوێنی گۆلی ورمێ و لە باوەشی ئاگریدا، لە مەڵبەندی سەرهەڵدان لە پەنا کۆمارەکەی ئارارات‌دا، لەگەڵ تریفە مانگ و ورشەی ئەستێرەکان یەڵدا موژدەی ڕوحێکی نوێ و حەقیقەتێکی ڕوون و هەواڵی دوور لە ئەفسانە و خەیاڵی‌دا بە ئێمەی کورد. لەو کاتەدا کە لە کۆشکی شاکانەوە دەنگی ئازادی لە گەرووودا دەخنکێنرا، لە داوێنی دایکێکی ڕووسووردا، لە باوەشی ئەو یەڵدا باڵا بەرزە ئەگریجە قەترانییەدا، ئەو کاتەی کە هەموویان بە دیار دیداری ڕووناکی و گزینگی خۆری خواوەندی گەردوونەوە بوون، لە شەوی شێعر و هەڵبەست و ئەشق و ئەوین و چاوەڕوانیدا، لە کەناراوەکانی مەڵبەندی زەرتوشتی پێغەمبەردا، لەنێو ئاپۆرای جەماوەر و هەگبەی هۆزان و هۆنراوەدا، لەو کاتەدا کە هەردوو بورجی کەوان و کاژۆڵە لە یەک تێدەپەڕن، لەو کاتەی کە لاوەکان تا سپێدە ئاگر دەگرێنن، دڵدار پەیڤی ئەشق و ئەوین بە گوێی یەکدا دەچرپێنن، ئەو دەمانەی کە هۆزانڤان هۆزان دەچڕن و هەڵبەستوان هۆنراوە دەهۆننەوە، هاواری کۆرپەیەک ئاوێتەی شێعر و شەو و شەوچەلە و زەردەخەنە و پێکەنین و ئاهەنگ و مۆسیقایان دەبێ و موژدەی کۆتایی شەوگاری تار لەو دەڤەرە دەنگ دەداتەوە.

هەرچەند کڕێوە و سەهۆڵبەندان بەڕێوەیە، بەڵام هیوا هەروا بە پێوەیە، هەرچەند گەل هەر لەژێر نیری چەوسانەوەیە، بەڵام ئاڵای ئاگری هەر لە شەکانەوەیە، لەو سەردەمە هەستیارەدا منداڵێک هیوای هەستانەوەیە، ئا لێرەدا وەرزی خەزان ماڵاوایی دەکا و شەوگاری ڕەش کۆتایی دێ، هەرچەند خاتوو زەمهەریر شێوەن دەگێڕێ و ڕوومەتی دەڕنێ، بەڵام وەرزی شەختەش کۆتایی دێ.

ئێستا ئیتر بەهارە و وەرزی سەوزی جوانیی سروشت و ئاوازی ئازادی و مۆسیقای هەستانەوە و سرووودی ڕابوون و ڕاپەڕینە. ئێستا ئیتر نە بڕنۆکەی سمکۆ بێ‌خاوەنە و نە داگیرکەر ئەرخەیانە. لاوێکی کورد لە بەهاری کوردستان و لەگەڵ زایەڵەی سرووودی ”ئەی ڕەقیب“ی کۆماری کوردستاندا سەنگەری سەرهەڵدان و سەروەری هەڵدەبژێرێ. لەگەڵ ناودێرکردنی پێشمەرگە دەبێتە هاوڕێ و هەڤاڵی سەروەران و خەون بە ئازادییەوە دەبینێ. ئەو دەبێتە پێشەنگ و پێشمەرگە و دەبێتە ڕێبەر، دەبێتە کاریزما و دەبێتە چقڵی چاوی داگیرکەر، کەژ و چیا دەکاتە سەنگەر، دەبێتە نێزەی دژ بە لەمپەر، بۆ کورد دەبێتە قەڵغان و سپەر.

خامە بە دەست، چەک لە شان لە مەیداندا و لەگەڵ زانست باڵا دەکا. لە نیشتمان وەدەر دەنرێ، ئاوارەی هەندەران دەکرێ، سەرۆککۆمارەکەی لە دار دەدرێ، کۆمارەکەی ئاگر دەدرێ، بە تاوانی ئازادی تاوانبار دەکرێ بەڵام ئەو بەرگەی هەموو ئازار و ژانێ دەگرێ.

زوو بە ڕێبەر دیاری دەکرێ بەڵام سەد حەیف و مخابن لە پەنا خاچەکەی مەسیح، لە باوەشی بووکی ئورووپا لە ڕێی ئاشتیدا لە خاچ دەدرێ. سەروەر سەری هێندە بەرزە لای بورجەکەی ئیڤێل لە باوەشی پێرلاشێزدا دوور لە دایکی نیشتمان بۆ ساتێ بۆ سەرخەوێک ئارام دەگرێ.

ئەو کۆرپەیەی خاتوو یەڵدا بە ئێمەی بەخشی،کورد بوو، عەوداڵی ئازادیی وەتەن و ئازادیخواز بوو، لە دەڤەری سمکۆی شەهید و قوتابیی پێشەوای مەزن و هاوخەباتی گەلێ مێرخاس و پێنووس بەدەست و نووسەر و ڕێبەر بوو. مامۆستای گەلێ وانەی بەرەنگاری و خۆڕاگری و بەرگری بوو. ئەو ڕێبەر بوو، سەرکردە بوو، خاوەن لۆژیک و فکر و ئیدە بوو، ڕێبەری گەلێکی بندەست و خاوەن ئیمان و ئیرادە بوو. سەد حەیف و هەزار مخابن، زۆری مابوو و زوو لە دەست چوو.

لەنێو سەران سەری دیارە، بۆ ئێمە ڕێبەر و ڕێنوێن و سەردارە، ئێستا لەنێو دڵ و هزری هەموومانە، لای هەموومان بووەتە قارەمانی ئەم داستانە. لە درێژترین شەوی ساڵدا بوو بە هیوای گەلی بندەستی کورد، بوو بە دوکتۆر، بوو بە خاوەنی ”کوردستان و کورد“، ئەو پێشەنگی خەباتی گەلێکی بێ‌بەش و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، کەس هەیە نەزانێ کێ بوو؟ ئەو زاتە نەمرە شەهید دوکتورعەبدولڕەحمان قاسملوو بوو.

قاسملوو بوو، کە ناوی چووە ڕیزی نەمرانی مێژووەوە، درێژترین و تاریکترین شەوی میللەت لە سایەی وی ڕووناک بۆوە.